تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5769) دووشەممە 17ی حوزەیران 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

وەزیری دارایی عێراق دڵنیایی دەداتە موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان:

لە بودجەی ساڵی داهاتوودا پشکی هەرێمی کوردستان جێگیر دەکرێت

وەزیری دارایی عێراق، دڵنیایی دەداتە موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان لە ناردنی موچەکانیان لەلایەن بەغداوە و دەشڵێ، کار بۆ ئەوە دەکەن لە بودجەی ساڵی داهاتوودا پشکی هەرێمی کوردستان جێگیر بکرێت. د. فۆئاد حوسێن، وەزیری دارایی عێراق، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: پەیوەندیەکانی هەولێر و بەغدا، لە ئاستێکی باشدان و پێویست بە دیالۆگ و گفتوگۆی زیاتریش هەیە، بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی پرسی نەوت و بودجە و ناوچە کوردستانییەکان، کە هەولەکانیش بۆ ئەم مەبەستە بەردەوامن.

بە گوتەی دکتۆر فۆئاد، بودجەی ئەمساڵ وەک خۆی دەمێنێتەوە و گوتیشی: کار لەسەر ئەوە دەکەین لە ساڵی داهاتوودا بە هەمان شێوە لە بودجەی عێراقدا شایستە دارایییەکانی هەرێمی کوردستان بنێردرێن و چەند کۆبوونەوەیەکیش بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دراون. ناوبراو دەشڵێ: ئومێدمان هەیە ئاستی پەیوەندییەکان باشتر بێت، بە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنی هاوبەشیش، دەتوانرێت چارەسەری سەرجەم کێشە هەلپەسێردراوەکان بکرێت، کە لە دوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی عێراقیش بۆ ئەم مەبەستە دەستپێدەکەنەوە.







دوێنێ یەکشەممە، ڕێزدار مەسرور بارزانی، ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری سەردانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانیان لە پیرمام کرد و لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە پرسی پێکهێنانی کابینەی تازەی حکوومەت و کاندیدەکانی پارتی بۆ پۆستی وەزارەتەکان کۆبوونەوە.

دوای کۆبوونەوەکە لە پریسکۆنفرانسێکدا کە (خەبات) ئامادەیی تیایدا هەبوو، ڕێزدار مەسرور بارزانی، ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: بەمەبەستی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو بەشەی کە بەر پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەوێت، سەردانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانمان کرد و کۆبوونەوە و لە ڕۆژانی داهاتووشدا سەردانی لایەنە سیاسییەکانی دیکەش دەکەین.

لەلایەکی دیکەوە، مەحمود محەمەد گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پەراوێزی کۆبوونەوەی نێوان ڕێزدار مەسرور بارزانی، ڕاسپێردراو بە پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و یەکێتی بۆ چارەسەر بابەتەکانیان لێک جیاکردووەتەوە و میکانزمێک بۆ پۆستی پاریزگاری کەرکووک دیاری کراوە و بابەتەکە لەدەست سەرۆک بارزانی و کۆسڕەت ڕەسوڵ دەبێت.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی:

ناوی کاندیدەکانمان ئامادەن و لە ئاست پەیام و بەرنامەی قۆناغەکەدان

ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، پارتی ناوی کاندیدەکانی بۆ کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم ئامادە کردووە و سەرۆکی حکومەتیش زۆر جیددییە بۆ ئەوەی بە زووترین کات کابینەی نۆیەم دەستبەکار بێت.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

مەسرور بارزانی و شاندی یاوەری لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆبوونەوە

هەوڵ دەدرێت پێش وادەی دیاریکراو لیستی کابینەی تازەی حکوومەت پێشکەشی پەرلەمان بکرێت

مەحموود محەمەد: میکانیزمێک بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک دیاریکراوە

پارتی بەهۆی بەدەستهێنانی 45 کورسی ئەرکی قورستر بووە

هیوا ئەحمەد مستەفا: دۆخی کوردستان پێویستی بە یەکڕیزی و ڕێکخستنەوەی ناوماڵی کورد هەیە

هیوا ئەحمەد مستەفا، دەڵێت: دۆخی هەرێمی کوردستان پێویستی بە یەکڕیزی و ڕێکخستنەوەی ناوماڵی کورد هەیە، ئەوەش بە هەوڵی هەموو لایەک دەبێت. هەروەها دەشڵێت: پەیوەندیمان لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی باشە، بەڵام تا ئێستا حکوومەتەکەی بە باشی پێکنەهێناوە، ئێستاش حزب و لایەنی سیاسی هەن، دەتوانن گرفتی بۆ دروست بکەن، حزبە کوردستانییەکانیش، گوتاری سیاسیی هاوبەشیان نییە، هەروەها گوتیشی: ئێمە و یەکێتی دەبێت بگەینە هاوبەشی، دواتر لەگەڵ بەغدا قسە بکەین.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

دادگای لێکۆڵینەوەی کەرکووک فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ ڕاکان جبووری دەرکرد

یەکێک لە هۆکارەکانی فەرمانی دەستگیرکردنەکە، بۆ خەرجکردنی سەدان ملیۆن دینار دێت لەلایەن راکان جبووری و داروودەستەکەی بە ناوی خواردن و شتی دیکەوە. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

کاروباری پێکهێنانی حکوومەت زۆر بەباشی بەڕێوەدەچێت

بەرپرسی فەرمانگەی یاسایی پارتی ئاماژە بەوە دەکات، کاروباری پێکهێنانی حکوومەت زۆرباش بەڕێوەدەچێت و ڕێکاری پێویست بۆ گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنی لایەنەکان و پرسی پێکهێنانی حکوومەت گیراونەتە بەر. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

ئەمەریکا لەڕێگای جیاوازەوە پەیامی پشتیوانی بۆ کوردستان ناردووە

بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان باس لەپەیوەندیەکانی هەرێم بە وڵاتانی جیهان دەکات و پێی وایە کە هەنگاوی گرنگ و باش نراوە بۆ دروستکردنی و بەهێزکردنەوەی پەیوەندیەکانی کوردستان و جیهانی دەرەوە. (زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)



ڕێورسمێن کەرنەڤاڵێ حەفتێ یێ پارێزگەهبوونا دهۆکێ هاتنە گێران

ب هەلکەفتا یوبیلا زێرین وەربازبونا 50 سالا ل سەر پارێزگەهبونا دهۆکێ ل پارکێ نەوروز ب ئاماەبونا فەرهاد ئەتروشی پارێزگەرێ دهۆکێ وجێگرێن پارێزگەری و سەروک وئەندامێن جڤاتا پارێزگەهێ وچەند بەرپرسێن ئیداری و حزبی وجەماوەری و کەسایەتییێن پارێزگەهێ ڕێ ورسمێن کەرنەڤاڵێ حەفتێ یێ پارێزگەهبونا دهۆکێ هاتنە گێران. (زیاتر لە ل6-7 بخوێنەوە)

ئەمڕۆ سەرۆکوەزیرانی عێراق کاندیدی وەزارەتەکانی بەرگریی و ناوخۆ پێشکەش بە پەرلەمان دەکات

سەرچاوەیەکی سیاسیی عێراقی ڕایگەیاند، سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی ئەمڕۆ دووشەممە کاندیدی وەزارەتەکانی بەرگریی و ناوخۆ پێشکەش بە پەرلەمان دەکات دوای ئەوەی پارتە سیاسییەکان کاندیدیان بۆ ئەو پۆستانە پێشکەش بە عەبدولمەهدی نەکرد.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

لە چەند ڕۆژی داهاتوودا

گۆڕانکاری لە ئیدارەی مووسڵدا دەکرێت

بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا گۆڕانکاری لە پۆستەکانی ئیداری پارێزگای نەینەوا بکرێت و جێگری پارێزگاری مووسڵیش دەڵێ، هەر بەرپرسێک کەمتەرخەم بووبێت لە کارەکەی دوور دەخرێتەوە. (زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

هونەرمەند ئیسماعیل سابووری ماڵئاوایی کرد



(زیاتر لە ل16 بخوێنەوە)

مەسرور بارزانی و شاندی یاوەری لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆبوونەوە

مەسرور بارزانی: هەوڵدەدەین پێش وادەی دیاریکراو لیستی کابینەی تازەی حکوومەت پێشکەشی پەرلەمان بکەین

لە ڕۆژانی داهاتوودا سەردانی لایەنە سیاسییەکانی دیکەش دەکەین



خەبات- بریارکێوی
فۆتۆ: ئازاد لەشکری

دوێنێ یەکشەممە 2019/6/16 ڕێزدار مەسرور بارزانی، ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری سەردانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانیان لە پیرمام کرد و لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە پرسی پێکهێنانی کابینەی تازەی حکوومەت و کاندیدەکانی پارتی بۆ پۆستی وەزارەتەکان کۆبوونەوە.

دوای کۆبوونەوەکە لە پریسکۆنفرانسێکدا کە (خەبات) ئامادەیی تیایدا هەبوو، ڕێزدار مەسرور بارزانی، ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: بەمەبەستی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو بەشەی کە بەر پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەوێت، سەردانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانمان کرد و کۆبوونەوە و لە ڕۆژانی داهاتووشدا سەردانی لایەنە سیاسییەکانی دیکەش دەکەین.

سەبارەت بە ئامانجی سەردانەکە ڕێزدار مەسرور بارزانی گوتی: ئامانجمان ئەوەیە لەگەڵ پارتە سیاسییەکان باسی ئەو بەشانە بکەین کە لە کابینەی تازەی حکوومەت بەریان دەکەوێت. ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە بەم نزیکانە شاندەکە سەردانی شاری سلێمانی دەکات و لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان کۆدەبێتەوە. لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئاخۆ لە سەردانەکانیدا ئەو شانەی پێکهێنانی حکوومەت پۆستەکان بەسەر لایەنە سیاسییەکان دابەش دەکات یاخود داوای کاندیدی وەزارەتەکانیان لێدەکەن، مەسرور بارزانی گوتی: پێشووتر بابەتی پشکی لایەنەکان لە حکوومەت یەکلاکراوەتەوە و ئێستا داوای سیڤی وەزیرەکانیان لێ دەکەین بۆ ئەوەی بە زووترین کات و بەر لە وادەی دیاریکراودا پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانیان بکەین.

مەسرور بارزانی سەبارەت بە وادەی پێکهێنانی حکوومەت گوتی: ئێمە ماوەیەکی یاساییمان لەبەردەمە هیوادارین پێش ئەو وادەیەش بتوانین لیستی کابینەکە پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکەین بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت.

ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی:

ناوی کاندیدەکانمان ئامادەن و لە ئاست پەیام و بەرنامەی قۆناغەکەدان



ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، پارتی ناوی کاندیدەکانی بۆ کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم ئامادە کردووە و سەرۆکی حکوومەتیش زۆر جیددییە بۆ ئەوەی بە زووترین کات کابینەی نۆیەم دەستبەکار بێت.

شیرین ئامێدی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: لە ڕووی یاساییەوە دوای دەرچوونی مەرسوومی سەرۆکایەتیی هەرێم بۆ سەرۆکی حکوومەت، لە ئێستادا پارتی کەسانی شایستەی دەستنیشان کردوون، بە پێی توانا و لێهاتوویی و پسپۆڕی لە شوێنەکان دادەنرێن، بۆ ئەوەی لە خزمەتی گەل و نیشتیماندا بن. ئەو ئەندامەی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتیشی: سەرۆکی حکوومەت زۆر جیددییە بۆ ئەوەی بە زووترین کات کابینەی نۆیەم دەستبەکار بێت.

لەبارەی ئامادەکردن و تەواوبوونی سیڤیی کاندیدانی پارتی بۆ پۆستەکانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئامێدی گوتی: پارتی دیموکراتی کوردستان لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە ئامادەکاریی خۆی کردووە بۆ حکوومەت، بۆ ئەوەی لایەنەکانی تریش بتوانن نوێنەرانی خۆیان دەستنیشان بکەن. شیرین ئامێدی دەشڵێت: لەم قۆناغە سەختە، چاوی وڵاتانی ئیقلیمی و دەوڵەتان لەسەرمانە، کە ئەو کابینەیە چ گۆڕانکارییەکی تێدا دەکرێت، بۆیە ئەو کەسانەی دیاری کراون، دەبێت بتوانن ئەو پرۆژەیەی لە حکوومەت ئامادەمان کردووە و لە کاتی هەڵبژاردن پێشکەشی بە گەلەکەمانمان کردووە، بە کردەوە کاریان لەسەر بکەن و ئەو کەسانە بن کە بتوانن لە خزمەتی ئەمن و ئاسایش و گەل و نشتیماندا بن و لە ئاست ئەو پەیام و بەرنامەیەی پارتیدا بن بۆ ئەم قۆناغە.

سەفین دزەیی: سەرۆکی هەرێمی کوردستان پالپشتێکی بەهێزی مەسرور بارزانی دەبێت



گوتەبێژی کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان پالپشتییەکی بەهێزی سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکوومەت دەبێت. سەفین دزەیی، گوتەبێژی کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند، نێچیرڤان بارزانی وەک شەخس و وەک جێگری سەرۆکی پارتی و وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان «بەرپرسیارێتیی گەورەی لەسەر شانە».

هەروەها ڕایگەیاند، نێچیرڤان بارزانی پالپشتییەکی بەهێزی پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ، مەسرور بارزانی بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ناوزەد کرد. دواتر پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و کاندیدی پارتی بۆ سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان، هەڵبژارد و ڕۆژی دووشەممە 2019/6/10ش بە ئامادەبوونی سەدان سەرکردەی باڵای کوردستانیی، عێراقی و جیهانیی، سوێندی یاسایی خوارد.

دزەیی ئاماژەی بەوەش کرد، کە کوردستان قۆناغی باشی بڕیوە و ئێستاش قۆناغێکی نوێیە و «سەرکەوتن بۆ خەڵکی کوردستانە».

ڕۆژی سێشەممە 2019/6/11

ئۆمێد دەکەین لە ماوەی 10 ڕۆژدا کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکبێنین

مەحموود محەمەد: میکانیزمێک بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک دیاریکراوە



خەبات- بریارکێوی

مەحموود محەمەد گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پەراوێزی کۆبوونەوەی نێوان ڕێزدار مەسرور بارزانی، ڕاسپێردراو بە پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان کە دوێنێ یەکشەممە بەڕێوەچوو ڕایگەیاند پارتی و یەکێتی بۆ چارەسەر بابەتەکانیان لێک جیاکردووەتەوە و میکانزمێک بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک دیاری کراوە و بابەتەکە لەدەست سەرۆک بارزانی و کۆسرەت ڕەسوڵ دەبێت.

گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پریسکۆنفرانسێکدا کە (خەبات) ئامادەیی تیایدا هەبوو سەبارەت بە گفتوگۆکانی نێوان پارتی و یەکێتی سەبارەت بە پرسی پۆستی پارێزگای کەرکووک ڕایگەیاند: هەموو بابەتەکان لێک جیاکراونەتەوە و دانانی پارێزگار پەیوەندی بە پێکهێنانی حکوومەتەوە نییە، ئاسایی کردنەوەی دۆخی کەرکووک و دانانی پارێزگارێک بۆ شارەکە لەدەست سەرۆک مەسعود بارزانی و کاک کۆسرەت دەبێت. مەحموود محەمەد ڕاشیگەیاند: لە کۆبوونەوەی دوێنێ یەکشەممەی ڕێزدار مەسرور بارزانی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پارتی گفتوگۆ لەبارەی دانوستانەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کراوە و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا مەسرور بارزانی لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان و لایەنەکانی دیکەی کە بەشداری لە حکوومەت دەکەن کۆدەبێتەوە.

گوتیشی: ئومێد دەکەین لە ماوەی 10 ڕۆژدا کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکبێنین.

بەرپرسی فەرمانگەی یاسایی پارتی:

کاروباری پێکهێنانی حکوومەت زۆر بەباشی بەڕێوەدەچێت

ڕێکاری پێویست بۆ گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنی لایەنەکان و پرسی پێکهێنانی حکوومەت گیراونەتە بەر

بەرپرسی فەرمانگەی یاسایی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات، کاروباری پێکهێنانی حکوومەت زۆرباش بەڕێوەدەچێت و ڕێکاری پێویست بۆ گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنی لایەنەکان و پرسی پێکهێنانی حکوومەت گیراونەتە بەر.

بەختیار حەیدەر، بەرپرسی فەرمانگەی یاسایی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند: مەسرور بارزانی لە یەکەم وێستگەی سەردانەکەی، هاتە مەکتەبی سیاسیی پارتی، بەو پێیەی پارتی یەکەم حزبە و ژمارەی یەکەمی کورسیی پەرلەمانی هەیە، دواتر سەردانی لایەنەکان دەکات. ڕوونیشی کردەوە کە مەبەست لەو سەردانانە، وەرگرتنی سیڤیی وەزیرەکانە بۆ ئەوەی حکوومەت ناوەکان ڕەوانەی پەرلەمان بکات.

گوتیشی: مەسرور بارزانی گفتوگۆ لەگەڵ ئەو لایەنانە دەکات کە ڕێککەوتوون لەسەر بەشداری لە حکوومەت، دوای ئەوە کۆبوونەوەی دیکە دەکرێت بۆ پەسەندکردنی ناوەکان، واتە مەسرور بارزانی دووجار لەماوەی پێکهێنانی حکوومەتدا کۆبوونەوە دەکات، یەکەم بۆ وەرگرتنی سیڤی و دووەمیش بۆ پەسەندکردنی. بەختیار حەیدەر جەختی لەوە کردەوە کە لەناو پارتیدا سیڤی پێشکەش کراوە و سەرۆک بارزانی و مەکتەبی سیاسی لەم بابەتەدا خاوەنی بڕیارن. دووپاتیشی کردەوە: تائێستا کاروباری پێکهێنانی حکوومەت زۆر باش بەڕێوەدەچێت.



وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

ئەڵمانیا وەک هاوبەشێکی جێی متمانە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراقدا دەمێنێتەوە

بە بۆنەی دەستبەکاربوونییەوە بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە نامەیەکدا بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، بەڕێز هایکۆ ماس وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا، پیرۆزبایی لە بەڕێزیان کرد.

لە نامەکەیدا بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، بەڕێز وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا نووسیویەتی:

زۆر بەڕێز جەنابی سەرۆک، بە ناوی حکوومەتی فیدراڵی ئەڵمانیاوە، گەرمترین پیرۆزباییتان لێدەکەم بەبۆنەی هەڵبژاردنتانەوە بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان. هەڵبژاردنتان و پێکهێنانی حکوومەتێکی نوێ، دوو مەرجی گرنگن بۆ قوولکردنەوەی هەماهەنگی و پێکەوەکارکردنی نێوان هەولێر و بەغدا، بەتایبەتی لە بواری ئاسایشدا، هەروەها بۆ زاڵبوون بەسەر تەحەدییە هەنووکەییەکانی هەرێمی کوردستاندا.

بەڕێز هایکۆ ماس، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا لە کۆتاییی نامەکەیدا بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، جەختی لە بەردەوامیی پشتگیریی ئەڵمانیا بۆ هەرێمی کوردستان کردووتەوە و نووسیویەتی:

دڵنیاتان دەکەمەوە کە ئەڵمانیا لە داهاتووشدا وەک هاوبەشێکی جێی متمانەی لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق و کۆماری عێراقدا دەمێنێتەوە. هیوای سەرکەوتنان بۆ دەخوازم لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانتاندا.



ئەمینداری گشتیی کۆمکاری عەرەبی پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات

لە پەیامێکی پیرۆزباییدا بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز ئەحمەد ئەبولغێت ئەمینداری گشتیی کۆمکاری عەرەبی پیرۆزبایی لە بەڕێزیان دەکات و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازێت لە ئەرکی نوێیدا. ئەمە دەقی پەیامەکەیە:

جەنابی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق
سلاوێکی گەرم،

خۆشحاڵم کە پیرۆزبایی زۆری خۆمتان پێڕابگەیەنم بە بۆنەی هەڵبژاردنتانەوە بە سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق، هیوای سەرکەوتنتان لەم ئەرکە نوێیەدا بۆ دەخوازم.

متمانەی تەواوم هەیە کە بەڕێزتان هەموو توانایەکتان دەخەنە گەڕ بۆ بەرزڕاگرتن و بووژانەوەی عێراق کە بە تەبایی نێوان سەرجەم پێکهاتەکانی و پێکەوەکارکردنیان لەپێناو پاراستن و پتەوکردنی سەقامگیری و گەشەسەندن لە هەموو بوارەکاندا، بەدیدەهێنرێت.

ئەم بۆنەیە بە دەرفەت دەزانم تا پەرۆشیی کۆمکاری عەرەبیتان بۆ دەربڕم بۆ بەردەوامیدان بە پەیوەندی و هاوکاریکردن لەگەڵتاندا، بۆ هەر شتێک کە مایەی خۆشگوزەرانیی هاوواڵتیانی عێراق بێت لە سەرانسەری وڵاتدا و لە هەموو بوار و لایەنێکەوە. ئەوپەڕی ڕێزمان قبووڵ بفەرموون.

ئەحمەد ئەبولغێت
سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی

پەیامی پیرۆزبایی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دیموکرات لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان

لێپرسراوی گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە دووتوێی پەیامێکدا پیرۆزبایی حیزبی دیموکراتی گەیاندە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی تازەهەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستانی عێراق. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێز/ جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی
سلاوێکی گەرم

لەم کاتەدا کە خەباتی کورد لە هەموو بەشەکاندا بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی بە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێپەڕ دەبێ، هەڵبژاردنی بەڕێزتان لە لایەن پەرلەمانەوە وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێ سپاردنی ئەرکێکی قورسە، بەڵام ئێمە پێمان وایە کە بە کەڵکوەرگرتن لەو ئەزموونە بەرچاوەی کە لە ماوەی سااڵنی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێم وەسەرپەرشتیکردنی ئەو، هەستکردن بەو بەرپرسیارێتییە گرنگ ومێژووییەی دەکەوێتە سەرشانتان لە ڕاستای جووڵانەوەی کورد بەگشتی، هەموو توانای خۆتان بەکار دێنن.

ئێمە بەم هەڵبژاردنە بەجێپەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان خۆشحاڵین و بەم بۆنەوە لەاڵیەن خۆم و تێکڕای ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پر بەدڵ پیرۆزباییتان لێ دەکەین و ئاواتمان سەرکەوتنتانە.

لەگەڵ ڕێزی دووبارە

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - لێپرسراوی گشتی
مستەفا هیجری
8ی جۆزەردانی 1398ی هەتاوی
29ی مەی 2019ی زایینی

بەریتانیا پابەندە بە هەرێمی کوردستانێکی سەقامگیر و خۆشگوزەران

وەزیری دەوڵەتی بەریتانی بۆ کاروباری ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا ڕایگەیاندووە، وڵاتەکەی پابەندە بە هەرێمی کوردستانێکی «سەقامگیر و خۆشگوزەران»

ئەو وەزیرەی بەریتانیا هەروەها ڕایگەیاندووە، «خۆشحاڵبووم بە قسەکردنم لەگەڵ سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی و کۆمەاڵیەتیی (تویتەر) پەیامێکی بااڵو کردووەتەوە.

ئەندریو موریسن ڕایگەیاندووە، وڵاتەکەی پابەندە بە هەرێمی کوردستانێکی «سەقامگیر و خۆشگوزەران»

خۆشحاڵیشم بە هەڵبژاردنی مەسرور بارزانی وەکو سەرۆکی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان».

ئەندرو موریسن هیوای خواستووە حکوومەتی وڵاتەکەی و هەرێمی کوردستان پێکەوە کار بکەن بۆ پەرەپێدان بە ئازادییە ئاینییەکان و بەرزکردنەوەی ڕێژەی ئافرەت لە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

پارتی بەهۆی بەدەستهێنانی 45 کورسی ئەرکی قورستر بووە

هیوا ئەحمەد مستەفا: دۆخی کوردستان پێویستی بە یەکڕیزی و ڕێکخستنەوەی ناومااڵی کورد هەیە

دەبێ بڕیارەکەی بەغدا لە دژی ئەوانەی پشتگیریان لە ریفراندۆم کردووە هەڵبوەشێتەوە



هیوا ئەحمەد مستەفا، دەڵێت: دۆخی هەرێمی کوردستان پێویستی بە یەکڕیزی و ڕێکخستنەوەی ناومااڵی کورد هەیە، ئەوەش بە هەوڵی هەموو لایەک دەبێت. هەروەها دەشڵێت: پەیوەندییان لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی باشە، بەاڵم تا ئێستا حکوومەتەکەی بە باشی پێکنەهێناوە، ئێستاش حزب و لایەنی سیاسی هەن، دەتوانن گرفتی بۆ دروست بکەن، حزبە کوردستانییەکانیش، گوتاری سیاسیی هاوبەشیان نییە، هەروەها گوتیشی: ئێمە و یەکێتی دەبێت بگەینە هاوبەشی، دواتر لەگەڵ بەغدا قسە بکەین.

هیوا ئەحمەد مستەفا، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ ماڵپەڕی پارتی سەبارەت بە پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا، ڕایگەیاندووە: پەیوەندییان لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی باشە، بەاڵم تا ئێستا حکوومەتەکەی بە باشی پێکنەهێناوە، ڕاستە سەرۆکوەزیرانە، بەس هەموو شتێک نییە، تا ئێستاش حزب و لایەنی سیاسی هەن، دەتوانن گرفتی بۆ دروستبکەن، جگە لەوەش، خۆمان، وەک حزبە کوردستانییەکان، گوتاری سیاسی هاوبەشمان نییە، بۆ نموونە، ئێمە و یەکێتی بۆچوونمان لەسەر ئەو ناوچانە وەک یەک نییە، ئێمە و یەکێتی دەبێت بگەینە هاوبەشی، دواتر لەگەڵ بەغدا قسە بکەین، ئێمە پێمانوایە کەرکووک داگیرکراوە و لە حاڵەتی سروشتیی خۆیدا نییە، دەبێت دامودەزگای حکوومی وەک ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگە و بارەگای ئێمە بگەڕێنەوە بۆ ئەوێ و خانووی داگیرکراوان، بدرێتەوە.

هیوا ئەحمەد مستەفا، سەبارەت بە ئەرک و بەرپرسیارێتی پارتی لە دوای پرۆسەی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان، گوتیشیەتی: ئێمە وەک پارتی بە بەدەستهێنانی ئەو 45 کورسییە، ئەرکمان قورس بووە، خەڵک چاوی لە پارتییە، هەرچەندە پارتی چاوی لەوە بووە دەنگی زیاتر بهێنێت، دەشمانەوێت لەگەڵ پارتی و دەبێت لە ماوەی دیاریکراودا حکوومەت پێک بێنێت، دوایی حکوومەت دەکەوێتە سەرپێی خۆی، دەمانەوێت پەرە بە کەرتی ئابووری بدەین، سێکتەری کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری لە بەرنامەی پارتیدایە و گرنگی پێدەدرێت. پارتی لە داهاتوودا گرنگی بە پرسی بێکاری و پەروەردە دەدات و بۆ یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە کار دەکەین و پەیوەندییان لەگەڵ عێراق باش دەکەین و لەگەڵ تورکیا و ئێران پەیوەندییان باشە، لە ناوخۆی کوردستانیشدا ڕەنگە پەیامی خۆمان ڕاستگۆ بین و لە دژی گەندەاڵیی، دەمانەوێت حکوومەتی هاوواڵتی پێکبێت و هەوڵبدرێت سوود لە کەموکوڕتییەکان وەربگیرێت، کە ئەوەش بە تەنیا بە پارتی ناکرێت، دەبێت هاوواڵتیان لەگەڵمان بەشدار بن، سێکتەرەکانی دیکەش بەشدار بن بۆ ئەوەی پێکەوە بتوانین کوردستان سەربخەین.

سەبارەت ماوەی پێکهێنانی حکوومەت و کارنامەی حکوومەتی نوێ، ئەو ئەندامەی سەرکردایەتیی پارتی گوتی: بەڕێز، کاک مەسرور بارزانی، کاندیدی سەرۆکی حکوومەتە لەاڵیەن دوای ئەوە حزبەکان زیاتر کۆببنەوە و چاوەڕوان دەکرێت لەنێوان حزبەکاندا چەند دانیشتنێک بکرێت، بۆ ئەمە ئەوەی دەیکات گرنگە و دەستخۆشییە و پێشنیار دەکەم بۆ سەرۆک بارزانی سەرجەم لایەنەکان کۆ بکاتەوە.

هیوا ئەحمەد سەبارەت بە هەندێ بڕیاری بەغدا لە دژی ئەو کادیر و کەسایەتییانەی پشتگیری ریفراندۆمیان کرد، گوتی: یەکێک لە گفتوگۆکانمان لەگەڵ بەغدا ئەوە دەبێت کە بڕیاری بەغدا لە دژی ئەوانەی دەنگیان بە ریفراندۆم داوە، هەڵبوەشێنرێتەوە، چونکە فەرمانی گرتنی تێدایە، دەیان کادیری ئێمە لەسەر ئەوە فەرمانی گرتنیان هەیە، بۆیە دەبێت ئەم پرسانە ئاسایی ببێتەوە و دواتر بگەڕێینەوە، برادەرانی یەکێتی دەڵێن با پارێزگار دیاری بکرێت بۆ کەرکووک گرفتەکان خۆیان چارەسەر دەبن، ئێمەش پێمانوایە دۆخی کەرکووک بەمشێوەیە ئاستەمە و دەشکرێت ئەو بڕیارە هەڵبوەشێنرێتەوە، چونکە بڕیارەکە سیاسییە و بە بڕیاری سیاسی ئەوە هەڵدەوەشێنرێتەوە.

عەبدولبەست سەیدا: کوردستانیان هیوای زۆریان بە نێچیرڤان و مەسرور بارزانی هەیە

هەردووکیان دەتوانن سەنگ و پێگەی کوردستان لە جیهاندا بەهێزتر بکەن



سەرۆکی پێشووی ئیئتیلافی نیشتیمانی و ئۆپۆزسیۆنی سووریا ڕایدەگەیەنێت، ئێستا هەموو گەلی کورد لە پارچەکانی دیکە هیوای زۆریان بە دەسەاڵتی سیاسیی کورد لە باشووری کوردستان هەیە و دەشڵێ، نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی، دەتوانن سەنگ و پێگەی کوردستان لە جیهاندا بەهێزتر بکەن.

عەبدولباست سەیدا، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ئێستا کوردستانیانی هەر چوار پارچەی کوردستان هیوا و ئومێدی زۆریان بە نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی هەیە، چونکە دەزانن بە هەموو شێوەیەک پاڵپشت و داکۆکیکاری دۆزی ڕەوای کورد و مافەکانی کوردستانیان دەبن لە هەموو شوێنێکی دنیادا.

دەشڵێ: خەڵک متمانەیان بە نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی هەیە، چونکە دەزانن لە ڕێگای سەرۆک بارزانی لانادەن، کوردستانیانیش هۆشیارن و باش دەزانن سەرۆک بارزانی بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان تێکۆشاوە لە پێناو گەیشتن بە سەربەخۆیی.

لەبارەی ڕۆژئاوای کوردستانیشەوە، سەرۆکی پێشووی ئیئتیلافی نشتیمانی و ئۆپۆزسیۆنی سووریا ئاماژەی دا: وەک چۆن سەرۆک بارزانی لە یەکگرتنی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و ڕەوانەکردنی هێز بۆ کۆبانی ڕۆڵی مەزن و مێژوویی گێڕا، دڵنیاین کە نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانیش هەمان ڕێچکەی سەرۆک بارزانی دەگرنە بەر.

فەلاح مستەفا: ئەمەریکا لە ڕێگای جیاوازە پەیامی پشتیوانی بۆ کوردستان ناردووە



بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان باس لەپەیوەندییەکانی هەرێم بە وڵاتانی جیهان دەکات و پێی وایە کە هەنگاوی گرنگ و باش نراوە بۆ دروستکردنی و بەهێزکردنەوەی پەیوەندییەکانی کوردستان و جیهانی دەرەوە. فەلاح مستەفا، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند، هەرێمی کوردستان توانیویەتی پێگەی خۆی دیاری بکات لەناوچەیەکی پڕ لەکێشە و ناسەقامگیر بژیە

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەخۆشحاڵیەوە پێشوازیان لەو کابینەکرد بۆپتەوکردنی سەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

فەلاح مستەفا هەروەها ڕایگەیاند، پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو قۆناغەی ئێستا «دەستپێکی قۆناغی تازەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا و لەگەل کۆمەڵگای نێودەوڵەتی». بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ئاماژەی بە پیرۆزبایی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا و یەکەم سەردانی ماسیۆ تووڵەر، باڵیۆزی نوێی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستان و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی کرد و ڕایگەیاند، ئەمەریکا لەئاستی جیاواز پابەندبوونی خۆی بەهاوبەشی لەگەڵ کوردستان دەربڕیووە و جەختی لە پشتیوانی بۆ کوردستان کردووەتەوە.

ئەمڕۆ سەرۆکوەزیرانی عێراق کاندیدی وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆ پێشکەش بە پەرلەمان دەکات



سەرچاوەیەکی سیاسیی عێراقی ڕایگەیاند، سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی ئەمڕۆ دووشەمە کاندیدی وەزارەتەکانی بەرگریی و ناوخۆ پێشکەش بە پەرلەمان دەکات دوای ئەوەی پارتە سیاسییەکان کاندیدیان بۆ ئەو پۆستانە پێشکەش بە عەبدولمەهدی نەکرد.

سەرچاوەیەک لە هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا (کە خاوەنی26 کورسییە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق) ڕایگەیاند، سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق، فەریقی یەکەم عوسمان غانمی کاندیدی عادل عەبدولمەهدییە بۆ وەزیری بەرگریی. سەرچاوەکە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، ڕاشیگەیاند "فەریق موفەق جەنابی کە بریکاری وەزارەتی ناوخۆیە بۆ کاروباری پۆلیس، کاندیدی سەرۆکوەزیرانی عێراقە بۆ وەزیری ناوخۆ".

جێی باسە ڕۆژی 25ی تشرینی یەکەمی ڕابردوو، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق متمانەی بە 14 وەزیری لە کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی دا. وێڕای تێبەڕبوونی زیاتر لە شەش مانگ بەسەر پێکهێنانی حکوومەت، تاوەکو ئێستا پۆستی وەزارەتەکانی بەرگریی و ناوخۆ و داد یەکلایی نەکراونەتەوە.

لای خۆیەوە سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد حەلبووسی ڕایگەیاند، دانیشتنەکانی داهاتووی پەرلەمان تایبەت دەبێت بە تەواوکردنی پێکهاتەی حکوومەت و کۆتاییهێنان بە پڕکردنەوەی ئەو پۆستانەی بە وەکالەت بەڕێوەدەبرێن. حەلبووسی لە بەیاننامەیەکدا ڕوونی کردووەتەوە، بەرنامەی کاری دانیشتنی داهاتووی ئەنجوومەنی نوێنەران تایبەت دەبێت بە پڕکردنەوەی ئەو پۆستە وەزارییانەی کە بە وەکالەت بەڕێوەدەبرێن. بەهۆی ناڕەزای کوتلە سیاسییەکان لەسەر پڕکردنەوەی پۆستە وەزارەییەکان لە سەرووبانەوە هاوپەیمانی سائیرون بە سەرکردایەتی موقتەدا سەدر لەسەر کاندیدکردنی فالح فەیاز بۆ وەزارەتی ناوخۆ و فەیسەل جەربا بۆ وەزارەتی بەرگریی، پۆستە بەتاڵەکانی حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی پڕ نەکرانەوە.

کۆبوونەوەی پێشمەرگە و هاوپەیمانان بەڕێوەچوو



لەڕاگەیاندراوێکدا وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، دوێنێ یەکشەممە 2019/6/16 بەسەرپەرشتی بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە ئامادەکاری بۆ کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای وەزارەت لەبارەی چاکسازییەوە بەڕێوەچوو.

وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان دەشڵێت لە دیوانی وەزارەتی پێشمەرگە، بە سەرپەرشتی سەربەست لەزگین بریکاری وەزارەت و ژمارەیەک لەبەرپرسانی دیکەی وەزارەتی پێشمەرگە و نوێنەری هاوپەیمانان و ئەندامانی بۆردی چاکسازی، کۆبونەوەی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی کۆبونەوەی لیژنەی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ بۆردی چاکسازی بەڕێوەچوو.

ڕاشیدەگەیەنن لەو کۆبوونەوەیەدا، بڕیاردرا لە ڕۆژانی داهاتوو کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ بۆردی چاکسازی بە ئامادەبوونی هاوپەیمانان بەڕێوەبچێت و تێیدا باس لە هەنگاوەکانی پڕۆسەی چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگە بکەن.

دادگای لێکۆڵینەوەی کەرکووک فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ ڕاکان جبووری دەرکرد

لەلایەن دادگای لێکۆڵینەوەی کەرکووکەوە فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ڕاکان جبووری، پاریزگاری سەپێندراوی شارەکە دەرکرا. بەپێی زانیارییەکان، لە ڕۆژی چوارشەممەی هەفتەی ڕابردووەوە دادگای لێکۆڵینەوەی کەرکووک فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ ڕاکان جبووری، پاریزگاری سەپێندراوی کەرکووک دەرکردووە. یەکێک لە هۆکارەکانی فەرمانی دەستگیرکردنەکە، بۆ خەرجکردنی سەدان ملیۆن دینار دێت لەلایەن ڕاکان جبووری و داروودەستەکەی بە ناوی خواردن و شتی دیکەوە. هەر لەمبارەیەوە شاخەوان عەبدولا، ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر پشکی کەرکووک، بە خەباتی ڕاگەیاند: فەرمانی دەستگیرکردنی ڕاکان جبووری بۆ چوار ڕۆژ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، فەرمانەکەش لەلایەن دادگای کەرکووکەوەیە. ڕوونیشی کردەوە، فەرمانەکە لەسەر دۆسیەی گەندەڵییە و "جیا لەوەش کۆمەڵێک مەلەفی دیکەی لەسەرە و دەکرێ بە چەند ماددەیەک لەلایەن دادگاوە سزا بدرێت".

محەمەد حەلبوسی بە سەرۆکی هاوپەیمانییەتی هێزەکانی عێراق هەڵبژێردرا

سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد حەلبوسی بە سەرۆکی هاوپەیمانییەتی هێزەکانی عێراق هەڵبژێردرا.

هاوپەیمانییەتی هێزەکانی عێراق کە ژمارەیەک لە لایەنەکانی سوننە لەخۆدەگرێت ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیادا ئاماژەی بەوەداوە کە لە میانی کۆبوونەوەیەکیاندا بە کۆی دەنگ محەمەد حەلبوسی بە سەرۆکی هاوپەیمانییەتەکە هەڵبژێردراوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە "فەلاح زێدان بە سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانییەتی هێزەکانی عێراق لە ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵبژێردراوە". زاندراوە کە 40 ئەندامی هاوپەیمانییەتی هێزەکانی عێراق لە کۆبوونەوەکەدا، ئامادەبوون.

پێشتر لایەنەکانی سوننە هاوپەیمانییەتییەکیان لەژێر ناوی "میحوەری نیشتمانی" بەسەرۆکایەتی خەمیس خینجەر پێکهێنابوو کە گەورەترین فراکسیۆنی سوننە بوو لە ئەنجوومەنی نوێنەران بەو پێیەی لە کۆی329 کورسی خاوەن 50 کورسی بوو. بەڵام لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ڕابردووداً، ناکۆکی کەوتە نێوان لایەنەکانی نێو هاوپەیمانییەتی "میحوەری نیشتمانی" کە بە هێزەوە بەسەر دووبەرەدا دابەش بوو کە ئەوانیش هاوپەیمانییەتی "هێزەکانی عێراق" و "میحوەری نیشتمانی"ین. جێی باسە بەپێی تەوافوقی نێوان لایەنە سیاسییەکان لە عێراق پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوینەران پشکی سوننەیە و پۆستی سەرکۆمار پشکی کورد و پۆستی سەرۆکوەزیرانیش پشکی شیعەیە.

سەزایی تەمەللی: بژاردەی ئێمە لە هەڵبژاردنەکەی ئیستانبوڵدا ڕوونە



هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە، سەزایی تەمەللی ڕایگەیاند، بژاردەی ئێمە لە 23ی حوزەیراندا ڕوونە، بژاردەی دەنگدەرانمان ڕوونە. بژاردەکەمان لەسەر سندوقی دەنگدان ڕەنگدەداتەوە. بژاردەکەمان لە 31ی ئادار زۆر بەهێزتر لەسەر سندوقەکانی دەنگدان ڕەنگدەداتەوە. سەزایی تەمەللی لە میانی کۆبونەوەی لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا لە تەقسیم هێڵ هۆتێل، گوتارێکی پێشکەش کرد و ئاماژەی بەوە کرد کە دەخوازن تا هەڵبژاردنی 23ی حوزەیران لەگەڵ ڕاگەیاندنەکاندا کۆبنەوە و باسی لەوە کرد کە ماوەیەکی زۆر کەم ماوە بۆ هەڵبژاردن، بەڵام هێشتا مشتومڕەکان لەبارەی هەڵبژاردنەکان دڕێژەی هەیە و بەتایبەتی ئەو مشتومڕانە لەسەر هەدەپە دەکرێت. هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هەڵبژاردنەکەی 23ی حوزەیران بە خەباتی دیموکراسی دەبینێ و گوتی: بەو شێوەیە ڕێکخراوین، بەو شێوەیەش دەچینە سەر سندوقەکانی دەنگدان. بژاردەی ئێمە لە 23ی حوزەیراندا ڕوونە، بژاردەی دەنگدەرانمان ڕوونە. بژاردەکەمان لەسەر سندوقی دەنگدان ڕەنگدەداتەوە. بژاردەکەمان لە 31ی ئادار زۆر بەهێزتر لەسەر سندوقەکانی دەنگدان ڕەنگدەداتەوە.



موگادیشۆ.. تەقینەوەی ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو لەنزیک باڵەخانەی پەرلەمانی سۆماڵ، کوژرانی پێنج کەسی لێکەوتەوە

لە چەند ڕۆژی داهاتوودا گۆڕانکاری لە ئیدارەی مووسڵدا دەکرێت

جێگری پارێزگاری مووسڵ: هەر بەرپرسێک کەمتەرخەم بووبێت لە کارەکەی دوور دەخرێتەوە

بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا گۆڕانکاری لە پۆستەکانی ئیداری پارێزگای نەینەوا بکرێت و جێگری پارێزگاری مووسڵیش دەڵێ، هەر بەرپرسێک کەمتەرخەم بووبێت لە کارەکەی دوور دەخرێتەوە. سیروان ڕۆژبەیانی، جێگری پارێزگاری مووسڵ، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند: لەگەڵ هەڵبژاردنی ئیدارەی نوێی پارێزگای نەینەوا، بڕیارە گۆڕانکاری لە فەرمانگەکانی حکوومەتی خۆجێیی مووسڵدا بکرێت و هەموو بەڕێوەبەر و بەرپرسانی یەکەی ئیداری، ئەوانەی ماوەیەکی زۆرە لە پۆستەکانیان بەردەوامن، دەگۆڕێن و کەسانی نوێ جێبیان دەگرنەوە. جێگری پارێزگاری نەینەوا دەشڵێت: لە ماوەیەکی نزیکدا دەست بە گۆڕانکاری دەکرێت، بێگومان گۆڕانکارییەکە ئەو بەرپرسانەش دەگرێتەوە کە لە ئەرکەکانیاندا کەمتەرخەم بوونە.

گرژییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا بەردەوامیی هەیە

سەرۆکی پەرلەمانی ئێران: پێشهاتە گوماناوییەکانی دەریای عومان تەواوکاری سزا ئابووریيەکانە

جێنشینی سعودیە: یەک بژاردە لە بەردەم ئێراندا هەیە، یان ئەوەتا دەبێت وەک هەر وڵاتێک ڕۆڵ لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییدا بگێڕێت یان ئەوەتا وەک وڵاتێکی گومڕا دەمێنێتەوە

باڵیۆزی بەریتانیا لە تاران: بۆ کۆبوونەوە سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئێرانم کردووە نەک بانگهێشتکرابم



وەزیری دەرەوەی بەریتانیا:

ئێران لە پشت ئەنجامدانی ئەو هێرشانەوەیە کە هەفتەی ڕابردوو کرانە سەر دوو کەشتی نەوت هەڵگر لە دەریای عومان

جێنشینی سعودیە، شازادە محەمەد بن سەلمان بانگەوازی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کە هەڵوێستی توند بەرانبەر بە ئێران نیشان بدات. جێنشینی سعودیە، شازادە محەمەد بن سەلمان بانگەوازی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کە هەڵوێستی توند بەرانبەر بە ئێران نیشان بدات.

محەمەد بن سەلمان لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت باسی لەو هێرشانە کرد کە لە ماوەکانی ڕابردوودا کرانە سەر چوار کەشتی لە نزیک ئاوی هەرێمی ئیمارات و گوتی: لە لێکۆڵینەوەکاندا ئەوە سەلمێندراوە کە ئێران و بریکارەکانی لە پشت ئەنجامدانی ئەو هێرشانەوەن.

لە ماوەکانی ڕابردوودا لە نزیک ئاوی هەرێمی ئیمارات، هێرشی تێکدەرانە کرانە سەر چوار کەشتی کە دووانیان نەوت هەڵگری سعوودی بوون. لە دریژەی قسەکانیشدا، جێنشینی سعوودیە، محەمەد بن سەلمان گوتی: لەم هەلومەرجەدا، گرنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستی توند بەرامبەر بە ئێران نیشان بدات.

محەمەد بن سەلمان گوتی: ڕوونە کە یەک بژاردە لە بەردەم ئێراندا هەیە، یان ئەوەتا دەبێت وەک هەر وڵاتێک ڕۆڵ لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی دەکات بگێڕێت یان ئەوەتا وەک وڵاتێکی گومڕا دەمێنێتەوە.

جێنشینی سعوودیە گوتیشی: ئومێد دەکەین ڕژێمی ئێران بژاردەی یەکەم هەڵبژێرێت و واز لە سیاسەتی دوژمنایەتی بهێنێت.

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو وەزیری دەرەوەی سعوودیە، عادل جوبەیر ڕایگەیاندبوو، کە لەگەڵ ئەمریکادا هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئێران لە پشت ئەو هێرشەوەیە کە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو کرایە سەر دوو کەشتی نەوت هەڵگر لە دەریای عومان.

عێراق بۆی هەیە سێ مانگی دیکە وزە لە ئێران هاوردە بکات

لەلایەکی دیکەوەو هەر پەیوەیست بەم کێشەو ئاریشانەی لەنێوان ئەمەریکا و ئێران دروست بووە، ئەمەریکا مۆڵەتی سێ مانگی دیکەی بۆ عێراق درێژکردەوە بۆ ئەوەی غاز و کارەبا لە ئێران، هاوردە بکات. ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، میلحان مگۆتر ڕایگەیاند کە ئەمریکا مۆڵەتی سێ مانگی دیکەی بۆ عێراق درێژکردەوە بۆ ئەوەی غاز و کارەبا لە ئێران، هاوردە بکات.

میلحان مگۆتر لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا باسی لەوەکرد کە ئەمە دووەمجارە ئەمریکا مۆڵەتی هاوردەکردنی غاز و کارەبا لە ئێرانەوە بۆ عێراق درێژ دەکاتەوە و گوتی: ئەگەر بەم نزیکانە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا باش ببێتەوە، ئەوا بە یەکجاری ڕێگە بە عێراق دەدرێت غاز و کارەبا لە ئێرانەوە، هاوردە بکات".

ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، میلحان مگۆتر ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، عێراق پێویستی بەوەیە تا سێ مانگی دیکە غاز و کارەبا لە ئێرانەوە هاوردە بکات.

پێشتر گوتەبێژی وەزارەتی کارەبای عێراق ڕایگەیاندبوو کە کۆی گشتی ئەو بڕە کارەبایەی کە عێراق لە ئێرانەوە هاوردەی دەکات، چوار ملیۆن و 700 هەزار میگاواتە.

چەندین ساڵە عێراق بە مەبەستی دابینکردنی کارەبای نیشتمانی، غاز و کارەبا لە ئێرانەوە هاوردە دەکات و لە ماوەکانی ڕابردوودا وەزارەتی کارەبای عێراق ئاشکرای کردبوو، لەو سزایانە بەخشراوە کە لە لایەن ئەمریکاوە بەسەر ئێراندا سەپێندراوە و ئاماژەی بەوەشدابوو کە بۆ دابیکردنی غاز بۆ وێستگەکانی کارەبا، بەردەوامن لە هاوردەکردنی غاز لە ئێران.

بەڵای ئێرانەوە ئەمەریکا بەرپرسیارە لە هێرشی سەر نەوت هەڵگرەکان

سەرۆکی پەرلەمانی ئێران، عەلی لاریجانی تۆمەتبارکردنی وڵاتەکەی لە لایەن سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ لەبارەی هێرشکردنە سەر دوو نەوت هەڵگر لە دەریای عومان بە "تەواوکاری سزا ئابووریيەکان" ناوزەد کردو حکوومەتی واشنتۆنی بەرپرسیار کرد لە هێرشەکە.

بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی هەواڵیی فەرمی ئێران IRNA لاریجانی لە میانی گوتارێکیدا بۆ پەرلەمانتارانی وڵاتەکەی لە هۆڵی پەرلەمان ڕایگەیاندووە "پێشهاتە گوماناوییەکانی دەریای عومان تەواوکاری سزا ئابووریيەکانە".

عەلی لاریجانی ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە ئەمریکا لە جەنگی دووەمی جیهاندا بۆ ئەوەی دوژمنایەتی دروست بکات لە نزیک ژاپۆن کەشتییەکانی خۆی کردە ئامانج، بانگەشەی ئەوەیشی کرد کە حکوومەتی واشنتۆن لەبەرئەوەی هیچ ئەنجامێکی لە سزاکان دەستنەکەوتووە دووبارە هەوڵی هاوشێوەی داوە.

سەرۆکی ئەمریکا تەرەمپ لە میانی بەشداریکردنی لە بەرنامەیەکی کەناڵی فۆکس نیوزدا، هەڵسەنگاندنی بۆ پەیوەندییەکانی ئەمریکا- ئێران کرد و باسی لە هێرشەکانی سەر نەوت هەڵگرەکان کرد و ڕایگەیاند ئێران ئەنجامیدا. ئەوە دەزانن چونکە بەڵەمەکەتان بینی.

لە لایەکی دیکەوە بەڕێوەبەری گشتیی بەندەرەکان و دەریاوانی هورموز، ئەلا مورادعەفیفی پور باسی لەوە کرد کە تیمی نەوت هەڵگری فرۆنت ئەلتایەر بە فڕۆکە لە شاری بەندەر عەباسەوە ڕەوانەی دوبەی کراونەتەوە.

عەفیفی پور باسی لەوەیش کرد کە دوێنێ نەوت هەڵگری فرۆنت ئەلتایەر بەرەو ئاوەکانی خۆر فەخان-فوجێر نزیک ئیمارات چووە و لە چاودێری ئێران دەرچووە.

ئێران لە پشت ئەنجامدانی هێرشەکانە لە دەریای عومان

وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، جێرمی هەنت ڕایگەیاند بەپێی زانیارییە هەواڵگرییەکانمان، دەرکەوتووە ئێران لە پشت ئەنجامدانی ئەو هێرشانەوەیە کە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو کرانە سەر دوو کەشتی نەوت هەڵگر لە دەریای عومان.

جارێکی دیکە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، جێرمی هەنت ئێرانی تۆمەتبار کرد بە هێرشکردنە سەر دوو کەشتی نەوت هەڵگر لە دەریای عومان.

کەناڵی "Sky News"ی بەریتانی بڵاویکردەوە، جێرمی هەنت زانیاری نوێی لەبارەی ئەو هێرشانە ئاشکرا کردووە کە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو کرانە سەر دوو کەشتی نەوت هەڵگر لە دەریای عومان.

وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، جێرمی هەنت گوتی: بەپێی زانیارییە هەواڵگرییەکانمان، دەرکەوتووە ئێران لە پشت ئەنجامدانی ئەو هێرشانەوەیە کە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو کرانە سەر دوو کەشتی نەوت هەڵگر لە دەریای عومان.

جارێکی دیکە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، جێرمی هەنت ئێرانی تۆمەتبار کرد بە هێرشکردنە سەر دوو کەشتی نەوت هەڵگر لە دەریای عومان.

وەک ئاماژەیەک بۆ هێرشەکانی سەر دوو کەشتییە نەوت هەڵگرەکە لە دەریای عومان، جێرمی هەنت بانگەوازی لە هەموو لایەک کردووە کە لە هەمبەر ڕووداوەکەدا دان بەخۆدا بگرن.

پێشتریش وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، جێرمی هەنت، ئێرانی بەوە تۆمەتبار کردبوو کە لە پشت ئەنجامدانی ئەو هێرشانەوە کە کرانە سەر دوو کەشتی نەوت هەڵگر لە دەریای عومان.

شیاوی باسە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو، دوو کەشتی نەوت هەڵگر لە دەریای عومان ڕووبەڕووی هێرش بوونەو ڕۆژی شەممەی ڕابردوو وەزارەتی دەرەوەی ئێران کاردانەوەی نیشاندا لە هەمبەر ئەو لێدوانەی جێرمی هەنت، بانگهێشتی باڵیۆزی بەریتانیای لە تاران کردبوو.

باڵیۆزی بەریتانیا لە تاران وەزارەتی دەرەوەی ئێرانی بەدرۆخستەوە

باڵیۆزی بەریتانیا لە تاران، ڕۆب ماکاری ئەو ڕاگەیەندراوەی بەدرۆخستەوە کە باس لەوە دەکات بانگهێشتی وەزارەتی دەرەوەی ئێران کرابێت.

ماکاری لە ڕوونکردنەوەیەکیدا کە لە هەژماری خۆی لە تویتەری بڵاویکردووەتەوە، باسی لەوە کرد کە لەسەر داخوازی وەزارەتی دەرەوەی ئێران بۆ کۆبوونەوەی بەپەلە و دوای پەسەندکردنی داواکارییەکە سەردانی وەزارەتەکەی کردووە، نەک بانگهێشت کرابێت. وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە کرد کە لەسەر لێدوانی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، جێرمی هەنت کە ئێرانی بەرپرسیار کردبوو لە هێرشەکەی سەر دوو نەوت هەڵگر لە دەریای عومان، ماکاری بانگهێشتی وەزارەت کراوە.

سعوودیە هاوکاریی سوپای سووریای دیموکرات دەکات

محەمەد بن سەلمان: لەگەڵ دۆستەکان کار بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان دەکەین

چەند دیپلۆماتکارێکی سعوودی هاتوونەتە دێرەزوور لە سووریا و، لەوێ چاویان بە بەرپرسانی ئەمەریکی و سوپای سووریای دیموکرات کەوتووە و کۆبوونەوەیەکی نهێنی و گرنگیان ئەنجام داوە. لە کۆبوونەوەکەدا سعوودیا دووپاتی کردەوەتەوە هاوکاریی سوپای سووریای دیموکرات دەکات. ئاژانسەکانی هەواڵی تورکیا بڵاویان کردەوە، دوێنێ یەکشەمە چەند دیپلۆماتکارێکی سعوودی هاتوونەتە دێرەزوور و لەوێ لەگەڵ بەرپرسانی ئەمەریکی و سوپای سووریای دیموکرات کۆبوونەتەوە. ڕاشیانگەیاندووە کە لە کۆبوونەوەکەدا سعوودیە دووپاتی کردووەتەوە، کە ئەوان وەکوو سعوودیە بەردەوام دەبن لە پاڵپشتیکردنی سوپای سووریای دیموکرات، هەروەها داوایان لە سەرۆک عەشیرەتەکانی ئەو ناوچەیە کردوە بە هەموو شێوەیەک پشتگیری لەو سوپایە بکەن. هەر ئەوەشیان ئاشکراکردووە: بەرپرسانی سوپای سووریای دیموکرات کە بەشێکی گەورەی ئەو سوپایە سەر بە یەپەگەن، داوایان لە دیپلۆماتکارانی سعوودی کردووە، بەردەوام بن لە هاوکارییەکانیان بۆ ئەوان، هەروەها گرنگە لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکانی ئەو ناوچەیەش قسە بکەن، تا کێشەیان بۆ دروست نەکەن و هاوکارییان بکەن. هەر پەیوەند بەم باسەوە، محەمەد بن سەلمان، شازادەی جێنشینی سعوودیە بە ڕۆژنامەی (شەرقولئەوسەت)ی ڕاگەیاندووە، سعوودیە "لەگەڵ دۆستەکان" کار بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان دەکات. محەمەد بن سەلمان ئامانجەکانی وڵاتەکەی لە ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا ئاشکرا کردووە، کە بریتین لە: "شکستهێنان بە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، گەڕەنتیکردنی سەرهەڵنەدانەوەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی ئێران، کارکردن بۆ خۆشکردنی زەمینە بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری 2254ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی". ئەو لێدوانەی شازادەی جێنشینی سعوودیە هاوکاتە لەگەڵ سەردانی سامر سەبهان، وەزیری وەزیری دەوڵەتی سعوودیە بۆ کاروباری کەنداوی عەرەبی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان و کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی باڵی سیاسیی هێزەکانی سووریای دیموکراتی (هەسەدە) و کەسایەتییەکانی ناوچەکە، دێت.

نێچیرڤان بارزانی ڕەزامەندی لەسەر دابینکردنی گازوایل بۆ وێستگەیەکی دهۆک دەربڕیوە

زانکۆی سەلاحەدین خەڵاتی ڕێزلێنان بەسەر ژمارەیەک لە پرۆفیسۆرە تازەکان و مامۆستایان و قوتابیان دابەش دەکات



لە ڕێوڕەسمێکی شایەستەدا بە ئامادەبوونی پ. د. ئەحمەد ئەنوەر دزەیی سەرۆکی زانکۆو ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆ، خەڵاتی ڕێز لێنان بە سەر12 پرۆفیسۆری تازەی زانکۆی سەلاحەدین دابەش کرا، بەم بۆنەیەوە سەرۆکی زانکۆ وتەیەکی پێشکەش کرد و تێیدا شانازی خۆی بەو ژمارە زۆرەی پرۆفیسۆرانی زانکۆ دەربڕی کە هەمیشە ڕۆڵی کاریگەرییان هەبووە لە بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی باڵا و گەشەپێدانی توێژینەوەی زانستی.

لە لایەکی دیکەوە ئەنجومەنی زانکۆ خەڵاتی ڕێزلێنانی بەسەر ئەو کەسایەتییانەدا دابەش کرد کە ڕۆڵی کاریگەرییان هەبووە لە پرۆسەی کردنەوە و پشتگیریکردنی خوێندنی مامۆستایان لە کۆلێژی بنەڕەتی زانکۆی سەلاحەدین بەئامانجی ئامادەکردنی مامۆستای پسپۆڕ و بە دەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بۆ هەماهەنگیکردنی وەزارەتی پەروەردە.

لە ڕێوڕەسمێکی دیکەدا لە سەنتەری ڕۆشنبیریی کۆچەر بیرکار، بە ئامادەبوونی سەرۆکی زانکۆ و ئەنجومەنی زانکۆ، خەڵاتی ڕێز لێنان بە سەر 21 مامۆستای زانکۆ دابەش کرا، لەوانەی زۆرترین توێژینەوەی زانستییان لە گۆڤارە زانستییە جیهانیەکاندا بڵاوکردۆتەوە و بوونەتە مایەی پێشکەوتنی زانکۆی سەلاحەدین لە ڕووی ڕێزبەندی جیهانییەوە.

لە وتەیەکدا سەرۆکی زانکۆ ماندوو بوونی ئەو مامۆستایانەی بەرز نرخاند کە بوونەتە مایەی شانازی زانکۆکەیان و ئاواتی خواست کە بە هۆی کۆششی بەرزی زانستی ئەو مامۆستایانە زانکۆ بەر دەوام دەبێت لە پێشکەوتن دا.

جێگری سەرۆکی لیژنەی وزە و سامانی سرووشتی و پیشەسازی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ: سەرۆکی پێشووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆتا ڕۆژەکانی کاری خۆیدا، ڕەزامەندی لەسەر دابینکردنی گازوایل بۆ وێستگەیەکی دهۆک دەربڕیوە، کە ڕێژەی کارەبای نیشتیمانی بەرز دەکاتەوە.

گولیزار سندی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندوە، لە مانگی 2ی 2019دا، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی پێشووی حکوومەت، ڕەزامەندی نیشان داوە بە خەرجکردنی 15 ملیۆن دۆلار بۆ پڕۆژەی هێڵی132 میگاواتیی دهۆک، کە کارەبا لە هەولێرەوە دەبات بۆ دهۆک وەک پلانی دریژخایەن بۆ چارەسەری پرسی کارەبا لە دهۆک.

سندی گوتیشی: ئەم پڕۆژەیە چارەسەری دریژخایەنە و چوار تا پێنج مانگ دەخایەنێت، بەڵام دهۆک گرفتی هەنووکەیی کارەبای هەیە، کە کارەبای نیشتیمانی کەمە و بەو هۆیەشەوە کارەبای مۆلیدەی ئەهلی زیاتر بووە و ئەوەش بارگرانی لەسەر خەڵک دروستکردووە، چونکە ئەمپێری بووە بە 7 هەزار دینار، لە کاتێکدا لە هەولێر و سلێمانی بۆ هەر ئەمپێرێک 3 تا 4 هەزارە، ئەوەش نایەکسانییە، هێڵی گواستنەوەی کارەش بۆ هەولێر گرفتی نییە، بەس بۆ دهۆک گرفتی هەیە و هێڵەکان لاوازن، کاتی خۆیشی هەوڵ هەبوو چاک بکرێت، بەڵام بە هۆی قەیرانی دارایەوە دەستی لێ هەڵگیرا.

ناوبراو ئەوەشی خستە ڕوو، کە وێستگەی کاشێ ڕێژانە پێویستی بە 863 هەزار لیتر گازوایل هەیە تا یەکەیەکی دیکە کارا بکرێت، بۆیە ئەگەر ئەو گرفتە چارەسەر بکرێت، ڕێژەی کارەبا زیاد دەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژی 2019/6/11 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ڕەزامەندی نیشان داوە لەسەر دابینکردنی1.2 ملیۆن لیتر گازوایل بۆ وێستگەی کاشێ و بەم هۆیەشەوە 150 میگاوات کارەبا زیاد دەبێت، کە پێشووتر 50 میگاوات بووە، بەو هۆیەشەوە دوو کاتژمێر کارەبای نیشتیمانی لە دهۆک زیاد دەبێت، کە دوو تا سێ ڕۆژی دیکە فەرمانەکە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و لەو بارەیەوە ئەنجوومەنی بالای نەوت و گاز ڕەزامەندییان لەسەر داوە، کە 1.2 ملیۆن لیتر گازوایل بۆ ئەو وێستگەیە دابین بکرێت.

پۆلیسی دارستان و ژینگەی هەڵەبجە: لە شەش مانگدا 47 سەرپێچیکار دەستگیر کراون

بەڕێوبەرایەتیی پۆلیسی دارستان و ژینگەی هەڵەبجە، ڕای گەیاند بەهۆی سەرپێچیکردنەوە 47 کەسیان دەستگیر کراون و دەستیشیان بەسەر چەندین کەلوپەلی ڕاوکردندا گرتووە.

فەرمان عومەر، گوتەبێژی بەڕێوبەرایەتیی پۆلیسی دارستان و ژینگەی هەڵەبجە، دوێنێ یەکشەمە 2019/6/16 لە پریس کۆنفرانسێکدا لە هەڵەبجە ، ڕایگەیاندوە: لە شەش مانگی ئەمساڵدا بەهۆی سەرپێچیکردن لە یاسا کارپێکراوەکانی پۆلیسی دارستان و ژینگەی هەرێم، 47 کەسمان دەستگیر کردووە، بەراورد بە شەش مانگی ساڵی 2018 ڕێژەکە زیادی کردووە، چونکە لە ساڵی ڕابردوو 30 کەس دەستگیر کراون.

گوتیشی: لە وەرزی قەدەغەکردنی ڕاوەماسیدا، دەستمان گرتووە بەسەر 312 تۆڕی ڕاوکردنی ماسی، بەراود بە ساڵی 2018ڕێژەکە کەمی کردووە، چونکە لە ساڵی ڕابردوو350 تۆڕ دەستیان بەسەردا گیراوە، هەروەها 630 کیلۆماسی قەبارە جیاواز دەستی بەسەردا گیرا و بە بڕیاری دادوەر لە زیادکردنی ئاشکرا فرۆشران و بڕی ملیۆنێک و 545 هەزار دینار خراوەتە سەر داهاتی حکوومەت.

فەرمان عومەر ئاشکراشی کرد: لە ناوچە شاخاوییەکاندا دە حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە هەبووە، کە بە هۆیەوە بەسەدان دۆنم زەوی لە پوش، پاوان و دارستانی سروشتی ناوچەکەمان سوتاون.

بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی هەولێر: وەرگرتنی گەنمی جووتیاران بەرانبەر هەرێم بە سیاسی کراوە



بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی هەولێر ڕایدەگەیەنێت، وەرگرتنی گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان لەلایەن عێراقەوە بە سیاسی کراوە.

د. عەبدولڕەحیم عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی هەولێر بە باسنیوزی ڕاگەیاندوە: ئێمە 933 هەزار تۆن بەرهەمان هەیە، بەڵام حکوومەتی عێراق 11.5ی بەرهەمان لێ وەردەگرێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە تەنیا دیبەگە 407 هەزار تۆنی لێ وەردەگیرێت لەبەر ئەوەی ناوچەیەکە لە سنووری مادەی 140ە و سەر بە هەرێمی کوردستان نییە.

بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی هەولێر ئاماژە بەوەش دەکات: هەموو هەرێمی کوردستان تەنیا340 هەزاری تۆن دەغڵودان بۆ دانراوە کە لێی وەربگیرێت.

ئەوەشی خستە ڕوو: پێشتر جووتیاران لە ڕێگای مووسڵ و کەرکووکەوە دەغڵە ماوەکانی خۆیان تەحویل دەکرد، بەڵام ئێستا عێراق ڕێگای پارێزگاکانیشی داخستووە و جووتیاران لەو ڕووەشەوە زەرەرمەند دەبن هەموو ئەمانەش کارێکی سیاسییە و لەدژی کوردستانە و بۆ چەوسانەوەی جووتیارانی کوردە.

سەبارەت بەوەی ئایا حکوومەتی هەرێم خۆی بەرنامەی بۆ وەرگرتنی دەغڵودانی جووتیاران هەیە؟ د. عەبدولڕەحیم عومەر دەڵێت: ئەو بەرنامەیە پێویستی بە بوودجەیەکی تایبەتە و ئەوەی من ئاگادار بم ئەو بوودجەیەش تەرخان نەکراوە.

لە ڕاگەیاندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی ئاگاداری چەند گەڕەک و قەزا و ناحیەیەک دەکاتەوە بەهۆی کۆبوونەوەی لم و پاشەڕۆی سەیرانکاران لە وەرگری هێڵی دووەمی ئاوی دوکان – سلێمانی و پاکردنەوەی بێئاو دەبن.

بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی دەشلێت: بەهۆی کۆبوونەوەی لم و پاشەڕۆی سەیرانکاران لە وەرگری هێڵی دووەمی ئاوی دوکان- سلێمانی بۆ ماوەی 48 سەعات کارکردن تێیدا و پاکردنەوەی وەرگری پڕۆژەکە هێڵی دووی ئاوی دوکان- سلێمانی دەوەستێت.

بەڕێوەبەرایەتیەکە ڕاشیدەگەیەنێت، گەڕەکەکانی سەروو و ڕۆژهەلاتی سلێمانی و تەواوی ناوچەی قڕگە و خەبات و کازیوە و قەزاو ناحیەکانی چەمچەماڵ و شۆڕش و پیرەمەگروون و بازیان و تەسلوجە و گۆپاڵە ئاویان نابێت، تکایە ئاگادارین

بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی: چەند گەڕەکێک بێ ئاو دەبن



ڕێورسمێن کەرنەڤاڵێ حەفتێ یێ پارێزگەهبوونا دهوکێ هاتنە گێران



خەبات ـ دهوک:

ب هەلکەفتا یوبیلا زێرین ودەربازبونا 50 سالا ل سەر پارێزگەهبونا دهوکێ ل ئێڤاریا ڕوژا 2019/6/12 ل پارکێ نەوروز ب ئامادەبونا فەرهاد ئەمین ئەترۆشی پارێزگەرێ دهوکێ وجێگرێن پارێزگەرێ و سەروک وئەندامێن جڤاتا پارێزگەهێ وچەند بەرپرسێن ئیداری و حزبی وجەماوەری وکەسایەتییێن پارێزگەهێ ڕێ ورسمێن کەرنەڤاڵێ حەفتێ یێ پارێزگەهبونا دهوکێ هاتنە گێران.

ل دەست پێکا ڕێورسمان پێشانگەها دهوکا کەڤن وبازارێ ئازاد وپێشانگەهێن کلتورێ کوردی هاتنە ڤەکرن. پاش ڕێپێڤانا کردوسێن جەماوەری وترومبێلێن خەملاندی ژپانوراما ئازادی کو ژمارا وان 46 کردوسێن جورا وجور وترومبێلێن خەملاندی دەستپێکر، ل دوڤدا ئاهەنگا هونەری هاتە سازکرن. پاش پەیڤا ڕێڤەبەریا گشتی یا ڕەوشەنبیری و هونەری ژلایێ ئەیوب ڕەمەزان هاتە خاندن و بڤێ هەلکەفتێ پیروزباهیا بەرێزان نێچیرڤان بارزانی سەروکێ هەرێما کوردستانێ و مسرور بارزانی سەروکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ کر وخواست کو جەنابێ هەردوویان خزمەتا خەلکێ کوردستانێ ب گشتی وێ پارێزگەهێ ب تایبەتی بکەن.

هەروەسا دیارکر کو ئارمانج ژسازکرنا کەرنافێ ئەوە بو نیشادانا کلتورێ دەڤەرێ ودیارکرنا شیانێن فەرمانگەها وسازیێن میری یە ودانەنیاسینا هەموو پارێزگەهێ ژرویێ سروشتی وچاندن وکلتوری و گەشتیاری ویوبیلا زێرین و 50 سالیا پارێزگەهبونا دهوکێ ب خێر هاتنا هەموویان پیروزکر.

پاش پارێزگەرێ دهوکێ پەیڤەک پێشکێشکر وبناڤێ خو وکارگێریا پارێزگەها دهوکێ ل هەزاری تۆن دەغڵودان بۆ دانراوە کە لێی وەربگیرێت.

ئەوەشی خستە ڕوو: پێشتر جووتیاران لە ڕێگای مووسڵ و کەرکووکەوە دەغڵە ماوەکانی خۆیان تەحویل دەکرد، بەڵام ئێستا عێراق ڕێگای پارێزگاکانیشی داخستووە و جووتیاران لەو ڕووەشەوە زەرەرمەند دەبن هەموو ئەمانەش کارێکی سیاسییە و لەدژی کوردستانە و بۆ چەوسانەوەی جووتیارانی کوردە.

سەبارەت بەوەی ئایا حکوومەتی هەرێم خۆی بەرنامەی بۆ وەرگرتنی دەغڵودانی جووتیاران هەیە؟ د. عەبدولڕەحیم عومەر دەڵێت: ئەو بەرنامەیە پێویستی بە بوودجەیەکی تایبەتە و ئەوەی من ئاگادار بم ئەو بوودجەیەش تەرخان نەکراوە.

میهڤانان کر وپیروزباهیا ئێک ئێکە یاخەلکێ پارێزگەهێ کر ب هەلکەفتا 50 سالیا پارێزگەهبونا دهوکێ وهیڤی خاستن ڕوژێن خوشتر ب سەر خەلکێ کوردستانێ وێ پارێزگەهێ دابهێن ودەست خوشی ل ڕێڤەبەریا ڕەوشەنبیری وسەروکاتیا باژێرڤانیا دهوکێ وهەموو لایەنان کر بێن کەرنەڤال ڕێکخستی.

هەروەسا پارێزگەرێ دهوکێ بناڤێ خەلکێ پارێزگەهێ سوپاسیا جەنابێ سەروک

وەزیری پەروەردە پەیامێک بڵاو دەکاتەوە



لە کۆتا ڕۆژی تاقیکردنەوە گشتییەکانی پۆلی نۆی بنەڕەتی و 12ی ئامادەیی، وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیامێک بڵاو دەکاتەوە.

لە پەیامەکەیدا، پشتیوان سادق، وەزیری پەروەردە ڕایگەیاندووە، بابەتی زانستی و هونەری و تەکنیکەکانی تاقیکردنەوەکان پەیوەندیی بە لێژنەی باڵای ئەزموونەکانەوە هەیە و ئەو بە هیچ شێوەیەک دەستی لە وردەکارییەکان وەرنەداوە.

پشتیوان سادق داواشی لە لێژنەکە کردووە هەر سەرنج و تێبینییەکیان هەیە لەسەر ئەزموونەکان، بە لیژنە و لە ئاستی هەموو پارێزگاکان یەکلایی بکەنەوە و چی لە بەرژەوەندیی قوتابیان و خوێندکارانە بڕیاری لەسەر بدەن.

دەقی پەیامەکەی وەزیری پەروەردە:

سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی باڵای ئەزموونەکان

وێرای سوپاسێکی زۆرم بۆ هەموو ئەندامانتان و سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەر و مامۆستایانی چاودێر لە پرۆسەی ئەزموونە گشتییەکانی ئەمساڵی خوێندنی 2018-2019 پێداگری لە هەردوو کۆرونەوەی 6/8 و 2019/6/15 دەکەمەوە کە:

- پێویستە هەر سەرنج و تێبینییەک کە لەسەر پرسیارەکان هەبێت، بە لیژنە و لە ئاستی هەموو پارێزگاکان یەکلایی بکەنەوە و چی لە بەرژەوەندیی قوتابیان و خوێندکارانە بڕیاری لەسەر بدەن.

- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی سەرپەرشتیاریشم ڕاسپاردووە بۆ هەر پێشنیار و ڕاپێک کە هەیانبێت لەم بارەوە و ئەوەی لەسەر بەندە پێویست بووە بۆ سەرکەوتن و پاڵپشتی ئێوە بە زیادەوە کردووومانە، بەڵام بابەتە زانستی و هونەری و تەکنیکییەکانی ئەزموونەکان پەیوەندی بە خۆتانەوە هەیە بەرپرسیارییەکەشی لە ئەستۆی ئێوەیە و ئێمە لە هیچ ساڵێک و بە هیچ شێوەیەک تەداخوولی وردەکارییەکمان نەکردووە و ناشیکەین.

پارێزگەرێ دهۆکێ و پارێزگەرێ باژێرێ ئیسن ل ئەلمانیا بەحسێ خورتکرنا پەیوەندییێن دوو قولی کر



خەبات ـ دهۆک:

دوهی سپێدێ 2019/6/16 فەرهاد ئەمین ئەترۆشی پارێزگەرێ دهۆکێ پێشوازیا پیتەر ڕێنزل پارێزگەرێ باژێرێ ئیسن ل ئەلمانیا و شاندێ دگەلدا کر.

دهەڤدیتنەکێدا ب ئامادەبونا بەهزاد علی ئادەم جێگرێ پارێزگەرێ دهۆکێ وهاریکاریا پارێزگەری بو کاروبارێن مروڤایەتی وریڤەبەرێ گشتی یێ ساخلەمیێ ل پارێزگەها دهۆکێ بەحسێ پەیوەندییێن هەرێما کوردستانێ دگەل وەلاتێ ئەلمانیا وروڵێ حکومەتا ئەلمانیا بو پشتەڤانیکرنا پروژێن مروڤایەتی بو ئاوارە وپەنابەران ل سنوورێ پارێزگەها دهۆکێ هاتە کرن.

دتەوەرەکێ دن دا بەحسێ ڕەوشا سازیێن ساخلەمیێ ل پارێزگەهێ و چاوانیا خورتکرنا پەیوەندیان دگەل سازیێن ساخلەمیێ ل ئەلمانیا ژپێخەمەت باشتر خزمەتکرنا وەلاتیان ل دەڤەرێ هاتە کرن.

پارێزگەرێ دهۆکێ خوشحالیا خو ب سەردانا شاندێ ناڤبری دیارکر و پەسنا ڕۆلێ گەل و حکومەتا ئەلمانیا کر کو ل سالێن دەربازبوی سالێن قەیرانان گەلەک هاریکاری وپشتەڤانی دواری سیاسی ولەشکری وئابوری ومروڤایەتی دا پێشکێشی خوجهێن پارێزگەهێ و ئاوارە و پەنابەران کریە و خواست کو ئەو هاریکاری بەردەوام بهێنە کرن و بەرهەڤیا پارێزگەهێ بو هەر هەڤکاریەکێ دگەل سازی وریکخراوێن ئەلمانی نیشان دا. هەژی گوتنیە ل ڕۆژا 2019/6/15 شاندێ ناڤبری سەردانا چەند کەمپێن ئاوارەیان کریە و ل ڕۆژا 2019/6/16 دگەل تیمێ ساخلەمیا دهۆکێ کومبویە ژبو خورتکرنا پەیوەندییێن تەندورستی دناڤبەرا هەردوو لایەنان دا.

بەرپرسێ لقا ئێک پێشوازیا دوو شەهیدێن زیندوو کر



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ل بارەگایێ لقێ پێشوازیا دوو شەهیدێن زیندوو کر، دڤێ ڕینشتنێ دا بەرپرسێ لقێ ژ نێزیکی ڤە هایدارێ ڕەوشا وان یا ساخلەمیێ بۆ، دیسان وان پێتڤی و گرفتێن ڕوژانە دکەفنە پێشیا وان دا، دیڤدا بەرپرسێ لقێ گوت: هین ئەو مروڤن بێن کو هەرگاڤ د چاڤێ میللەتێ خودا هین ژ پێخەمەت دوزەکا ڕەوا و ئاخەکا پیروز عەزیزترین ئەندامێ لەشێ خوە ژ دەست داین و هەرگاڤ و دەستکەفتیەک بێتە دی ب جانفیدایی قەهرەمانی و خوینا شەهیدان و دەست و بازێن هەوە بوینە هەروەسا بەرپرسێ لقێ ئامادەبوونا خوە بۆ هەر پێتڤییەکێ بۆ وان دا دیار کرن، هەر دوو شەهیدێن زیندو سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر ژ بۆ ڤێ پێشوازیا گەرم و گوهداریکرنا وان کو ڤێ پێشوازیێ ڕوحەکا مەزن ب مە بەخشی.

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی:

لە بەغدا دەرمانی نەخۆشییە درێژخایەنەکان بە کەمی دێت

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

دەربارەی کەمی دەرمانی نەخۆشییە درێژخایەنەکان لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات دکتۆر خالس ئەحمەد گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ڕوونیکردەوە: بە ڕێژەی لە 40% دەرمانی نەخۆشییە درێژخایەنەکان لە بەغدا دەگاتە هەرێمی کوردستان، ئەویش بە پێی لیستێکە و بریتییە لە ژمارەیەک لە داوودەرمان بۆ نەخۆشییە درێژخایەنەکان.

ژمارەی نەخۆشەکان زۆرە و ئەو ڕێژە دەرمانەی کە بەغدا بۆ وەزارەتی تەندروستی ڕەوانەی دەکات کەمە و نەخۆشانیش بەردەوام گلەییان لەو بڕە دەرمانە هەیە و لەلایەن لیژنەی تەندروستی و ژینگەی پەرلەمانی کوردستانیش بەدواداچوون بۆ ئەو کێشەیەکراوە و بەردەوامیش لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە هەوڵ بۆ زیادکردن و زوو ڕەوانەکردنی دەرمانی نەخۆشییە درێژخایەنەکان دراوە ئەوە لەلایەک لەلایەکی دیکەیش لەلایەن جکومەتی هەرێمی کوردستانیش مانگانە بڕی شەش ملیار دینار بۆ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی تەندروستی تەرخانکراوە بۆ جۆرەکانی دەرمان، بەڵام ئەو پارەیە هێشتا کەمە دەبوایە بەغدا بڕی دەرمانی نەخۆشییە درێژخایەنەکان زیاد بکات

ئامارژە بەوەشدا و گوتیشی: زۆر جار لەلایەن پزیشکانەوە ژمارەی دەرمانەکان زیاد لە پێویست بۆ نەخۆشان دەنوسرێت بەڵام هەموو دەرمانەکان لە نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان نییەو ئەو دەرمانانەی کە دێت بەلیست ڕەوانە دەکرێت بۆیە پێویستە پزیشکان ئەو بزانن کە بەغدا ڕێژەی دەرمانەکان بەکەمی ڕەوانە دەکات و بریتییە لە 40% چۆن بەو بڕە دەرمانە ئەو هەموو نەخۆشانە بەڕێ دەکرێت

دواتر هەر دەربارەی کەمی دەرمانی نەخۆشییە درێژخایەنەکان ژمارەیەک لە نەخۆشان قسەیان بۆ کردین، مام عەلی تەمەن 75 ساڵان نەخۆشی شەکرە و دڵی هەیە و گوتی: بەهۆی کەمی دەرمانی نەخۆشییە درێژخایەنەکان مانگانە بە بڕی 200 هەزار دینار دەرمان لە دەرەوە بە پارەی خۆم و بە نرخێکی گران دەکڕم و مووچەی خانەنشینەکەم هەمووی بە دەرمان دەدەم داوا لە وەزارەتی تەندروستی دەکەم هەوڵ بۆ دابینکردنی دەرمان بۆ نەخۆشانی درێژ خایەن بدات. پووری حەپسە ئافرەتێکی تەمەن78 ساڵان بوو گوتی: مانگانە بۆ چەند جارێک سەردانی بنکە تەندروستییەکەی لای خۆمان دەکەم بۆ وەرگرتنی دەرمانی شەکرە و پاڵەپەستۆی خوێن بەڵام بەداخەوە دەرمانەکان زۆر بە کەمی لە بەغداوە دەگاتە کوردستان

مام سەعیدی تەمەن67 ساڵان گوتی: جاران دەرمانی نەخۆشییە درێژخایەنەکان زۆر بە ڕێکوپێکی دەهات، بەڵام ئێستا بەو شێوەیە نییە و دەرمانەکان بەکەمی لە بەغداوە دەگاتە کوردستان و زۆربەی نەخۆشەکان بە نرخێکی گران دەرمان بۆ خۆیان لە دەرمانخانەکان دابین دەکەن.

پرسە و سەرەخۆشی

هەڤاڵی بەڕێز شەماڵ حەویزی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی حەویزی، خوالێخۆشبوو (ئەرشەد عەبدولوەهاب ئاغای حەویزی)ی باوکێ بەڕێزتاڵمان پێگەشت. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی ئێوە و خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و سەرجەم کەسوکار و خزم و هاوڕێیانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین. لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردویش بە بەهەشتی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

مەکتەبی سیاسی

***

هەڤاڵی بەڕێز بەهزاد حەویزی

خەمباربووین بەبیستنی هەواڵی کۆچی دوایی (ئەرشەد عەبدولوەهاب جەمیل ئاغای حەویزی)ی باوکێ بەڕێزتان. هاوبەشی خەم و پەژارەتانین و پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی ئێوە و خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی خزم و کەس و هاوڕێیانی خوالێخۆشبوو دەکەین. لەخودای گەورە داواکارین دواکۆستی خانەوادەکەتان بێت و سەبووری بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی باوکی کۆچکردویشتان بە بەهەشتی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

دەزگای ڕێڕەوی و ڕاگەیاندن

***

بەڕێزان د. شەماڵ حەویزی و کاک بەهزاد حەویزی

هەواڵی دواکۆچی بەڕێز (ئەرشەد عەبدولوەهاب حەویزی)ی باوکی بەڕێزتان خەمباری کردین، بە ناوی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان- هۆ هاوخەمی خۆمان دەردەبڕین و لە ڕێگەی ئێوەی بەڕێزیشەوە پرسە و سەرەخۆشی لە تەواوی خانەوادە بەڕێزەکەتان و خزمان و دۆستان دەکەین. گیانی خوالێخۆشبوو ئارام، دواخەم و ناخۆشی بێت.

إنا لله و إنا إليه راجعون

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان



مسعود بارزانی کر کو ل سالێن دەربازبوی ڕولەکێ بەرچاڤ هەبویە بو پشتەڤانیکرنا پارێزگەها دهۆکێ دهەمو بواران دا، هەروەسا پیروزباهیا ڕێزداران نێچیرڤان بارزانی سەروکێ هەرێما کوردستانێ ومسرور بارزانی سەروکێ ڕاسپاردی یێ حکومەتا کوردستانێ کر وداخازا سەرکەفتنێ بو هەردوویان خواست وهیڤی خاستن کو جەنابێ وان ل قوناغا بهێت پتر پشتەڤانیا پارێزگەها دهۆکێ بکەن.

پارێزگەرێ دهۆکێ ئاماژە دا پارێزگەهبونا دهۆکێ کو ل 1969/5/27 هاتیە ئافاکرن ئەوژی ژبەرهەمێ شورەشا ئەیلولا مەزن وخەباتا پێشمەرگێ قەهرەمان یێ وی دەمی بویە، هەروەسا گوت پارێزگەها دهۆکێ یا دەولەمەندە ژڕوبێ دیروکێ وئابوری وکشتوکالی وگەشت وگوزاری وهەموو بیاقێن دن وەدڤەر جهێ پێکڤە ژیانا هەموو ئول ونەتەوەیانە.

ئەترۆشی ئەوژی دیارکر کو پارێزگەها دهۆکێ لاندکا هەردوو شورەشێن ئەیلولا مەزن وگولانا پێشکەفتێ خواز بویە وپشتی سەرهلدانا سالا 1991 دەڤەرێ گەلەک پێشکەفتن بخوڤە دیتی نە وهیڤی خاستن کو حکومەتا نوو پتر خو ل پێدڤییێن خەلکێ پارێزگەهێ بکەتە خودان.

دلایەکێ دن یێ پەیڤا خودا پارێزگەرێ دهۆکێ گوت: وەکو ئەڤرو 2014/6/12 مە پوستێ پارێزگاریا دهۆکێ وەرگرت ودگەل وەرگرتنا پوستەی گەلەک قەیران هاتنە پێش وەکو هاتنا تیرورستێن داعش وهاتنا ژمارەکا زور یا ئاوارە وپەنابەران وداکەتنا بهاییێن پترولێ وبرینا بودجا هەرێما کوردستانێ ژلایێ حکومەتا ئیراقێ ڤە وئەڤان قەیرانا کارتێکرنەکا مەزن ل هەموو کەرتێن خزمەتکاری کر ودسەر ڤان هەموو قەیرانان ڕا مە بەردەوام پشتەڤانیا هێزێن پێشمەرگەی ودەزگەهێن ئێمناهیێ کریە وئێمناهیا وەلاتیان ودەڤەرێ هاتیە پاراستن وخزمەتگوزاریێن فەر وەکو ئاش وتەندورستی وخزمەتێن دن بەردەوام هاتینە دابینکرن وخزمەتا ئاوارە وپەنابەران هاتیە کرن.

پارێزگەرێ دهۆکێ تەکەزکر کو مە پلانەکا باش دانابو ل سەر ئاستێ هەموو قەزا وناحیا بو دابینکرنا پروژێن خزمەتکاری بەلێ جهێ داخێ یە ژبەر وان قەیرانان نەهاتنە بجھ ئینان لێ بەردەوام مە پروژێن خزمەتکاری ل سەر ئاستێ هەموو قەزا وناحیا بو وەلاتیان دابینکرینە.

ل دوماهیێ پارێزگەرێ دهۆکێ سلاڤ وریزین خو گەهاندنە خێزانێن شەهیدا وپێشمەرگێن قەهرەمان وهەموو خەلکێ پارێزگەهێ وکوردستانێ، وسوپاسیا هێزێن ئێمناهیێ ئاسایش وپولیس وهاتن وچونێ ودام ودەزگەهێن خزمەتکاری ولایەنێن سیاسی کر وسوزدا کو بەردەوام خزمەتا خەلکێ پارێزگەهێ تایبەت تەخا گەنج ولاوان بکەت.

پاش ئاهەنگا هونەری دەستپێکر و ئەڤان هونەرمەندان پشکداری تێدا کر: بلند إبراهیم، مەحمود بامەرنی، چوپی فەتاح، ڕومی هەرکی.

پاش نمایشا جل وبەرگێن سەردەمێ پاشاتییێ ل ئیراقێ ژلایێ دار الازیا العراقیە هاتە کرن.

ل دوماهیێ یاریێن ئاگری هاتنە هاڤێتن. و ل ڕۆژا دووێ یا کەرنەڤالی 2019/6/13 بەردەوامی ب بەرنامێن کەرنەڤالێ حەفتێ یێ پارێزگەهبونا دهۆکێ هاتە دان ونمایشێن تیپێن هونەرێ مللی یێن دهۆک، هەولێر، سلێمانییێ، شاریا هاتنە کرن و هونەرمەند عەزیز وەیسی چەند ستڕانا پێشکێشکرن.

هەژی گوتنێ یە ل ڕۆژا 2019/5/27 ئاهەنگا یوبیلا زێرین یا پارێزگەهبونا دهۆکێ ب پشتەڤانیا بەرێز فەرهاد ئەمین ئەترۆشی پارێزگەرێ دهۆکێ وهەڤکاریا ڕێڤەبەریا ڕەوشەنبیری وهونەری وسەروکاتیا باژێرڤانیا دهۆکێ هاتبو سازکرن وچەند سمینار لدور میژویا دهۆک هاتبونە پێشکێشکرن وژبەر مەها ڕەمەزانا پیرۆزێ ئاهەنگا کەرنەڤالێ حەفتێ یێ پارێزگەهبونا دهۆکێ بو ڕۆژێن 12 و 13 مەها شەش 2019 هاتبو پاشێخستن.

ڕۆڵی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ کوردستانێکی بەهێز



دڵشاد نامق فەرەج

فەرمانڕەوایی لەدوای قەیران یاخود لەکاتی قەیرانەکاندا، هونەرێکی تایبەتی بەڕێوەبردن و مامەڵەکردنی پێویستە لەگەڵ ئەو دۆخەدا، کە چەند پێویستی بەلێهاتوویی وشارەزایی هەیە، زیاتر لەوەش پێویستی بە ئیرادە و باوەڕبوون هەیە بەوەی توانای سەرکەوتن و تێپەڕاندنی دۆخەکە هەیە. بێگومان ئەمەیش بۆ ولاتێکی دامەزراوەیی و سەقامگیر لەڕووی ژێرخانەوە ئاسانترە هەتا ئەو ولاتانەی کە لە قۆناغی گواستنەوەدان لەسەرجەم بوارەکاندا و هێشتا پرۆسەی گواستنەوە بەتەواوی جێگیرنەبووە، یاخود لەڕووی کارگێڕییەوە تەقلیدی ولەڕووی فەرهەنگی فەرمانڕەواییەوە لە قۆناغی دوای ڕزگاربی نیشتمانیدان.

بەپێی ئەو پۆلێنەی سەرەوە، هەرێمی کوردستان دەکەوێتە گرووپی دووەمەوە، واتە هەرێمێک کە نزیکەی نیوەی تەمەنی فەرمانڕەواییەکەی دیفاکتۆ بووە و هەتا ساڵی 2003 هیچ دانپیانانێکی ڕەسمی و یاسایی نەبووە کەگرەنتی مانەوە و بەردەوامبوونی بکات و وەک کیانێکی دەستوری بپاریزێت، هەربۆیە پرۆسەی بەرەوپێشبردن و پەرەپێدان لەهەربوارێکدا سەرەڕای شارەزایی و لێهاتوویی ، پێویستی بەئیرادەیەکی بەهێز هەبووە لەلایەن فەرمانڕەوا و بڕیاربەدەستەوە بۆئەوەی مەترسیەکان بچوک بکاتەوە و ئومێدەکان گەورە بکات.

نێچیرڤان بارزانی، کە ئێستا سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و لە لایەن تەواوی خەڵکی کوردستان و ولاتانی دۆستی کورد پشتیوانی لێدەکرێت، لەبەشێکی زۆر لەو قۆناغە جیاوازانەدا ئەو ئەرکەی لەسەر شان بووە کە نمایندەی ئیرادەیەکی بەهێزی فەرمانڕەوایی بێت، ئەگەر سەرنجێکی خێرا بخەینە سەر ئەو میژووە بەڕوونی ئەوە دەبینین کە سەردەڕای سەختی و ئاستەنگەکان ، پێشڤەچوونەکان بەردەوام بوون لەو کەرت و بوارانەی حکوومەت کاری تیادا کردوون، لەڕووی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سڕینەوەی شوێنەوارەکانی شەڕی خۆکوژییەوە بگرە هەتا ئاستی پێشکەوتنی فەرهەنگی و بەگژاچوونەوەی نەریتە نێگەتیڤەکان وکرانەوەی کۆمەڵگە وپێشخستنی گیانی یەکتر قبوولکردن.

لەڕووی سەقامگیری کۆمەڵایەتییەوە سەردەمی فەرمانڕەوایی نێچیرڤان بارزانی قۆناغی بەسایاکردنی ماف و ئازادییەکانی پێکهاتەکانی کوردستانە ، کە بەشێوەی یاسایی و لەڕێگەی یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکانی کوردستان و گشت پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانی کوردستان زامنی مانەوە و گەشەکردنیان کراوە و مەترسیی لەناوچوون و پەراوێزخستنیان بنەبڕکرا، کە ئەمەیش لەناوچە و عێراقیشدا دەستکەوتێکی نەوعیە ، کە ژێرخانی ئاسایشی نیشتمانی پتەو دەکات، لەم ڕووەوە پشتیوانی و پێداگری هەمیشەیی سەرۆک مەسعود بارزانی بۆ ئەم هەنگاوانە ڕۆڵی گەورەی گێراوە و وایکردووە هەرێمی کوردستان وەک لانکەی ئارامی هەموو دانیشتوانەکەی تەماشابکرێت بەبێ جیاوازی ئاینی یاخود نەتەوەیی و مەزهەبی.

لەڕوی پەرەپێدانی فەرهەنگی، بەگژداچوونەوەی داب و نەریتە سەقەت و دواکەوتووەکان یەکێکە لەدەستکەوتەکانی قۆناغی فەرمانڕەوایی کردنی نێچیرڤان بارزانی، کە دەستبردنن بۆ کەمکردنەوە وسنووردارکردنی ئەو داب ونەریتانە جۆرێک لەسەختی هەیە ، بەڵام ئیرادەی گۆڕانکاری لای نێچیرڤان بارزانی لەوان بەهێزتر بوو، هەربۆیە توانرا لەڕووی یاساییەوە چاکسازی باش و بەرچاو لەبواری مافەکانی ئافرەت وپاراستنی مێینە و ئاسایشی خێزانیدا بکرێت، لەفۆنەکانی هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی و یاساکانی تووندوتیژی خێزانی وخراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی، کە بێگومان ئەم بابەتانە پێشتر دەروازەی پێشێلکاری وچەوساندنەوەی ئافرەتان بوون و ئاسایشی زۆرێک لەخێزانەکان کەوتبوونە مەترسییەوە بەهۆی کەڵک وەرگرتنی خراپ لە ئامێرەکانی پەیوەندی و لەکۆتاییشدا بە هەڵوەشانەوەی خێزان کۆتایی دەهات و تاوانبارەکانیش زۆر جار لەسزا قوتار دەبوون.

لەڕووی پەرەپێدانی کەرتی ئابووریەوە، لەهەرێمی کوردستان هەرلەپێش ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە ئەم پرۆسەیە وەک بەرهەمی ئیرادەی حوکمڕانی دەستی پێکرد، نەک لەئەنجامی هەبوونی پشتیوانیەکی یاسایی وگەرەنتییەکی دەستوری، دامەزراندنی تۆڕەکانی تەلەفۆن و مۆبایل لەهەرێمێک کە تەنها چەند کیلۆمەترێکی کەم لە دۆزمنەکەیەوە دوور بوو و وەگەڕخستنی پارەیەکی زۆر لەو بوارەدا لەلایەن بازرگانانەوە نیشانەی متمانەکردن بوو بەئیرادە و ویست و دنیابینی فەرمانڕەوایی لەهەرێمی کوردستان.

لەسەردەمی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستاندا کە ئەرکی سەرۆکایەتی کردنی بە نێچیرڤان بارزانی سپێردرا، کاری هەرە لەپێش گێرانەوەی متمانەبوو بۆ لایەنەکان و گرەنتی ئەو کەلەبەر و درزانە بوو کە جارێکی تر نەبنە هۆی ترازان، چونکە هەم لەناوخۆ و هەمیش لەسەر ئاستی عێراق، کورد پێویستی بەهاوهەڵوێستی و بنیاتنانەوەی کەسایەتی مەعنەوی خۆی هەبوو، لەم ئەرکەدا نێچیرڤان بارزانی توانی بەسەر بەشێکی زۆر لەو ئاستەنگانەدا زاڵبێت کە ئەوکات وەک بەربەست وکۆسپێکی گەورە وێنا دەکران و زۆر کەس لەو بڕوایەدا نەبووکە نێچیرڤان بارزانی بتوانێت ئەو متمانەیە بهێنێتەوە بوون، بەڵام هەر لەسەرەتای دەسبەکاربوونی کابینەی یەکگرتووەوە نێچیرڤان بارزانی بەپێدانی ڕۆڵی پێویست بەگشت کارەکتەرەکانی کە لەگەڵیدابوون لەلایەنە جیاجیاکان و بە دابەشکردنی ئەرک بەرپرسیاریەتی بەسەر هاوکارانی تیمەکەیدا وایکرد هەموان خۆیان بەخاوەنی حکوومەتی کوردستانی یەکگرتوو بزانن، ئەو گومانەیشی ڕەواندەوە کە تابوری پێنجەم بانگەشەی بۆدەکرد گوایە دوای شەڕی خۆکوژی ناوخۆ، ناتوانرێت تیمی فەرمانڕەوایی یەکگرتوو لەکوردستان بێتە کایەوە.

لەڕوی دیپلۆماسی و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی دەرەوە و ناوخۆی عێراقیش، ئەرک و ڕۆڵی نێچیرڤان بارزانی بەڕوونی دیارە، بەتایبەتی لەسەردەمی قەیرانی دارایی کوردستان وگەلەکۆمەی هێزە عێراقییەکان لەسەر کوردستان، کە سەردەڕای پێداگری لەماف و دەسکەوتەکانی خەڵکی کوردستان بەئیرادەوە توانی گەلی کوردستان بۆ قۆناغێکی تر بگوازێتەوە و هیچ کات ئومێدی لەدەست نەدا، هەتا لەکۆتاییدا سەربەرزانە گەلی کوردستان بە بەشێک لەمافەدارایەکانی خۆی لەعێراق گەیشتەوە و کەنالە دیپلۆماسی و پەیوەندییە دەرەکییەکانیشی کرانەوە، ئیرادەی خۆڤایشکردووی خەڵکی کوردستانیش لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆییدا وەک دەستکەوتێکی مەزن و میژوویی بۆ هەمیشە مایەوە.

ئێستا بەو دەستکەوتانە و چەندانیترییشەوە، کارەکتەری نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کەبەپێی یاسا پۆستی هەرە بااڵی دەسەاڵتی جێبەجێکردنە لەکوردستاندا، پۆستی سەرۆکی هەرێم سەردەڕای قورساییە سیاسییەکەی پارێزەری یاساکان و پاسەوانی جێبەجێکردنیانە ، ئەرکی هاوسەنگی ڕاگرتن لەنێوان دەسەاڵتەکان و هەماهەنگی نێوانیانە ، کە بێگومان ئەمەش ئەرکێکە ئەو ئەزموونانەی ڕابوردوو پێمان دەڵێن دەکریت چاوەڕوانی هەمان دەرەنجامی سەرکەوتووانەی لێ بکرێت، ئەوەیشی ئەم گریمانەیە بەهێز دەکات سەرەڕای ئەزموونی کەڵەکەبووی نێچیرڤان بارزنی وئیرادەی متمانەبەخشی و بڕوای تەواو بە توانای میللەتەکەی، چەند فاکتەرێکی تریش هەن بۆی، لەسەروی هەموویانەوە پشتیوانی سەرۆک مەسعود بارزانی بۆیان وەک سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان، قورساییەکی جیهانی بەو پۆستە بەخشیوە و توانیویەتی نوێنەرایەتییەکی دروستی خەڵکی کوردستان بکات لەماوەی سەرۆکایەتیی خۆیدا، وە خاڵێکی تری بەهێز ئەوەی کە ئێستاش ئەو پۆستە بەهەمان قورساییەوە دەگوازرێتەوە بۆ نێچیرڤان بارزانی کە حیزبەکەی خاوەنی سەنگێکی زیاترە لەپەرلەماندا، ئەمەش مانای ئەوەیە پشتیوانییەکی زیاتری لەپەرلەمانەوە دەبێت، هەروەها هاتنە سەرکاری ئاراستەیەکی نەرمتر لە عێراق و پوکانەوە و لاوازبوونی ئەو هێزانەی بەدوژمنایەتی خەڵکی کوردستان ناسرابوون، خۆی دەرفەتێکە بۆ ئەوەی ڕوانگەی نێچیرڤان بارزانی بۆ هەبوونی پەیوەندییەکی باش لەگەل عێراق باشتر بچەسپێت و دەرفەتی سەرکەوتنی زیاتر بێت.

کوردستانێکی بەهێز، دروشمی ئەم قۆناغەی هێزی براوەی هەڵبژاردن و سەرەکی کوردستانە ، هێنانەدی ئەم دروشمە لەسەروی ئەوانەی باسمانکردن پێویستی بە هەنگاوی گرنگ هەیە لە دژایەتیکردنی گەندەڵی و چاکسازیکردن لەبواری کارگێڕی و دامەزراوەییدا، کە بێگومان لەتەنیشت سەرۆکایەتی حکومەت و دامەزراوەی پەرلەماندا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەرکی گەورەی دەکەوێتە سەرشان. لەو بوارەدا ئیتر بە پشتیوانیکردنی هەنگاوەکانی حکوومەت بێت یاخود کاری پراکتیکی بۆ سەرخستنی ئەو ئامانجە.





سیروان تۆفیق شفیق

نێچیرڤان بارزانی کەشتی ولات دەگەینێتە کەناری ئارامی

هەنگاوەکانی هەڵاتنی خۆری سەرۆکێکی گەنج و سەرکردەیەکی پێگەیشتوو لەگەڵ ئازار و مەینەتییەکانی میللەتەکەی و ڕۆژە سەختەکانی خەبات و قوربانیدان و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستان، سات بە سات نزیک دەبێتەوە، ولات لە چاوەڕوانی دووەم سەرۆکی کوردستانە، سەرۆکێک بەدریژایی تەمەنی خۆی و بنەماڵەکەی قوربانییان داوە و تێکۆشاون لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی و سەرفرازی کوردستانیان .

نێچیرڤان ئیدریس بارزانی سەرۆکی ولات ناوێکی ئاشنای کوردستانیان و جیهانە، هەربەک لە ئێمە کە هاونشتمانی ئەم ولاتەین، ئەگەر ڕاستگۆیانە بڕیار بدەین و هەڵسەنگاندن بۆ کارکردنی نێچیرڤان بارزانی بکەین لەماوەی سااڵنی ڕابردوو، ئەوا دەبینین لە کاتی ئارامی ئەندازیاری ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستان بووە و هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچانی کرد لە پێناو ئاوەدانکردنەوەی گوند و شاری ئەم کوردستانە، لەکاتی نەهامەتی و قەیران و شەڕدا، پیاوە مەزنەکە بوو بۆ شکاندنی ئابلۆقەی سیاسی و ئابووری و سەربازی سەر کوردستان.

وبنستۆن چەرچڵ دەڵێت: " کۆمەڵگا بە زەحمەت دەتوانێت سەرکردەیەک ببینێتەوە کە بتوانێت پاریزگارییان لێبکات لەهەمو هەڕشە و ناخۆشییەکان ". کەواتە دەسکەوتنی سەرکردەیەکی بە توانا ئەوەندە سانا نیە بۆ ئەوەی متمانەی سەرکردایەتی کردنی ولات و میللەتی پێ بسپێریت، چونکە ئەوەی دەبێت بەسەرۆک، دەبێت خاوەن میژوویەکی پڕ لەسەروەری و پاشخانێکی خەبات و تێکۆشان و کاریزمایی تێدا هەبێت تاوەکو میللەت بێ دوودڵی سەرکردایەتی خۆیان بخەنە ئەو دەستە ئەمین و دڵسۆزەوە، وەک چۆن لە رابردوو کوردستانیان یەکەم سەرۆکایەتییان بە سەرۆک مسعود بارزانی ڕاسپارد. لەبەر ئەوەی لای هەموان ڕوون بوو کە بارزانی کێبە و چی کردووە لە رابردوو بۆ خاک و ولات و چییان بۆ دەکات و چۆن پاریزگارییان لێ دەکات. ئێستاش وەرگرتنی سەرۆکایەتی لەلایەن سەرکردەیەکی هەڵوقوڵاوی نیو خەبات و ئاوەدانی کوردستان و پیاوی زاڵبوون بەسەر قەیرانەکان و دۆزینەوەی ڕێگا چارەی گونجاو بۆ کێشە هەڵپەسێراوەکان. نێچیرڤان بارزانی، ئەو سەرکردەیەیی هەموو تەمەنی خۆی لە پێناو کوردستان داناوە.

کەواتا ئەزموون و سەرکردایەتی ماوەی رابردووی نێچیرڤان بارزانی ئەو بە هاونیشتمانی و کوردستانیان دەڵێت، میللەت با ئاسودە بێت و کەشتی بەرەوپێشچوونی کوردستان لەلای کاپتنێکی خەمخۆر و دڵسۆزە و لە ئایندەیەکی نزیک لە کەناری ئارامی لەنگەر دەگرێت هەروەک چۆن پێشتر ئەم سەرکردایەتیە لای پێشمەرگەیەک بوو کە سەرۆک بارزانی بوو، ئەمڕۆش لای ئەندازیارێکی ئاوەدانی و شکێنەری ئابلۆقە و قەیرانەکانە کە قوتابییەکی چەلەنگی سەرۆک بارزانییە و هەڤاڵی دڵسۆزی ڕێبازی بارزانییە.

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی بەدەستهێنان و پاراستنی دەسکەوتەکانە



زینۆ کاکەیی

هەرێمی کوردستان چەند مانگێک دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان و دوای وتارە میژوویییەکەی جەنابی سەرۆک لە کۆیە کە فەرمووی (ئێمە دەبێ بەزووترین کات هەڵبژاردن بکەین و حکوومەت و پەرلەمانمان هەبێت) ئەمە یەکەمین ئاماژەی بنیاتنانی حکوومەتێکی دیموکراسی فرەیی بوو کە ڕێخۆشکەر بوو بۆ گەشەکردن و سەقامگیرکردنی سیستمی سیاسی.

لەماوەی پێکهێنانی کابینە یەک لەدوای یەکەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لەهەموو قۆناغە جیاوازەکاندا سەرۆکایەتی زۆرترین کابینەی حکوومەتی کردووە، کوردستان لەو ماوەیەدا بووژانەوەیەکی ئابووری گەورەی بەخۆیەوە بینی ، زۆرترین پڕۆژەی وەبەرهێنان لەهەموو بوارەکاندا و ڕاکێشان و ڕێ خۆشکردن بۆ وەبەرهێنەرانی بیانی بۆئەوەی دەستیان هەبێ لەئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا لەسەردەستی بەڕێزیان بوو ، بۆیە دەبینین ئێستا کوردستان لەڕووی ئاوەدانییەوە بەیەکێک لە ئاوەدانترین ناوچەکانی ڕۆهەاڵتی ناوەڕاست ، هەر بۆیە بۆیەکەمجار هەولێر بە (پایتەختی گەشتیاری وڵاتانی عەرەبی) دەسنیشانکرا.

یەکێکی تر لەو سێکتەرە گرنگانەی کە بەڕێزیان بوێرانە دەستی بۆبرد مەسەلەی مافەکانی ئافرەت بوو ، پێشتر بەهۆی خراپی بارودۆخی کۆمەاڵیەتی و سیاسی و بەبیانوی ناموس پاریزی بابەتی ژن کوژی بووبوە دیاردە ، ئەمەش بەخراپ لەسەر دۆزی کورد لە دەرەوە دەکەوتەوە ، بەاڵم بەڕێزیان بەچەند قۆناغێک ئەم دیاردە قیزەونەی کوردستان لەئەگەری ڕووخانێکی حەتمی ئابووری ڕزگار بکات ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەندێ وەزیر لەهەندێ لایەن لە حکوومەت کشانەوە و ئەویان بەتەنها بەجێهێشت و ئیدیعای ڕوخاندنی حکومەتەکەیان دەکرد ، بەاڵم بەردەوامی و کۆڵنەدانی دەوڵەتمەدار وەهای کرد کە هەر خۆشی ئەم بەهارە بووە مژدەبەخشی نەمانی سیستمی پاشەکەوتی مووچە و بوژانەوەی ئابووری کوردستان.

لەڕووی سیاسیشەوە لە ڕۆژی ڕەشی 16ی ئۆکتۆبەر کوردستان و حکوومەتەکەی لەبەردەم هەڕەشەی جددی لەناوچوونداbox 3:0.049,0.000,0.951,0.180 بوو ، بەاڵم بەڕێزیان بەچەند قۆناغێک ئەم دیاردە قیزەونەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژی ژنان ، بەستنی چەندین کۆنفرانس و پانێل لەمەڕ ئەو پرسە و بەخشینی خەاڵت بە چاالکوانانی ئەو بوارە .

یەکێک لە دژوارترین ڕۆژگارەکانی خەڵکی کوردستان لەم دواییانەدا بریتی بوو لە قەیرانی (بڕینی مووچە و بودجەی کوردستان و هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان) کە دەتوانین بڵێین کەم حکوومەت دەتوانێت ئیدارەی وەها قەیرانێک بدات ، بەڕێزیان بەئیرادەیەکی پۆاڵین و بە بەرنامە و پاڵنی تۆکمە توانی ئەو مەترسییە تێپەڕێنێت و کوردستان لەئەگەری ڕووخانێکی حەتمی ئابووری ڕزگار بکات ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەندێ وەزیر لەهەندێ لایەن لە حکوومەت کشانەوە و ئەویان بەتەنها بەجێهێشت و ئیدیعای ڕوخاندنی حکومەتەکەیان دەکرد ، بەاڵم بەردەوامی و کۆڵنەدانی دەوڵەتمەدار وەهای کرد کە هەر خۆشی ئەم بەهارە بووە مژدەبەخشی نەمانی سیستمی پاشەکەوتی مووچە و بوژانەوەی ئابووری کوردستان.

لەڕووی سیاسیشەوە لە ڕۆژی ڕەشی 16ی ئۆکتۆبەر کوردستان و حکوومەتەکەی لەبەردەم هەڕەشەی جددی لەناوچوونداbox 3:0.049,0.000,0.951,0.180 بوو ، بەاڵم بەڕێزیان بەچەند قۆناغێک ئەم دیاردە قیزەونەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژی ژنان ، بەستنی چەندین کۆنفرانس و پانێل لەمەڕ ئەو پرسە و بەخشینی خەاڵت بە چاالکوانانی ئەو بوارە .

یەکێک لە دژوارترین ڕۆژگارەکانی خەڵکی کوردستان لەم دواییانەدا بریتی بوو لە قەیرانی (بڕینی مووچە و بودجەی کوردستان و هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان) کە دەتوانین بڵێین کەم حکوومەت دەتوانێت ئیدارەی وەها قەیرانێک بدات ، بەڕێزیان بەئیرادەیەکی پۆاڵین و بە بەرنامە و پاڵنی تۆکمە توانی ئەو مەترسییە تێپەڕێنێت و کوردستان لەئەگەری ڕووخانێکی حەتمی ئابووری ڕزگار بکات ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەندێ وەزیر لەهەندێ لایەن لە حکوومەت کشانەوە و ئەویان بەتەنها بەجێهێشت و ئیدیعای ڕوخاندنی حکومەتەکەیان دەکرد ، بەاڵم بەردەوامی و کۆڵنەدانی دەوڵەتمەدار وەهای کرد کە هەر خۆشی ئەم بەهارە بووە مژدەبەخشی نەمانی سیستمی پاشەکەوتی مووچە و بوژانەوەی ئابووری کوردستان.

لەڕووی سیاسیشەوە لە ڕۆژی ڕەشی 16ی ئۆکتۆبەر کوردستان و حکوومەتەکەی لەبەردەم هەڕەشەی جددی لەناوچوونداbox 3:0.049,0.000,0.951,0.180 بوو ، بەاڵم بەڕێزیان بەچەند قۆناغێک ئەم دیاردە قیزەونەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژی ژنان ، بەستنی چەندین کۆنفرانس و پانێل لەمەڕ ئەو پرسە و بەخشینی خەاڵت بە چاالکوانانی ئەو بوارە .

یەکێک لە دژوارترین ڕۆژگارەکانی خەڵکی کوردستان لەم دواییانەدا بریتی بوو لە قەیرانی (بڕینی مووچە و بودجەی کوردستان و هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان) کە دەتوانین بڵێین کەم حکوومەت دەتوانێت ئیدارەی وەها قەیرانێک بدات ، بەڕێزیان بەئیرادەیەکی پۆاڵین و بە بەرنامە و پاڵنی تۆکمە توانی ئەو مەترسییە تێپەڕێنێت و

مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستانە ئاسۆی هێز و ئاسایشە بۆ حکوومەتێکی پیشەگەرانە





د. هوشیار مزەفەر عەلی ئەمین*

دەستەواژە بەناوبانگەکەی رێزدار مەسرور بارزانی بە درێژایی کات لە وەسفی بژاڤی رزگاریخوازیی کورد و دەوڵەتی خەون و رابوونەوەی پارتی بریتییە لە:" پێم وابێت ئەو خەونە نامرێت". مەسرور بارزانی، کە کوڕی سەرۆک و نەوەی سەرکردە و باپیرانی سەرکردەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد و هێشتا بنەماکانی ئاسایش و دڵنیاییە بۆ دەوڵەتی کوردستان و کۆمەڵ و حکوومەت و حزب و هەتا ئۆپۆزسیۆنیش.

بۆ خۆی کەسێکی زۆر راشکاوانەیە لە رووی سیاسییەوە و لە هەندێک لە چاوپێکەوتنەکانی دوای پرۆسەی ریفراندۆم، دەڵێ:" لە بەدبەختی خۆمانە، پێمواپێت(لایەنی بەغدا)، بە دەستی ئەنقەست خراپ لە نیازی مەبەستەکەمان تێگەیشتووە، چونکە گوزارشتکردن لە دەربڕینی ویستێک مانای ئەوە ناگەیەنێت بگاتە رادەی ڕووبەڕووبوونەوە... و ئەمە ئەو حاڵاتەیە، کە کار بەرەو خراپی دەکەوێتەوە". ئەمە بەڵگەی هۆشیاریی سیاسیی و ئیستراتیژیەتی ئەو پیاوە ئاسایش بە ئاراستەی باش دەڕوات بەو پێیەی رێزدار نێچیرڤان بارزانیش سەرۆکی هەرێمە. لەبەر ڕۆشنایی ئەو تێڕوانینەی هەردەم سەرۆک بارزانی جەختی لێ کردۆتەوە. مەسرور بارزانی، کە ئەمڕۆ بۆتە سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، تێڕوانینێکی ستراتیژی سەرپەرشتیکارانەی هەیە، هەندێک لە مۆرکەکانی لە لێدوانەکانی بەدیاردەکەوێت، کە پێشبینی دەکات بەر لە ڕوودانی. بۆ نموونە لە شەڕی داعش سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێنا لەو شەڕەی کە لە رشتەی ئاسایش و هەواڵگرییەوە بەسەر داعش زاڵ بوو. وەک پێشتر بۆ ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی لە لێدوانێکدا ڕوونیکردەوە، کە "دەستبەسەرداگرتنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش، ئامانجی سەرەکیمان بوو لە شەڕەکە و بۆ ئەم مەبەستەش قوربانی زۆرمان دا. لەگەڵ ئەمەشدا ئەنجامی شەڕەکە بۆ عێراق و سوریا ڕوون و ئاشکرایە". مەسرور بارزانی بۆ ئەم تێڕوانینەی پشتی بەستووە بە تێڕوانینە حکوومی، نیشتمانی، حزبی و ئایشییەکەی سەرچاوەی هێزە بۆ دەزگەکانی سەرۆکایەتی وەزیرانی هەرێم، هەنگاوەکانی فراوانتر دەکات بەرەو دوارۆژێکی پڕشنگدارتر، بەهێزێکی گەورەتر بەبێ ئەوەی سەری بچەمێنێت بە ڕووی هەر گوشارێان هەڕەشەیەک".

مەسرور بارزانی وەک سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پیاوێکی کاریگەر دەبێت و هەموو تواناکانی ئاسایشی لە ئاسایشی دامودەزگەکانی هەرێم تەوزیف دەکات وەک چۆن لە رابردوو و ئێستادا بینیومان کارەکانی بە سەرکەوتوویی بەڕێوەبردووە ئەوهاش لە دوارۆژدا دەبینین بە هەمان شێوە و ئاسۆی هێزی زیاتریش دەبێت.

*** سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.**

- ئەم گوتارە بەزمانی عەرەبی، تایبەت بۆ «خەبات» نووسراوە.

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شوان سەرابی



شێرکۆ حەبیب

بەرەو کوردستانێکی بەهێزتر

لە میانەی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ڕابردوو، پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر بە شانازی و لەخۆبوردەیی، دروشمی بەرەو کوردستانێکی بەهێزی بەرز کردەوە، پارتی بە متمانە بوون بە خەباتی زیاتر لە 70 ساڵ و ڕێبازی پیرۆزی جەنابی مەلامستەفا بارزانی نەمر و زیاتر لە نیو سەدە خەبات و تێکۆشانی ڕابەری کورد جەنابی سەرۆک بارزانی، و متمانە بوون بە کادیر و لایەنگرانی ئەو دروشمەی بەرزکردەوە، چونکە دروشمێکی ساده نییە بەڵکو دروشمێکە کە دەبێ خەبات و تێکۆشانی بۆ بکرێت، هەر بۆیە لە دوای ڕاگەیاندنی کۆتا ئەنجامی هەڵبژاردن پارتی یەکەم هەنگاوی سەرکەتووانە بەدەست هێن بە دابینکردنی ٤٥ کورسی پەرلەمان کە ئەمە هەنگاوێکی سەرەکی متمانەی جەماوەری کوردستان بوو، لەم ڕوانگەوە پارتی مافی خۆیەتی کە بۆ هەردوو پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کاندیدی هەبێت، ئەوە بوو سەرکردایەتی پارتی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم و ڕێزدار مەسرور بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەڵبژارد، بێگومان ئەگەر کاندید کردنی ئەو دوو بەرێزە کارێکی ئاسایی و سروشتی پارتی بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا تێڕوانینی پارتی نیشان دەدات بۆ جێ بەجێکردنی ئەو دروشمە کە بونیادنانی کوردستانێکی بەهێزتر، ئەگەرچی ئەو دوو بەرێزە پێگە و سەنگی تایبەتیان لە ناو پارتی هەیە، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کەوا لە لایەن زۆربەی کوردستانیان و حزبەکان خاوەن پێگە و ڕێزی تایبەتن، نەک هەر ئەوە بەڵکو لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە و جیهانیش جێگای ڕێزن و پێشوازی گەرمیان لێکرا.

لە ماوەی چوار ساڵی ئایندەی تەمەنی سەرۆکایەتی هەرێم یا سەرۆکایەتی حکوومەت، کارەکان ئاسان نین بەڵکو زۆر لەمپەر و کۆسپ هەن کە دەبێ بەژیری و بایەخەوە کاری بۆ بکرێت بۆ بونیادنانی کوردستانێکی بەهێزتر، بێگومان پاڵپشتی ڕابەری کورد جەنابی سەرۆک بارزانی و کارامەیی و شارەزایی هەردوو بەڕێزان کاک نێچیرڤان و کاک مسرور، سەرکەتوو دەبن بەسەر هەر کۆسپ و تەگەرەیەک.

لەم کات و ساتەدا ئەوەی گرنگە یەکڕیزی نێومااڵی کورد و موزایەداتی حزبی نەکردن، گرفت و کێشەکانی نێوخۆی هەندی لایەن نەبێتە هۆی ئاڵۆزی پەیوەندییەکانی نێوان لایەنە کوردستانییەکان و ئەو لایەنەی کە هەژموونی دەرەکی یا باڵ باڵێن زاڵە بەسەریاندا دەبێ بەیەک بربار و هەڵوێست بۆ چوونەکانیان بخەنەروو، چونکە کاریگەری سلبی دەبێت لەسەر سەرجەم بوارەکانی نێومااڵی کوردستانیان، هەروەها نابێ بابەتەکان تێکەڵ بەیەکدی بکەن و دڵەڕاوەکێ بخەنە نێو کوردستان، یا موزایەدەی ئەم شار و ئەو شار بکەن سەرتاپای کوردستان بۆ هەموو لایەک، هەروەها یەکێک لە کارەکان حکوومەتی هەرێم چارەسەرکردنی گرفت و ئاڵۆزییەکان لە نێوان بەغدا و هەرێمە لەسەر بنەمای برگەکانی دەستور، بەتایبەتی ئیستا لە کابینەی بەڕێز عادل عبدوالمهدی بارێکی گونجاو ڕەخساوە، هێور کردنەوەی بارودۆخی کەرکوک بۆ پێش کارە خیانەتکارەکەی ١٦ ئەکتۆبەری ٢٠١٧، لەسەر ئاستی کوردستانیش دەبێ هەوڵێکی زۆر بدرێت بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و دوو موچەیی و هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی بێ یاسا بەتایبەتی پلە سەربازییەکان.

میللەت چاوەڕوانی ئایندەیەکی گەشە بۆ گەیشتن بەکوردستانێکی بەهێزتر و ئازاد.

ب ئێکگرتنا مە کوردان دێ سەرکەڤین



کلحی نعمت /زاخو

سەیرە جیهانێ ئەڤرو ئەم تێدا دژین ,کو رۆژ بو رۆژێ گوند و باژێرو دەولەتێن جیهانێ تێک دشێلن ,ب گوتنێن هەڤدژ بەرامبەر ئێک ودوو رادوەستن و پیلانان دادرێژن ژبو بن ئاخکرن و نەهێلانا توخم و نفشێ ئێکودوو لسەر ئێ زەمینا بەرفرەه و مەزن یا خودایێ ئێکانە پێشکیشی مروڤان کری.

لێ هەتا کەنگی هندەک دەولەت بقی ڕێبازێ بچن و بتنێ پەسن و مەدحا بو خوە بکن و خوە بلند بفرێنن و ئاستێ خوە بێن دەرونی هەر شادبکن وەکی هەتاڤێ جارو باران تیروژکێن خوە بشارینت وهارودینبکت و حەزبکت بەرامبەری خوە بسوژت و نەهێلت سەرێ خوە راکت و چ پەیڤا بو وان هزرا نەدانت.

گەلێ کورد چەند جاران کەفتییە لبەر هێرش و داگیرکرنێ و زوردار و ستەمکار و جینوسایکرنێ، هەر ژ کەڤندا و هەتا ئی سەردەمێ ئەم تێدا دژین ,و هیشتا ئەم پشتراست نەبووینە ژ خوشییا ژیانێ و هەر درەڤ و بازدان و کوچکرن و دەربەدەرکرنا خەلکێ مە بێ جیوازییا نەتەوە و ئایین و مەزهەبان . لێ ملێن گەنج و لاوێن مە بچەکن بەرامبەر نەحەزو داگیرکەرو تیرورستان راوەستاینە و دوژمنێت گەلێ کوردستانێ هەمی دەمان نەڤێیان کوردستان ب ئازادی بژیتن و ڕێک ل سەربەخوو ئازادی و دیموکراتی و ئاشتییا وی دگرتن و هەر ژ کەڤندا هەر دەما پەیڤا سەربەخویا کوردستانێ هاتبایە کرن ئاڤچاڤێن دەوروبەرێن مە و نەحەزو دوژمنێت کوردستانێ چاڤبارەنەدکرن و هەر پیلان دانان ژبو بێدەنگ کرنا مافێن مە یێن ڕەوا یێن مللەتێ کورد و هەر ئیکسەر دگوتن دی دژی وێ ڕاوەستین و ناهێلین کورد ب سەلامەتی بژیت و هەر دێ لبن دەستێن مەدابن ,و نەحەزان دگوت هیڤی و ئومێدێن خەلکی کوردستانێ دێ ژنافبین و لوان دکین تاریستان و بهەمی هێزێن خوە یێن لەشکەری هێرشێ کوردان کین کو چەندین گوند و باژێر ژی سوتن ,لێ شورەش و سەرهلدانێن کوردستانێ بەردەوامبوون هەتا ئازادیا نوکە ئەم تێدا دژین و ئەڤرو گەلێ مە بویە خودان حکومەت و پەرلەمان ئەوا ب بەرهەمێ خوینا پیشمەرگێن قارەمان و جانفیدان و شەهیدو بریندارانا هاتی دیتن و خەلکێ مە ب دلسوزی جانێ خوە کرن خەلات بو ئازادییا کوردو کوردستانێ و پاراستنا دەستکەفتێن گەلێمە ,و پێشمەرگێن قارەمان سترانا شڤان پەروەری بدەنگێن خوە یێن بلند دگوتن (سەرهلدان ژیانە و بەرخودان ڤیانە) ,وەک هێما راگەهاندن و (یان کوردستان یان نەمان) بو گوتنا هەر شورەشڤانەکێ ڤی وەلاتی و ئەڤرو پشتی سەرکەفتنا پیشمەرگێن قارەمان دهەمی سەنگەرێن بەرەڤانیکرنا سنور و خەلکێ کوردستانێدا بێ جیوایا مروڤان و دەستپێکرنا راستەقینەیا چاکسازییا دناف دام و دەزگەهێن حکومی و لەشکەری و پێشکێشکرنا خزمەتگوزاریان بو هاوڵاتییێن هەرێما کوردستانێ ,چاڤێن نەحەزو و دوژمنان ب سەرکەفتنێن پێشمەرگێن قارەمان نە رادبین و هەروەسا پەیدابوونا گەلەک دوست و هەڤال و پشتەڤانێن کوردستانێ کو ڕۆژانە لسەرانسەرێ جیهانێ ڕێزێن تایبەت ل بەریز کاک مسعود بارزانی مەرجەعێ گەلێ کوردستانێ و بەریز نیچیرڤان بارزانی سەروکێ هەرێما کوردستانێ و پێشمەرگێن قارەمانێن مە دگرن و ئەڤە جهێ شانازییا هەر کوردپەروەرەکییە دەمێ دکوربەندێن جیهانیدا سەروکێ هێژا بەریز کاک مسعود بازانی پشکدار و پەیاما گەلێمە دگەهاند جیهانێ و نوینەرێن بارزانی پشکدار ، و ئەڤرو نوینەراتییا گەلێ مە دهێتکرن و ب پێشوازییێن گەرم دیدارو چاڤپێکەفتن و ڕێکەفتنان دگەل وەفدێن کوردستانی دکرن. لێ دیاربوو پیلانێت نەحەزێن کوردستانێ کا گەهشتییە چ ڕادە و کیڤە دهێت ڕاوەستاندن و ئەو خوزبکێن وان هەمی بونە خەون و هەر نەشیان کوردان بەرزەبکن و ژناڤبن ,بەلکو پتر هاتن ناف ڕێزین دەولەتێن زلهێز و پشتەڤان بو گەلێ مە هەر پەیدا کرن هەتا ڕاگەهاندنا دەولەتا کوردستانێ ,

ئەڤرو هاولاتییێن هەرێمی و هەر کوردەکی هەبت ل جیهانێ و دوست و هەڤالێن مە باش دزانن کا ڕولێ سەروک بارزانی چەند گرنگە و چاوا هەڤسەنگییا هەرێمی و دەڤەرێ ڕاگرت؟ .

هەروسا دگەل هەڤپەیمانێن مللەتێ کورد ڕێکەفتنان ئیمزا دکت هەتا مللەتێ مە بگەهت ئازادییا دوماهیێ و پەیدا کرنا ئارامیێ بو هاولاتییان کو هەر شادو ئازاد بژیت ,کو بێ ترس و ڕەڤ و ئەنفال ودەربەدەرکرن و جینوسایدکرن .

و ها ئەڤرو دبێژین هەمی پارت و لایەنەکێ سیاسی , زانستی جڤاکی ,دەستێن خوە بکن ناف دەستێن ئێکدا ژبو سەرکەفتنا دوماهیێ ئەڤا هزارها شەهیدو بریندار بو هاتینە پێشکێشکرن و ڤێکرا بگەهێن دەولەتبونا کوردستانێ و دەرمانێ هەمی ئاریشە و ڕاکرنا هەمی قەیرانێن ئابوری و سیاسی یێن ڤی مللەتی مە ب ئیکرێزی و ئێکگرتنا هەمی لایەنێن حزبی و جەماوەری و زانستی دهێت ڕاکرن ,لێ مەزنان یا گوتی (دەستێ بتنێ دەنگ ژی ناهێت) لەورا فەرە دەستێن خوە بکەین ناف دەستێن ئێکدا ژبو خزمەتکرنا هاولاتی و ئاخا خوە یا پیرۆز بپارێزین ودگەل پێشمەرگێن قارەمان پشتەڤان و هاریکارێن ژبو سەرکەفتنێ و بەرهەمێ خوینا شەهیدان ژناف نەبین و هەر بمین بخێر و خوشی و خەون و خوزبکێن خوە باش تێدا هشیارین.

هەروسا هیڤییا ژ خودایێ ئێکانە بکین ,کو گەلێ مە ژ هەر نەحەزو تیرورست و دوژمنەکێ ڤی وەلاتێ مە دویربکەڤت و هەروهەر وەلاتێ مە ب تەناهی و شادی و سەرکەفتی بژیتن و ئاڤەدان و سەرکەفتی بت و هەر بەرزو بلند بت ئالایێ کوردستانێ بژیت پێشمەرگە ژ بژیت ئێکگرتن ژ بژیت کوردستان

مديرية تنفيذ سميل
العدد/ ١٠١٥ /ت / ٢٠١٨
التاريخ /٢٠١٩/٦/١٦
م/ الاخبار بقرار الحجز التنفيذي للاموال الغير المنقولة
اسم المدين (ببي حنا توما)
نخبرك بانه قررت مديريتنا بوضع الحجز التنفيذي على حصتك في حق التصرف في العقار المرقم (١ مقاطعة ٧٢ شيزى) العائدة اليك لقاء الدين المحكوم به البالغ مجموعها (٧٠٠٠٠٠٠٠) سبعون مليون دينار عراقي فيجب عليك اداء المبلغ المترتب بذمتك خلال مدة (عشرة) ايام من اليوم التالي لتاريخ النشر والا فان حصتك في العقار المحجوز ستباع وفقا للقانون وذلك استنادا للمادة (٨٧) من قانون التنفيذ
المنفذ العدل / ريبر سلمان خالد
* * *
مديرية تنفيذ سميل
العدد/ ١١٥٣ /ت / ٢٠١٨
التاريخ /٢٠١٩/٦/١٦
م/ الاخبار بقرار الحجز التنفيذي للاموال الغير المنقولة
اسم المدين (وردية ياقو مروكي)
نخبرك بانه قررت مديريتنا بوضع الحجز التنفيذي على حصتك في حق التصرف في العقار المرقم (١ مقاطعة ٧٢ شيزى) العائدة اليك لقاء الدين المحكوم به البالغ مجموعها (٨٩٠٠٠٠٠٠) تسعة وثمانون مليون دينار عراقي فيجب عليك اداء المبلغ المترتب بذمتك خلال مدة (عشرة) ايام من اليوم التالي لتاريخ النشر والا فان حصتك في العقار المحجوز ستباع وفقا للقانون وذلك استنادا للمادة (٨٧) من قانون التنفيذ
المنفذ العدل / ريبر سلمان خالد
* * *
مديرية تنفيذ سميل
العدد/ ١١٥٢ /ت / ٢٠١٨
التاريخ /٢٠١٩/٦/١٦
م/ الاخبار بقرار الحجز التنفيذي للاموال الغير المنقولة
اسم المدين (فرنسيس يوسف فرنسيس)
نخبرك بانه قررت مديريتنا بوضع الحجز التنفيذي على حصتك في حق التصرف في العقار المرقم (١ مقاطعة ٧٢ شيزى) العائدة اليك لقاء الدين المحكوم به البالغ مجموعها (٦٣٠٠٠٠٠٠) ثلاثة وستون مليون دينار عراقي فيجب عليك اداء المبلغ المترتب بذمتك خلال مدة (عشرة) ايام من اليوم التالي لتاريخ النشر والا فان حصتك في العقار المحجوز ستباع وفقا للقانون وذلك استنادا للمادة (٨٧) من قانون التنفيذ
المنفذ العدل / ريبر سلمان خالد
* * *
مديرية تنفيذ سميل
العدد/ ١١٥٤ /ت / ٢٠١٨
التاريخ /٢٠١٩/٦/١٦
م/ الاخبار بقرار الحجز التنفيذي للاموال الغير المنقولة
اسم المدين (توما يوسف فرنسيس)
نخبرك بانه قررت مديريتنا بوضع الحجز التنفيذي على حصتك في حق التصرف في العقار المرقم (١ مقاطعة ٧٢ شيزى) العائدة اليك لقاء الدين المحكوم به البالغ مجموعها (٦٣٠٠٠٠٠٠) ثلاثة وستون مليون دينار عراقي فيجب عليك اداء المبلغ المترتب بذمتك خلال مدة (عشرة) ايام من اليوم التالي لتاريخ النشر والا فان حصتك في العقار المحجوز ستباع وفقا للقانون وذلك استنادا للمادة (٨٧) من قانون التنفيذ
المنفذ العدل / ريبر سلمان خالد
* * *
مديرية تنفيذ سميل
العدد/ ٢٨٤ /ت / ٢٠١٩
التاريخ /٢٠١٩/٦/١٦
م/ الاخبار بقرار الحجز التنفيذي للاموال الغير المنقولة
اسم المدين (سرة يوسف فرنسيس)
نخبرك بانه قررت مديريتنا بوضع الحجز التنفيذي على حصتك في حق التصرف في العقار المرقم (١ مقاطعة ٧٢ شيزى) العائدة اليك لقاء الدين المحكوم به البالغ مجموعها (٦٧٠٠٠٠٠٠) سبعة وستون مليون دينار عراقي فيجب عليك اداء المبلغ المترتب بذمتك خلال مدة (عشرة) ايام من اليوم التالي لتاريخ النشر والا فان حصتك في العقار المحجوز ستباع وفقا للقانون وذلك استنادا للمادة (٨٧) من قانون التنفيذ
المنفذ العدل / ريبر سلمان خالد
* * *
دائرة كاتب عدل دهوك
العدد / الانذار المرقم ١١٤٠
التاريخ / ١١ /٢٠١٩/٦
م / اعلان
المنذر / شعبان عثمان محمد / وكيله المحامي : زانا مصطفى عيسى
المنذر اليه / محمود سليمان ابراهيم / العنوان مجهولوا محل الاقامة
سبق وان بعت القطعة المرقم (١٠٢٧/١٨) مقاطعة ٨٤ بروشكي بتاريخ ١٩٨٧/٣/١٠ واسلمت ثمنها نقدا وان موكلي المشتري (شعبان عثمان محمد) قام باحاث منشات على القطعة اعلاه منذ تاريخ شرائها وبدون معارضة تحريرية منك وانك لم تقم بتحويل القطعة اعلاه باسم موكلي المشتري لدى مديرية التسجيل العقاري ولكونك مجهول محل الاقامة حسب اشعار المختار المتضمن عدم سكنكم في المحلة الان وكتاب مديرية شرطة نوروز في دهوك المرقم ٢٩٩٨ في ٢٠١٩/٦/١٢ والانذار المرقم ١١٤٠ المصدق لدى دائرة كاتب عدل دهوك في ٢٠١٩/٦/١١ عليه ننذرك ننذرك بوجوب حضورك لدى مديرية تسجيل العقاري في دهوك في الساعة ١٠:٠٠ صباحا من يوم ٢٠١٩/٧/٧ لتحويل ملكية العقار اعلاه باسم موكلي المنذر وفي عدم حضوركم سوف تعتبرون ناكلين عن البيع وسنكون مضطرين الى اقامة الدعوى عليكم في المحاكم المختصة استنادا الى الاحكام قرار مجلس قيادة المنحل والمرقم ١١٩٨ الصادر في ١٩٧٧ وتحميلكم كافة المصاريف واتعاب المحاماة وقد اعذر من انذر
نيدار محمد محمد مهدي المفتي
المدير(كاتب عدل دهوك)
* * *
سەرۆکایەتی لێژنەی بریاری ٢٢٢
ساڵی ١٩٧٧
ژمارە: ١٩٢
رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/١٦
ئاگاداری
ئاگاداری خاوەن پارچە زەویەکانی ژمارە (٢/٢٢ و ٢/١٦ و ٢/٣٠) کەرتی ٢/ گزنە هاوڵاتیان (عبدالله علی محمد و هاشم سلطان عبدالله و جميل محمد عثمان و خديجه عباس كاكل) دەکەینەوە کەوا لێژنەی بریاری (٢٢٢) ساڵی ١٩٧٧ هەڵدەستێت بە کۆزانەوەی بەشێك لە هەر یەکە لەو پارچە زەویانەی ئاماژە پێکراو بۆ بەرژەوەندی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر جا بە خۆتان یان بریکاردارتان ئامادەبن لە رۆژی ٢٠١٩/٧/١ بۆ کەشف بۆ سەر پارچە زەویەکان بەپێچەوانەوە لێژنەکە کاری یاسایی خۆی ئەنجام دەدات.
د.عبدالرحيم عمر مصطفى/ سەرۆکی لێژنە
* * *
دادگای تێهەڵچوونەوە/ بەشێوەی رەسەن
ژمارە/ ٢٠/س/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٩
جاردان
بۆ/ تێهەلچوو لەسەر (دیلمان عبدالخالق عزالدین) شوێنی نیشتەجێبوونی نادیارە تێهەڵچوو (احمد ابراهيم خلف) داوای تێهەڵچوونەوەی ژمارە ٢٠/س/٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی مەلایان لە ٢٠١٩/٤/١١ بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ریگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی ئامادەبوونت خودی خۆت یان بریکاری یاسایت لەدادبینی رۆژی (٢٠١٩/٧/١٧) کاتژمێر ٩/ بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ دەرهەقت بەپێی یاسا.
سەرۆك/ شوان حبيب صالح
* * *
دادگای کەتنی قوشتەپە
ژمارە/٣٣/ك/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ هوراز رحمن حسن
ئاگادارکردنەوە سزا
ئەم دادگایە بریاری دەرکردووە بەژمارە ٣٣/ك/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/٢٩ بە بەندکردنت بۆماوەی (١/یەك ساڵ) بەپێی حوکمی مادە (٤٥٥) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئامادە نەبونت لەبەردەم دادگا بۆیە بریاردرا لە ریگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بریاری سزاکەت بڵاوبکرێتەوە مافی تانوت لێدانت هەیە لە بریارەکە لە ریگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایی دا کە (٣) سێ مانگە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەر/ معتصم امين ليلانى
* * *
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٤٠٥/ج/٢٠١٧
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٠
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ دانیال جبرائیل حمد
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی مادەی ٣١/٤٠٥ لەیاسای سزا و سەلماندنی هەلاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەمادەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەرۆژی ٢٠١٩/٨/٢٦ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادى
* * *

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (MAH) بۆ بازرگانی کەل و پەلی کارەبایی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفى قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٠٣٢٠
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٩
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (MAH) بۆ بازرگانی کەل و پەلی کارەبایی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (MAH) بۆ بازرگانی کەل و پەلی کارەبایی/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/٥/١٤) کە تۆمارە لەژێر (٧٣٥٩) لە رێکەوتی ٢٠١٠/٤/٢٧ بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیا (هوشیار محمد ابراهیم) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەرێز (هەلمت وهاب عبدالرزاق) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٢٩
پشتیوان مصطفى قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (شەمال بایز رسول) بۆ بازرگانی ئامێرە قورسەکان و کەل و پەل/ تاك) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پاریزگاری هەولێر)
پاکتاوکار/ محمد عبدالله رسول
ناونیشان/ هەولێر- مناره
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٦٥٠٠٩٥

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٠٩٦١
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٣
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (شەمال بایز رسول) بۆ بازرگانی ئامێرە قورسەکان و کەل و پەل/ تاك)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (شەمال بایز رسول) بۆ بازرگانی ئامێرە قورسەکان و کەل و پەل/ تاك) لە رێکەوتی (٢٠١٩/٦/١١) کە تۆمارە لەژێر ژمارە (٢٢٢٠٦) لە رێکەوتی ٢٠١٥/٧/٢٨ بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیا (شەمال بایز رسول) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەرێز (محمد عبدالله رسول) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٦/١٣
پشتیوان مصطفى قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (FARYA) بۆ (بازرگانی گشتی - هێنان وبردن / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / بیریڤان عبدالعزیز محمد
ناڤ ونیشان / دهوك - شندوخا
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠١٩١٩٥٥٦

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (Black orchid) بۆ بازرگانی گشتی و پیشەسازی کۆزماتیك/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پاریزگاری هەولێر)
پاکتاوکار/ سیروان عزیز ملا
ناونیشان/ هەولێر- ژووری پارێزەران
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٩٧٧٩٤

ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (ئاڤاهیێن اسکندنافی) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
پاکتاوکەر / ریبار خورشید محی الدین
ناڤ ونیشان / دهوك - گری باصی
ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٥٧٢٢٠١

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٦/١٦
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (دلێر محسن محمد) لە بەرواری ٢٠١٩/٦/١٣ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانیراوە لە (پ. باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمادەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم
مریوان قەرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:
١- ئامێری تشریح کردنی حرف T P.V.C ژمارە/٨٩٧٦٥٣٢٠ دروستکراوی تورکی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢,٥ K.W.
٢- ئامێری خاوێنکردنەوەی شووێنی لحیمی P.V.C ژمارە/٨٩٧٦٥٣٢١ دروستکراوی تورکی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٥ ئەمپێر.
٣- ئامێری لحیم کردنی P.V.C ژمارە/٨٩٧٦٥٣٢٢ دروستکراوی تورکی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢٥ ئەمپێر.
٤- ئامێری فرێزەی نەرمادەو کیلۆنی P.V.C ژمارە/٨٩٧٦٥٣٢٣ دروستکراوی تورکی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ١,٥ K.W.
٥- ئامێری کەتەری عدل و زاویەی P.V.C ژمارە/٨٩٧٦٥٣٢٤ دروستکراوی تورکی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ١,٥ K.W.
٦- ئامێری کەتەری ماسیکەی P.V.C ژمارە/٨٩٧٦٥٣٢٥ دروستکراوی تورکی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ١,٥ K.W.
٧- ئامێری کۆمپرێسەری هەواء ژمارە/٨٩٧٦٥٣٢٧ دروستکراوی تورکی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٥,٥ K.W.

***

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی رووبەری (١٠٦٤)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٢/٦) ك (١٠) سوێرێ هەولێر- پشت سەربڕخانەی هەولێر بەمەبەستی دروست کردنی کۆگا بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو رێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەرێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) رۆژ کە دەست پێ دەکات لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.
د. کمال طیب قادر
بەرێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١٤٩
رێکەوت: ١٦ / ٦ / ٢٠١٩
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٧٨)
پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەێنێت بۆ پرۆژەی (خاوێنکردنەوە و کۆکردنەوەو گواستنەوەی خاشاك لە سنوری سەرۆکایەتی شارەوانی عەنکاوە) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ رۆژی (سێ شەممە) رێکەوتی ٢ / ٧ / ٢٠١٩ دەبێت.
وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا تایبەت بێت بە خزمەتگوزاری پاککردنەوە و مۆڵەتەکەی نوێ کراوە بێت.
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- هێنان بارمتەی سەرەتایی بەبری ٨٠,٠٠٠,٠٠٠ هەشتا ملیۆن دینار بەشێوەی (خطاب ضمان) یان چەکی پەسندکراو لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا نوێ کراوە بێت و لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی نەبێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی رێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (٣٥٠,٠٠٠) سێ سەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆی.
نوزاد هادی مولود
پارێزگاری هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر
سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٥٤
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٦
ئاگاداری
لەسەر داوای هاووڵاتی (زینب علی حمدامین) کچی (علی حمدامین سایل) سەرۆکایەتی لێژنەکەمان هەڵدەستێت بە راستکردنەوەی ناو:- لە (علی حمدامین اسماعیل) بۆ (علی حمدامین سایل) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (١٢٠) کەرتی ٨٧/زیارت, کە لەساڵانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراوە, پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکات لە رێکەوتی (٢٠١٩/٧/٢) کارەکەمان ئەنجام دەدەین.
کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:١٠١٢/ش/٢٠١٩/٢
رێکەوت:٢٠١٩/٦/١١
جاردان
بۆ داوالێکراو فتاح سلیمان فتاح شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە ١٠١٢/ش/٢٠١٩/٢ وە لەبەرواری ٢٠١٩/٥/١٤ بڕیاریدا لەسەر (تصدیق الطلاق) لەنێوان تۆ و داواکار (ارخوان کانبی احمد) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی ژیان بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە رۆژ لە رۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانەو, بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.
دادوەر/طارق حسین کریم

***

دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە:١٩٧/ب/٢٠١٩/٢
رێکەوت:٢٠١٩/٦/١١
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (سعدیة یاسین عبدالله)
داواکاران (سعدیة و عدویە و گلیزار و سلطانة و وزیرە و فوزیە و کول بهار, میراتگرانی مردوو عبدالرحمن اسماعیل عباس) داوای ژمارە (١٩٧/ب/٢٠١٩/٢) ی لەم دادگایە تۆمارکردبوو لەسەر (سعدیة یاسین عبدالله) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی اشعاری موختاری (هەولێر/ گەرەکی مستوفی) لە ٢٠١٩/١/٢٣ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت بەداوای (تخلیە) لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی (٢٠١٩/٦/٢٤) کات (٩)ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ قباد شیرزاد نوری

***

دادگای بەرایی بەردەرەش
جاردان
داواکار/ علی سامی فتحی- دانیشتووی روفیا- حسینی
داوالێکراو/ احمد محمود طاهر- شوێنی نیشتەجێبوونی نادیار
داواکار داوای ژمارە (٢٤١/ب/٢٠١٩) لە دادگای بەرایی بەردەرەش لەسەرت تۆمارکردووە سەبارەت بە پایەندبوون بە پارە بەبری (١,٧٤٦,٠٠٠) یەك ملیۆن و حەفت سەدو چل و شەش هەزار دینار وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بریاردرا بە ئاگادارکردنەوەی بەرێگای بڵاوکردنەوەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەرامبەر ئەم دادگایە رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٦/٢٤) یان ناردنی بریکارت وە بەپێچەوانەوە دادبینی دەکرێ بەرێگای پاشملە
دادوەر/ فرهاد سلیمان حسن

***

سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو
مولکایەتی و زەفی و زار
ژمارە: ٢٥٧٥/٣٠١/٢/٢
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٦
ئاگەهداری
لدویف نفیسارا ریڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ ژمارە (٤٤٨١ ل ٢٠١٩/٥/٢٢) کو ئامازە دایە ب نفیسارا ریڤەبەریا نەخشدانانا ئافەدانی ل دهوکێ ژمارە (١٣٨٥ ل ٢٠١٩/٥/١٩) سەبارەت راستکرنا نەخشێ روونکری یێ گوندێ زانکۆیێ ژمارە (٤١٥) لدویف داخازا سەروکاتیا زانکویا زاخو ب نفیسارا وان یا ژمارە (٦٢٤ ل ٢٠١٩/٣/١٠) و لدویف یاسایا ریڤەبەریا شارەوانیان یا ژمارە (٦) یاسالا ١٩٩٣ بەندێ (٢٥) شارەوانیا زاخو ئاگەهداریا هەمی هاوەلاتی و جهێن پەیوەندیدار دکەت بۆ ماوێ (٣٠) سیھ رۆژا هەر ژ رۆژا بەلافکرنا ئاگەهداریێ ل رۆژنامێ دا هەر کەسێ شو لەژێ ماف هەیە ژبۆ دیارکرنا نەرازیبوونا خو یان هەر پێشنیارەکا هەبت دەربارەی قی نەخشەی پێش کێش بکەت بو شارەوانیا زاخو ل ماوێ ئاگەهداریێ.
ئەندازیار / بشار منیب محمود
سەرۆکێ باژێرڤانیا زاخو

***

ریڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ
بەشێ مولك و زەفی و زار
ژمارە: ١٨/٣٠٠/١/١
رێکەفت: ٢٠١٩/٦/١٦
ئاگەهداری
لدویف یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر قی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ دوویێ بو جارا دووێ رادگەهینیە کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (٣٠) سیھ پارچێن ئەردی بێن ژمارە (١١٤٧٨/١ ، ١١٤٨٢/١ ، ١٢٤١١/١ ، ١١٥٨٥/١ ، ١٢٧١٥/١ ، ١٢٧١٦/١ ، ١٢٧٣٩/١ ، ١٢٩٥٨/١ ، ١٢٩٧٧/١ ، ١٣٠٤١/١ ، ١٣٠٤٦/١ ، ١٣٣٨٢/١ ، ١٣٣٨٣/١ ، ١٣٤٠٠/١ ، ١٣٥٧١/١ ، ١٣٥٧٨/١ ، ١٣٥٨٧/١ ، ١٣٧٧٦/١ ، ١٣٩٠٧/١ ، ١٦٢٧٦/١ ، ١٦٢٨٢/١ ، ١٦٢٨٦/١ ، ١٦٤٣٥/١ ، ١٦٤٣٦/١ ، ١٦٤٤٩/١ ، ١٦٥١٥/١ ، ١٦٥٧١/١ ، ١٦٦٧١/١ ، ١٦٦٧٢/١ ، ١٦٧٠١/١) ل کەرتێ ٤١ گرێ پانێ و هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئیك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا فایدە بکەت د ماوێ ١٥ پازدە روژا دا ژ بەلافکرنا ئەو ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرئیك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا فایدە دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.
ئەندازیار/ دیار بحری رسول
ریڤەبەریێ گشتی

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ٣٦٣/ج/٢٠١٩
رێکەفتی: ٢٠١٩/٦/١٠
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ رەڤی/ عدنان دانیال یعقوب
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٣٦٣/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها ڤەکولینێن دەستپاکیێ ل زاخو ب هژمار ٣٣/ق.ك/٢٠١٦/٣ ل سەر مادەێ ٣١٦ ژ یاسا سزا, ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلافکرنێ ب دوو رۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری قێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠١٩/٩/٥ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی قێ چەندێ دادگەهکرنا هەوە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ غازی خلیل شنگالی
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو

***

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Rig Welder
Work Location	Tawke-Zakho (Field)
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Key Responsibilities:
- Responsible to follow all applicable DNO company and corporate policies and knowledge of safety standards and musts to use protective clothing (PPE, including face-shield, gloves etc.)
- Read and interpret plans, blueprints and other written instructions and diagrams to perform task at hand
- Perform MIG, TIG and other types of weld based on project needs up to 6G position
- Field install welds, including duct work, light fixtures, metal sheeting and other parts
- Demonstrate the ability to produce welds that are 100% x-ray quality and visually acceptable per the construction code ASME B31.3.
- Organize and maintain personal and company tools, equipment and work area in a professional manner

Required Qualifications & Experience:
- High school diploma peered
- 4+ years' experience operating as welder for oilfield company preferably rig site experience
- Knowledge using SMA, GTA, or FCA welding processes
- Perform assigned tasks without the need for direction from supervisor
- Can understand and speak English language
- Knowledge of rig site practices and safety procedures
- Good English language skills - able to speak

Notes for interested Candidates
- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	HSE Technician
Work Location	Tawke-Zakho (Field)
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

1. Leading by example through demonstration of HSE Critical Behaviours.
2. Active participation in Incident and Investigation processes, including Lessons Learned from Incidents.
3. Participating in HSE audits, inspections and reviews.
4. Supporting / Participating in Emergency Drills and Exercises as required.
5. Reporting all Accidents/ Incidents and Unsafe Acts/ Conditions in a timely manner.
6. Assist in the production and revisions of Standard Operating Procedures, Operational Instructions and HSE Plans.
7. Assist in the review and production of Risk Assessments, Job Safety Analysis and ensure their application.
8. Take an active role during Tool Box Talks.
9. Assistance and support to department heads in the development of their respective HSE Meetings.
10. Supporting the HSE aspects of the DNO ASA Permit to Work processes.
11. Implementation of risk reduction & mitigation measures as identified.
12. Actively monitor HSE aspects of all processes and documentation.
13. Actively promote the corporate HSE compliance monitoring tools.
14. Auditing and review of HSE systems and processes
15. Implement Behavioral safety improvement initiatives, with the focus to develop an intervention culture.
16. Monitoring compliance with DNO ASA Safety Management Systems.
17. Carry out HSE Safety Inductions as required.
18. Carry out daily duties as assigned, by Rig Manager.

Required Qualifications & Experience:
1. Recognized qualification in Health and Safety / Environmental Management, at least at certificate level.
2. Minimum 2 years' experience in the oil and gas industry.
3. Computer literate with ability to use Microsoft: Outlook, Word, Excel, PowerPoint.
4. English language level of Upper Intermediate. (Good oral and written skills)

Notes for interested Candidates
- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

دادگەها تاوانێن دهوکێ/۲
ژمارە: ۳۸۰/ج/۲۰۱۹
ڕێکەفتی: ۲۰۱۹/٦/۱۱
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ ڕەقی/ جلال احمد سعید
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ۳۸۰/ج/۲۰۱۹ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن مهد ب هژمار ۲۰۱۸/۳ ل سەر مادەێ ٤۰٦ ژ یاسا سزا, ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕۆژا ۲۰۱۹/۹/۹ بو دادگەهکرنا تە و بەرۆفاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا هەوە هێتە کرن ب پاشمللە ل دویف یاسایێ.
دادەر/ غازی خلیل شنگالی
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوکێ/دوو
* * *
دادگەها تاوانێن دهوکێ/۲
ژمارە: ۱۲۹/ج/۲۰۱۹
ڕێکەفتی: ۲۰۱۹/٦/۱۰
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکرێن پاشمله (حیدر صالح سعدی و عمر صالح سعدی)
ڤێ دادگەهێ بڕیارل سەر هەوە دا ب زیندانکرنێ بۆ هەتاهەتایێ ل دویف مادەێ (٤۰۵) ژ یاسا سزا, د کێشا ژمارە (۱۲۹/ج/۲۰۱۹) ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا سێمێل ب ژمارە ۲۰۱۸/۷۰ دا هوون بهێنە ئاگەهدارکرن ب ڕێکا بەلاڤکرنێ ل دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی و هەوە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی ل سەر بریارا پاشمله ل دەمێ شەش هەیڤان ژ ڕێکەفتنا ئاگەهدارکرنا هەوە ب ڕێکا بەلاڤکرنێ ل دوو ڕۆژنامێن ناڤخۆ و بەرۆفاژی بریارا پاشمله دێ ل جهێ بریارا حازربوونێ بیت.
دادەر/ غازی خلیل شنگالی
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوکێ/۲
* * *
دادگەها کەتن ل سێمێلێ
ژمارە: ٤۹۹/کەتن/۲۰۱۹
ڕێکەفتی: ۲۰۱۹/۵/۲۷
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ ڕەقی/ فرات محمد احمد
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ۱۸۷/اساس/۲۰۱۸ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها برایەتی یا بەرهنگاربوونا تۆندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان لدیف بەندێ (۲ ژ یاسا ژمارە ٦ یا سالا ۲۰۰۸) ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕۆژا ۲۰۱۹/۸/۱ بو دادگەهکرنا تە و بەرۆفاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە (غیابی) لدیف یاسایی.
دادەر/ بیان ادیب رشید
دادەرا دادگەها کەتن سێمێل
* * *
دادگەها کەتن دهوك
ژمارە:۹۷٤/ج/۲۰۱۹/۲
ڕێکەفتی:۲۰۱۹/۵/۲۹
بۆ تۆمەتباری ڕەقی (واحد ابراهیم حسین)
ئاگەهدارکرن
توی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (۹۷٤/ج۲۰۱۹/۲) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل بنگەهی پۆلیسێن نوروز ل سەر مادەێ (٤۵٦) یاسا سزای ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بڕیار هاتە دان هن بهێینە ئاگەهدارکرن ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامی ناڤخۆیی, دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕۆژا ۲۰۱۹/۷/۱۰ بەرۆفاژی دادگەریا تە پاشمله (غیابیا) دێ هێتە ڕێڤەبرن ل دویڤ یاسایێ.
دادەرێ ئێکێ/ عصمت کولیك اسماعیل
* * *
دادگەها کەتن دهوك
ژمارە:۹۷۷/ج۲۰۱۹/۲
ڕێکەفتی:۲۰۱۹/۵/۲۹
بۆ تۆمەتباری ڕەقی (نوری کریم مصطفی)
ئاگەهدارکرن
توی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (۹۷۷/ج۲۰۱۹/۲) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل بنگەهی پۆلیسێن نوروز ل سەر مادەێ (٤۵۷) یاسا سزای ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بڕیار هاتە دان هن بهێینە ئاگەهدارکرن ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامی ناڤخۆیی, دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕۆژا ۲۰۱۹/۷/۱۱ بەرۆفاژی دادگەریا تە پاشمله (غیابیا) دێ هێتە ڕێڤەبرن ل دویڤ یاسایێ.
دادەرێ ئێکێ/ عصمت کولیك اسماعیل
* * *
دادگای باریّ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ٦۳۹/ش/۲۰۱۹
ڕێکەفت/ ۲۰۱۹/٦/۱۳
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشمله
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (سامی نوری حسین) ڤێ دادگەهێ ل ڕێکەفتی ۲۰۱۹/٦/۱۲ ێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە تومارکرن ژ لایێ داواکار (ژیان جهور عبدی) بریاردا ب (تفریق قبل الدخول) دناڤبەرا تە وهەڤژینێ تە یێ داواکار دا بالصیغە التالیە (اقسم باللە العظیم بانی وبعد زواجی من المدعیە ژیان جهور عبدی بتاریخ ۲۰۱۲/۵/۱۳ بموجب عقد الزواج المرقم ۲۰۱۲/۲۳ قمت بالایفاء بحقوقها الزوجیە وطلبتها للزفاف لاکثر من مره الا انها هی من تسببت ومن دون عذر شرعی فی اتمام مراسیم الزفاف وعدم حصول الدخول الشرعی بیننا لحد الان ولا اساس من الصحه لدعواها واللە) وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دەه ڕوژان ژ ڕوژا ناگەهدارکرنا تە ل ڕۆژنامێ وبەرۆفاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادەر / مروان عادل اسماعیل
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/۵
ژمارە: ۳۳۰/ب/۲۰۱۹
ڕێکەوت: ۲۰۱۹/٦/۱٦
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (کمال و نظمی و فخریه و سعاد و حربیه مندالانی جمال جمیل و زیبا کیکاس و اقبال عبدالله)
ئاماژە بە داوای بەرایی ژمارە (۳۳۰/ب/۲۰۱۹) کە تۆمارکرابوو لەسەرتان لەلایەن داواکار (مشیر قرژك عزیز هاوبەشەکانی) ئەم دادگایە لە ڕۆژی (۲۰۱۹/٦/۱۱) بەپاشمله بریاری دا بە پابەندکردنت بەنەهێشتنی کۆبەشی لەسەر مولکی ژمارە (۱۲۲/جلد ۸۵/۳۲٤ خانقاه وە دانی بری ۲۰۰۰۰۰۰ دوو ملیون دینار وەکو ماندووبوونی پارێزەرایەتی لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بەپێڕاگەیاندنتان لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی وە ئێوە مافی نارەزایی (اعتراض) و تێبەلچوونەوەو پێداچوونەوە تان هەیە لەبریاری پاشملەی دادگا لە ماوەی یاسای دا ئەگەر نا بریارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ کاوە صدیق حسین
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/۲۳۰۵/۲۰۱٦
ڕێکەوت/۲۰۱۹/٦/۱٦
جارِدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ۳۷۱ کە کەوتوەتە ك ٤۵ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار امین احمد سید محمد سعید کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی مصرف اربیل بەبڕی/ ۱۰,۱۲۰,۰۰۰,۰۰۰ ملیار دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ۱۵ پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ۱۰٪ نرخە قرساوەکەیەتی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / احمد محمد فرزی
۱ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ۳۷۱ ك ٤۵ وارش
۲ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
۳ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ لەبالەخانەیەکی (٤) نهۆم و ژێر زەمین نهۆمی یەکەم مصرف اربیل تێدایە و نهۆمی ۲-۳-٤ هیکل تەنها پەنجەری شوشە بەسەر ڕووپۆش کراوە.
۵ – ڕووبەرەکەی/۱۵۱٤,۵۵ م
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
۷- نیشتەجێکەی/
۸ – نرخی قرساو/ ۹۱۰,۰۰۰,۰۰۰ نۆهەدو دە ملیۆن دینار.
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/۱
ژمارە/٥٤٤/ك/۲۰۱۹/۱
ڕێکەوت/ ۲۰۱۹/۵/۲۹
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ مظفر طاهر انور
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەی ۱٤۳/ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (۹) ی بەیانی لە بەرواری ۲۰۱۹/۷/۲٤ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەی (٤۷۷) لە یاسایی (سزاکان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ۱۳٦/ج/۲۰۱۸/۳
ڕێکەوت: ۲۰۱۹/٦/۱۱
بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: یاسین شهاب احمد
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە داوای ژمارە ۱۳٦/ج/۲۰۱۸/۳ وە پاش دادگایی کردنی پاشملە غیابی ڕۆژی ۲۰۱۹/۵/۲۰ بریاری دەرکرد بە سزادانت بەبەندکردنت بۆ ماوەی حەوت سال بەپێی مادەی ۱/۳۹٤ لە یاسای سزایی، بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت ڕادەگەیەنین کە خۆت ڕادەستی ئەم دادگایە یان هەر بنکەیەکی پۆلیس بکە دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە بێ ئەوەی نارازی بی، بە پێچەوانەوە بریاری تۆمەتبارکردنت و سزادانت دەبێتە بریاری ئامادە حکم الوجاهی پاڵپشت بە مادەی (۱٤۳ و ۲٤۳/ أ) لەیاسای بنەماکانی دادگایکردن اصول محاکمات الجزائیە).
دادەر/ زرار محمود مرادخان
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ۵۵/ج/۲۰۱۷/۳
ڕێکەوت: ۲۰۱۹/۵/۳۰
بۆ/ سزادراوانی هەڵاتوو: ولی حسن طه - مصطفی حسن طه - نجام حمد علی
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە داوای ژمارە ۵۵/ج/۲۰۱۷/۳ وە پاش دادگایی کردنی پاشملە غیابی ڕۆژی ۲۰۱۹/۵/۱۵ بریاری دەرکرد بە سزادانتان بە (لەسێدارەدان تاکو مردن) بەپێی مادەی ۱/٤۰٦-أ) لە یاسای سزایی، بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان ڕادەگەیەنین کە خۆت ڕادەستی ئەم دادگایە یان هەر بنکەیەکی پۆلیس بکە دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە بێ ئەوەی نارازی بی، بە پێچەوانەوە بریاری تۆمەتبارکردنت و سزادانت دەبێتە بریاری ئامادە حکم الوجاهی پاڵپشت بە مادەی (۱٤۳ و ۲٤۳/ أ) لەیاسای بنەماکانی دادگایکردن اصول محاکمات الجزائیە).
دادەر/ زرار محمود مرادخان
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ۱٤۰/ج/۲۰۱۸/۳
ڕێکەوت: ۲۰۱۹/٦/۱۱
بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: هاوکار جوهر عبدالکریم
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە داوای ژمارە ۱٤۰/ج/۲۰۱۸/۳ وە پاش دادگایی کردنی پاشملە غیابی ڕۆژی ۲۰۱۹/۵/۲۲ بریاری دەرکرد بە سزادانت بەبەندکردنت بۆ ماوەی حەوت سال بەپێی مادەی ٤۰۸ لە یاسای سزایی، بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت ڕادەگەیەنین کە خۆت ڕادەستی ئەم دادگایە یان هەر بنکەیەکی پۆلیس بکە دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە بێ ئەوەی نارازی بی، بە پێچەوانەوە بریاری تۆمەتبارکردنت و سزادانت دەبێتە بریاری ئامادە حکم الوجاهی پاڵپشت بە مادەی (۱٤۳ و ۲٤۳/ أ) لەیاسای بنەماکانی دادگایکردن اصول محاکمات الجزائیە).
دادەر/ زرار محمود مرادخان
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ۱۹۵/ج/۲۰۱۸/۳
ڕێکەوت: ۲۰۱۹/۵/۲۷
بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: اراس فرحان حسن
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە داوای ژمارە ۱۹۵/ج/۲۰۱۸/۳ وە پاش دادگایی کردنی پاشملە غیابی ڕۆژی ۲۰۱۹/٤/۲۹ بریاری دەرکرد بە سزادانت بە (پێنج سال و یەك مانگ) بەپێی مادەی ۲۹۸ لە یاسای سزایی، بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت ڕادەگەیەنین کە خۆت ڕادەستی ئەم دادگایە یان هەر بنکەیەکی پۆلیس بکە دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە بێ ئەوەی نارازی بی، بە پێچەوانەوە بریاری تۆمەتبارکردنت و سزادانت دەبێتە بریاری ئامادە حکم الوجاهی پاڵپشت بە مادەی (۱٤۳ و ۲٤۳/ أ) لەیاسای بنەماکانی دادگایکردن اصول محاکمات الجزائیە).
دادەر/ زرار محمود مرادخان
* * *

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Document Control, Planning & Reporting Coordinator
Work Location	Erbil Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Document Control - General duties:
The Document Controller / Planner is responsible for controlling the numbering, filing, sorting and retrieval of electronically stored or hard copy documentation produced by SCM team in a timely, accurate and efficient manner.
Key focus area of this role is the coordination of any all MNR Management Committee Submissions documents flow, revision control and approvals tracking. Act as Focal point for internal and external approvals of these documents. Keeping approval registers current. Propose agenda for MNR MC meetings.
Planning & Reporting – General Duties:

Act as Focal Point for all SCM Planning & Reporting documentation, ensuring these are kept current and up to date, including but not limited to Procurement Plans, Tender and RFQ trackers, Risk Register and SCM dashboards
Compliance and Due Diligence – General Duties

Act as focal point for Due Diligence and Compliance requirements and reporting.

Required Qualifications & Experience:
- Minimum 7+ years relevant document control, planning and reporting, preferably with IOC, mining or utilities company.
- Bachelor's Degree in Business Management, Administration or related field
- Demonstrable skills & experience in document control
- High proficiency in SharePoint, ProArc and/or other document management software;
- High level of competency with Microsoft suite, especially Excel and Adobe;
- Good working knowledge of ERP systems (SAP, JDE, Maximo or Epicor or equivalent) and with inhouse training able to draw data into tailored reports.
- Working knowledge of Primavera is a deemed plus.
- Awareness of Best Practices in corporate and project supply chain procedures;
- Preference for DCC certification (or equivalent).

Notes for interested Candidates
- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	CWT Engineer
Work Location	Tawke-Zakho (Field)
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Key Responsibilities:
Ensure that all reporting routines are followed and that all equipment related paperwork are carried out within his area of responsibility.
- Maintain standards of safety and comply with Company's Health, Safety & Environment Management System requirements.
- Take reasonable care of own health and safety and that of others in the workplace.
- Follow and maintain Company standards of Quality in accordance with Company Quality System requirements.
- Ensure that all orders and instructions received verbally or in writing are fully understood and adhered to;
- Be safety conscious in all his/her work and use compulsory protective equipment;
- Responsible for safe working conditions on the Rigless/rig site at all times;
- Ensure that his subordinates use compulsory protective equipment;
- Be familiar with all relevant work and safety procedures issued by Company and Operator;
- Has a responsibility for the planning, coordination, supervision, execution, and evaluation of Completion and Well test operations.
- Apply and ensure the correct application of prescribed safety standards and regulations, and take part in emergency drills and safety meetings; Ensure safe working practice of the crew. Schedule and conduct Quality / Safety meetings.

Other Required Qualifications & Experience:
- Good ability to work in a multi-cultural environment.
- Professional Petroleum Engineer
- Speaks/ understands Kurdish & English
- Ability to work calmly even in emergency situation and prioritise work requirements. tasks as directed by the Managers.
- 2 Years of experience


Notes for interested Candidates
- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

www.xebat.net
دوو شەممە 2019/6/17 ژمارە (5769)
خەبات



چین شەڕە ساردەکە دەدۆڕێنێ



مینکسین بی

کاتێک ساڵی 1991 سۆڤیەت داڕما ، حزبی شیوعی چینی هیچ نەما نەیکات بۆ زانینی هۆکارەکانی رووخانی ئەم وڵاتە زلهێزە و لەو پێناوەدا ئەم ئەرکە بە چەندین شارەزا سپێردرا کە دواتر بەرپرسیاریەتێکی زۆریان خستە ملی میخائیل گۆرباچۆڤ و رایانگەیاند کە ناوبراو وەک پێویست تۆندی نەنواندووە بۆ ئەوەی خاکی سۆڤیەت بە یەک پارچەیی بهێڵێتەوە . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردە چینیەکان ئاماژەیان بە کۆمەڵێک هۆکاری دیکەش داوە کە پێدەچێ سەرکردەکانی ئەمڕۆی چین بێ ئاگابن لێیان .

گومان نیە لەوەی کە ئەم حزبە وانەی سەرەکی یەکەمی زۆر باش لەبەر کردووە کە بریتیە لە ئابووری بەهێز پێویستە بۆ شەرعیەتی سیاسی . ئەوەبوو لەم چەند دەیەی دواییدا کاری لەسەر بەرزکردنەوەی داهاتی نیشتمانی کرد ، بە جۆرێک ریژەی داهاتی تاکێک لە ساڵی 1991 تەنیا 333 دۆلار بوو کەچی ساڵی رابردوو ریژەی ئەم داهاتە گەیشتە 7329 دۆلار ، هەر ئەمەش وایکرد حزبی شیوعی دەسەڵاتی خۆی بپارێزێ .بەڵام تاکە هەڵەی سەرکردەکانی سۆڤیەت ئەوەبوو کە بەدیار ئابووریەکی لاواز وەستان و لە بری ئەوە خۆیان خزانندە نێو ململانێیەکی تۆندی خۆپرچەککردن لە بەرامبەر ئەمەریکا . ، هاوکات ئەوان بوونە قوربانی دەستی ئیمپریالیزم و هەموو داهات و سەرمایەکانیان لە چەند سیستمێک خەرج کرد کە تەنانەت خاوەنی ستراتیژیەکی روون نەبوون و شارەزایی ئەوتۆشیان دەربارەی ڕێکارە ئابوورییەکان نەبوو .بەو پێیەش کە چین خۆی خزاندۆتە نێو شەڕێکی سارد لەگەڵ ئەمەریکا ، پێدەچێ کە حزبی شیوعی چینی هەمان ئەو هەڵە گەورانە دووبارە بکاتەوە .

ئەگەرچیش وا دەرناکەوێ کە چین بەراستی خزابێتە نێو پێشبڕکێیەکی خۆپرچەککردن لەگەڵ ئەمەریکا ، بەڵام لە کۆتاییدا ئەم وڵاتە تەنیا ئەمساڵ نزیکەی 175 ملیار دۆلاری وەک بودجە بۆ وەزارەتی بەرگریی تەرخان کردووە ، واتە چارەگێکی ئەو بودجەیەی کە کۆنگرێسی ئەمەریکا بۆ وڵاتەکەی تەرخانی کرد و نزیکەی 700 ملیار دۆلار بوو . بە گوێرەی زانیاریەکانیش چین زۆر لەو پارەیە زیاتر بۆ خۆپرچەککردن خەرج دەکات کە بە فەرمی ڕاگەیەنراوە ، بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی پەیمانگای ستۆکهۆڵمی نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوەکانی ئاشتی ، تەنیا ساڵی رابردوو چین نزیکەی 228 ملیار دۆلاری بۆ کەلوپەلی سەربازی خەرج کردووە ، ئەمەش مانای وایە کە ڕێژەکە % 150 زیاترە لە ڕێژە فەرمیە ڕاگەیەنراوەکە. بە هەر حاڵ ، مەسەلەکە لەو پارەیەدا نیە کە چین لە بواری چەک خەرجی کردووە ، بەڵکو زیادبوونی بەردەوامی خەرجیە سەربازیەکانە کە پێدەچێ چین و دانیشتوان و بەرزبوونەوەی خۆی بۆ شەڕێکی دوورودرێژ لەگەڵ ئەمەریکا ئامادە بکات .بەڵام پێدەچێ چین خاوەنی پێداویستی تەواو نەبێ بۆ سەرکەوتن بەسەر لایەنی بەرامبەر .لە کاتێکدا ئەگەر چین خاوەنی ئموونەیەکی گەشەکردنی بەردەوام بوایە کە ببێتە پاڵپشت بۆ گەشەکردنی ئابووری ، ئەو کاتە لە تواناید ا هەبوو بەرگەی ملمانێیەک بگرێ لەگەڵ ئەمەریکا ، بەڵام خاوەنی ئەمە نیە .

بە شێوەیەکی گشتی ، چاوەڕێ دەکرێ ئابووری چین بەردەوام بێ لەسەر پاشەکشەکردن ، ئەمەش پەیوەستە بە بەتەمەنداچوونی قەردەکان و هەنگاونانی خێرا بەرەو ئەو شەڕە بازرگانییەی لەلایەن ئەمەریکاوە راگەیەنراوە . ئەمەش هەمووی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی داهاتە سنووردارەکانی حزبی شیوعی چینی . بۆ نموونە ، بەو پێیەی ریژەی کۆمەککردنی بەسالاچوان لە بەرزبوونەوە دایە ، لەگەڵ ئەویشدا ئاستی خەرجیەکانی چاودێری تەندروستی و خانەنشینکردن روو لە بەرزبوونەوەی زیاتر دەکەن .

جگە لەوە ، ئەگەرچی بارودۆخی ئابووری چین لە ئابووری ئەوکاتەی سۆڤیەت کاریگەرتر دێتە بەرچاو ، بەڵام هێشتا زۆر دوور تر لەوەی بکاتە ئاستی ئابووری ئەمەریکا ، ئەمەش بۆ دەساڵانی جێگیری ئەو کۆمپانیایانە دەگەڕێتەوە کە سەر بە حکوومەتی چین و نیوەی بەهای قەردە بانکیەکانی وڵات دەبەن و تەنیا بە ڕێژەی 20% لە بواری دەستی کاردا بەشدارن.

کێشەی حزبی شیوعی چین لەوەدایە کە کۆمپانیاکانی سەر بە حکوومەت رۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە پاراستنی سەرکردایەتی تاکە حزب و لەوێشەوە پاداشتی لایەنگر و شوێنکەوتوان دەکرێ ، بۆیە وێرانکردنی ئەم کۆمپانیا زل و ناکاریگەرانە وەک خۆکوژیەکی سیاسی دەبێ . ئەم کۆمپانیایانە هەرچەند بەردەوام بن لە هەڵمژینی داهاتە کەمەکانی ئابووری ، ئەوەندەش توانای بەرگەگرتنی خەرجیەکانی ململانێی خۆپرچەککردنی چین روو لە کزی دەکات و باری حزبی شیوعیش گرانتر دەبێ .

وانەیەکی دیکە هەیە کە پێدەچێ سەرکردەکانی چین وەک پێویست ئاگایان لێ نەبێ ئەویش بابەتی خۆدوورخستنەوەیە لە تەماعکاری ئیمپریالی . دە ساڵ لەمەوبەر ، دوای ئەوەی هەڵاوسانە بازرگانیە گەورەکان بوونە هۆی خولقانی هەڵاوسانی دراوی بیانی ، هەر ئەو کاتە حکوومەتی چین کۆمەڵێک ڕێککەوتنی گەورەی لەگەڵ چەند وڵاتێک مۆر کرد ، هەروەها یارمەتی دارایی پێشکەشی چەند هاوپەیمانێک کرد کە پابەند نابن بە گێڕانەوەی قەردەکانیان . یەکێک لەوانە پرۆژەی ڕێگای ئاوریشمە کە زیادەڕۆیی زۆری لەبارەوە کراوە و تێچوونەکەشی تریلیۆنێک دۆلار دەبێ . ئەگەرچیش لە ئێستاوە پرۆژەکە ڕووبەڕووی چەند کێشەیەک بۆتەوە ، بەڵام پێدەچێ چین سوور بێ لەسەر جێبەجێکردنی .

نموونەیەکی خراپتر هەیە دەربارەی تەماعکاریەکانی چین ، ئەویش پێشکەشکردنی پشتگیریی زۆرە بۆ وڵاتانێکی وەک کەمبۆدیا و ڤەنزویلا و ڕووسیا کە لە بەرامبەردا هیچی وا بە چین نابەخشن . بە گوێرەی زانیاریەکان ، لە نێوان ساڵانی 2000 تا 2014، هەریەکە لە کەمبۆدیا و کامیرۆن و ساحل ئەلعاج و کوبا و ئەسیوپیا و زیمبابوێ 424 ملیار دۆلاریان لە چین وەرگرتووە، هەر لەو ماوەیەدا ئەنگۆلا و لاوس و پاکستان و ڕووسیا و تورکمانستان و ڤەنزویلا 298 ملیار دۆلاری تریان لە چین وەرگرتووە .

ئەمڕۆش چین بڕیاری داوە 62 ملیار دۆلاری دیکە وەک قەرز بە پرۆژەی ڕێڕەوی ئابووری چینی – پاکستانی ببەخشێ ، بەمەش دوور نیە سندوقەکانی حکوومەتی چین بەتاڵ بن .بە شێوەیەکی گشتی ، هاوشێوەی سۆڤیەت، ئەمڕۆ چین لە پێناوی دەستەبەرکردنی هاوپەیمان و دۆستی نوێ پارەیەکی زۆر دەبەخشێ ، لەولاشەوە خۆی خزاندۆتە نێو ململانێیەکی تۆندی خۆپرچەککردن . کەواتە: شەڕێکی سارد لەنێوان چین و ئەمەریکا تازە ڕاگەیەنراوە و چینیش لە دۆڕان و شکست نزیک دەبێتەوە .

ئەنتیجوا و باربودا



ناوی فەرمی : ئەنتیجوا شوباربودا.
کیشوەر: ئەمریکای باکوور و ناوەڕاست .
جۆری دەسەڵات : حکوومەتی پەرلەمانی .
پایتەخت : سانت جۆنز .
ڕووبەر: 440 کیلۆمەتر دووجا .
ژمارەی دانیشتوان : 64.006 کەس .
ئاین : کرستیان .
دراو: دۆلاری کاریبی
ڕۆژهەلاتی .
زمان : ئینگلیزی .
ڕێکەوتی ئەندامێتی لە تەنەوە یەکگرتوەکان : 1981/11/7.

پێناسەی وڵاتان

مانشێت



سکای نیوز:
لە باکوری ڕۆژهەلاتی نیوزلەندا بومەلەرزەیەکی تۆند بە گوڕی 7.4 پلە ڕوویدا و دەسەلاتداران هۆشداریان دایە خەڵک لە ئەگەری ڕوودانی تسۆنامی.



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
لە ناوەڕاستی بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا بۆمبێکی 100 کیلۆگرامی سەردەمی جەنگی دووەمی جیهان هەڵوەشێنرایەوە .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
ڕێکخراوی مجاهدینی خەلقی ئێرانی لە بڕۆکسل خۆپیشاندانێکی لە دژی دەسەلاتدارانی ئێران ڕێکخست.



ئەی ئێف پی:
سەرۆکی ئەمەریکا هێرشێکی تۆندی کردە سەر سادق خانی سەرۆکی شارەوانی لەندەن .

فرانس 24:
لە ناوەڕاستی مەقادیشۆی پایتەختی سۆماڵ ، ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو تەقیەوە و 9 کەسی سڤیل بوونە قوربانی .




کەنالی ئار تی :
بە مەبەستی پاراستنی کەشتیەکانی، بەریتانیا 100 سەربازی ڕەوانەی کەنداو کرد .

پێکهاتەیەکی کاربۆنیی لەبۆشایی ئاسماندا دۆزرایەوە

لە زووەوە زانراوە ماوەی نێوان ئەستێرەکانی ئاسمان، کە بە بۆشایی ئاسمان ناسراوە، بەتاڵ نییە، بەڵکو بڕێکی یەگجار زۆری پێکهاتەی تەنۆچکەیی نادیاری تیادایە کە بەهۆی گوشاری بواری ناسراو بە (بای نێوان ئەستێرەکان) دەوە دەگوازرێنەوە، بەڵام لەبەر نزمیی چڕییەکەی وا هەست دەکەین کەوا ئەو نێوەندانە بەتاڵن.

تازەترین لێکۆڵینەوە دەریخست کەوا تەنۆچکەکانی پێکهاتەی ناسراو بە (سیلیکۆنی هایدرۆکاربۆن) ی وەک (SiC3H) و (SiC4H) و (SIC5H) پێکهاتەیەکی هەرە سەرەکی تانەی نێو ئەستێرەکانن، ئەم دەرەنجامەش لەمیانەی بەراورد پێکردنێکی نێوان هێڵە تاریکەکانی نێو (شەبەنگ) ی وەرگیراوی ئەو پێکهاتانە لەگەڵ شەبەنگی بارستە گازییەکانی نێو ئەستێرەکان کە ئەوانەی دوایی خاوەن چڕییەکی یەگجار زۆرترن.



هەروەها لێکۆڵینەوەکە دەریخست لە کاتی سەرهەڵدانی دیاردەی ناسراو بە (Supernova) ی تەقینەوەی مەزنی ئەستێرەکاندا، ئەم تەنۆچکانە، کە لە بنەڕەتدا لە ناوجەرگەی ئەستێرە قوڕسەکانەوە کانەوە دروست دەبن و لە بۆشایی ئاسماندا سەربەست دەبن و پەرش و بڵاو دەبنەوە.

تا ئێستا نازانرێ بەسەرهاتی ئەو ئەستێرەیە چییە؟



فەلەکناسانیش دەپرسن، ئایا ئەو پەڵە گازییەی کە شێوەی زۆر نزیکە لەو (کرم) ی کە هێندەی نەماوە ببێتە (پەپوولە) چییە؟!

ئەم تەنە سەیرو نامۆیەی بۆشایی ئاسمان ناونراوە IRAS 20324+4057 و لەنێویدا پێدەچێت ئەستێرەیەکی نوێ لە دایک ببێت، بەڵام لە دەرەوەیدا، چالاکییەکی یەگجار بەهێز هەیە و پاڵ بە بارستە گازی و تۆزو خۆڵییەکان دەنێت و دووریان دەخاتەوە، ئەو بارستانەی کە ئەستێرەکان زۆربان پێوبستە بۆ دروستبوونیان، بۆیە فەلەکناسان نازانن ئاخۆ دواڕۆژی ئەو کۆرپە ئەستێرەیە بەکوێ دەگات، لە کاتێکدا لەدەستچوونی بەردەوامی ئەو بارستانە رەنگە ببێتە هۆی پەکخستنی پڕۆسێسەکانی کاملبوونی ئەو ئەستێرەیە.

هەندێ لە فەلەکناسان بڕوایان وایە کەوا دوای ماوەیەکی دیکە، بەرگی درەوەی ئەم تانەیە زۆر فراوان دەبێت و ببێتە تانەیەکی هەسارەیی، واتە، بڕیاردانی کۆتایی لەسەر مەرگی ئەو ئەستێرەیە پێش ئەوی لە دایک ببێت.

تانەی ئەستێرەی سەرەتایی Proto-- star ی IRAS 20324+4057 ڕووبەری 1 ساڵی ڕووناکی لە بۆشایی ئاسماندا گرتووەو ماوەی نێوانمان دەگاتە سنووری 4500 ساڵی ڕووناکی و بە ئاراستەی کۆستێرەی مامر - Cygnus.

ئەم دیمەنە لە ڕێگەی کامێرای تەلەسکۆپی ئاسمانی هابڵ و لە ساڵی 2006دا وەرگیراوە، کەچی زانایان پێیان وایە کە زیاتر لە 100,000 ساڵ پێویستە بۆ یەکلا کردنەوەی چارەنووسی ئەو ئەستێرە سەرەتاییە نامۆیە.

ئایا دەتوانرێ ڕێڕەوی خولگەی هەسارۆکەیەک بگۆڕدرێت؟



زۆرجار گوێبستی ئەوە دەبین کە ڕەنگە هەسارۆکەیەک بەهۆی نزیک کەوتنەوەی لە هەسارەکەمان ببێتە هۆی هەڕەشە و مەترسی لەناوچوونی ژیان بەتەواوی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاژانسەکانی بۆشاییگەری و زانایانی بواری فەلەکناسی و بۆشاییگەری بیرۆکەی ئەوەیان بۆ گەڵاڵە بووە کە ئاخۆ دەتوانرێت ڕێڕەوی خولگەی ئەم جۆرە تەنە بۆشاییانە بگۆڕدرێت کە لە زەوی نزیک دەبنەوە؟

لە نوێترین هەوڵداندا زانایان لە هەریەکە لە (ئاژانسی ناسا) و (زانکۆی جۆن هۆپکنز) ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە کە بتوانن ڕێڕەوی خولگەی هەسارۆکەی ناسراو بە Di-dymos65803 بگۆڕن ئەویش بە بەرکەوتنی بە کەشتیەکی بۆشایی بەهێزێکی زۆر تا بەم هۆکارە بەرکەوتنە هەوڵ بدرێت ڕێڕەوی خولگەی هەسارۆکەکە لاببرێت و دووربخرێتەوە لە هەسارەکەمان .

پێشبینی دەکرێ جووت هەسارۆکەی Did-ymose65803 لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 2022 بگاتە نزیکترین خاڵ لەگەڵ زەوی بە دووری 10.9 ملیۆن کیلۆمەترو تیرەی یەکێکیان 165مەترەو ئەویتریشیان 775 مەترە، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ کامێکیان هەڕەشەی بەرکەوتنیان نییە لەگەڵ زەوی، لەگەڵ ئەوەش وابڕیارە (ئاژانسی ناسا) لەساڵی 2021 کەشتی بۆشایی (DART) هەڵبداتە بۆشایی ئاسمان و بەرەو هەسارۆکەکە هەڵبدات کە کێشەکەی 555 کیلۆگرامەو لەساڵی 2022 بە خێرایی 24 هەزار کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا خۆی بە گۆشەی خوارەوەی هەسارۆکەکە بکێشێت و ئەم بەرکەوتنەش ببێتە هۆکارێک بۆ گۆڕینی ڕێڕەوەکەی، بەڵام ئاخۆ ئەم هەوڵە دەبێتە هۆکارێکی سەرکەوتنی گۆڕینی ڕێڕەوی هەسارۆکەکە؟ لە داهاتوودا وەڵامێکی کرداریان بەدەست دەکەوێت.

ئا: هەرێم عومەر کاکل
ڕێکخراوی فەلەکناسی کوردستان

ئەستێرەیەکی تەمەن 13ملیار ساڵی لە نزیک خۆردا دۆزرایەوە!

تیمێک لە فەلەکناسانی سەر بە (ڕوانگەی ئەوروپیی باشوور) لە ولاتی (چیلی) توانیان بەتەمەنترین ئەستێرە بدۆزنەوە و ناو نراوە SDSS J102915+172927یان Caffau's star و ئەوەی زۆر گرنگیشە، نزیکییەکەیتی لە خۆر کە دەگاتە 190 ساڵی ڕووناکی.

دوای شیکردنەوەی شەبەنگی ئەستێرەکەو پێوانەکردنی قەبارەکەی، دەرکەوت تەمەنی دەگاتە 13ملیار ساڵ، بۆ بەراوردیش، تەمەنی خۆر نێستا کەمترە لە 5ملیار ساڵ و زەوی و تەواوی هەسارەکانی نێو سیستەمی خۆریش تەمەنیان لە سنووری 4 ملیار و 500 ملیۆن ساڵ زیاتر نین.

بە پێی لێکۆڵینەوەکان تەمەنی ئەم ئەستێرەیە هاوتایە لەگەڵ تەمەنی خەملێنراوی گەردوون بە گشتی، واتە سەرەتای لە دایکبوونی ئەم ئەستێرەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساتە تازەکانی لە دایکبوون و پەرەسەندنی گەردوون، بۆیە بوونی توخمی کیمیایی لەنێو ئەم جۆرە ئەستێرانەدا زۆر کەمە و پێکهاتەی سەرەکیشیان زۆر سادەیەو زیاتر لە هایدرۆجین پێکهاتووە، کەواتە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم جۆرە ئەستێرانە زانیاری یەگجار زۆر گرنگمان پێدەدات لەسەر پێکهاتەی ئەو توخمانەی کە لەسەرەتای لە دایکبوونی گەردوونەوە باو بوونە، بەڵام ئەو ئەستێرانەی تەمەنیان بچووکترن، واتە تازە لە دایکبوونە، دەوڵەمەندن بە چەندین توخمی کیمیایی دیکەی قورس، وەک ئاسن، ئەم توخمانەش تەنها لە کاتی تەقینەوەی بەهێزی ئەستێرەکانەوە دروست دەبن، ئەگینا وەک هایدرۆجین بە سەربەستی و بە شێوەیەکی ئاسایی لە بۆشایی ئاسماندا دروست نەبوونە.

(ناسا) لە ڕێگەی بالۆنەوە لە (ڕێی کاکێشان) دەکۆڵێتەوە

لە پێناو وەرگرتنی داتای ورد بۆ ئاستەکانی گەیشتن و کارتێکردنی تیشکە گەردوونییەکان لە چینە بەرزەکانی بەرگەهەوای زەوی، ئاژانسی (ناسا) ڕەزامەندی وڵاتی (نیوزیلاند) ی وەرگرتووە بۆ هەڵدانی بالۆنێکی زۆرگەورە، کە پێوانەکەی دەگاتە پێنانەی ستادیۆمێکی تۆپی پێ و بۆ ماوەی 3مانگ لە ئاستە هەرە بەرزەکانی هەوای زەویدا جێگیر دەکرێت.

کاری سەرەکی ئەو بالۆنەو ئامێرەکانی نێوی بریتی دەبێت لە ڕوانگەکردنی تەنۆچکە گەردوونییە خاوەن وزە بەرزەکانی هاتوو لە دەرەوەی سنووری گەلەستێرەی خۆمان (ڕێی کاکێشان) کاتێک بەرگە هەوای زەوی دەبڕن، وە بۆ دەستکەوتنی زانیاری فراوانتر، پسپۆڕان پێشبینی دەکەن کەوا لەماوەی خزمەتەکەیدا بتوانێ 2 تا 3 جار بەدەوری زەویدا بخولێتەوە.

"نهێنییەکی یەگجار زۆر دەوری ئەو تەنۆچکە وزەدارە گەردوونییانەی داوە، ئێمەش زۆر خولیای ئەوەین کەوا بزانین ئەم تەنۆچکانە چین و کاریگەرییەکانیان چییە لەسەر زەوی و ژیاندا، دەمانەوێ بزانین ئاخۆ ئەم تەنۆچکانە لە (کونە ڕەشەکان) ی نێو چەقی گەلەستێرە هەرە دوورو مەزنەکانەوە دەردەچن؟ یاخود لەو ئەستێرە نائارامانەی کە یەگجار زۆر خێرا بە دەوری خۆیاندا دەخولێنەوە؟ یاخود(لە شوێنێکی دیکە کە ئێمە تا ئێستا پێی نازانین؟"، لە زاری خاتوو (ئەنجیلا ئۆلینتۆ)، مامۆستای (زانکۆی شیکاگۆ) و لیکۆڵەری سەرەکیی ئەو پڕۆژەیەی لێکۆڵینەوە، کە هەروەها گوتی:"ئەو ڕوانگەکردنانەی لە ڕێگەی ئەو بالۆنەوە ئەندجام دەدرێن، تەنها سەرەتای هەوڵ و کۆششێکی دوورودرێژە، کە لە داهاتوودا گەشتی دیکەو کەشتی و نێردراوەی پسپۆڕانیشی بەدوادادێت بۆ بۆشایی ئاسمان بۆ لێکۆڵینەوە لەو تەنۆچکە پڕ لە نهێنیانەی گەردوون، وە بۆ ئەم مەبەستە، ئاژانسی (ناسا) لە ئێستاوە پلانی خۆی بۆ ئەنجامدانیانی دادەڕێژێت".

جێگای ئاماژەیە کەوا بالۆنەکە لە ناوچەی (واناکا) لە هەرێمی (ساوس ئایلاند) ی (نیوزیلاند) ی هەڵدرایە ئاسمان و لە بەرزایی 34 کیلۆمەتردا جێگیر بووەو دەستیکردووە بە ناردنی داتایەکانی.



خشتە و کاتی یارییەکانی کۆپا ئەمریکای 2019

ئا: زاگرۆس نانەکەلی

رێکەوتی 15/6/2019 لە بەرازیل رێوڕەسمی چل وشەشەمین پاڵەوانیەتی کوپا ئەمریکا بەبەشداری (12) هەڵبژاردە بەرێوەچوو، بۆ ئەم پاڵەوانیەتییە (10) هەڵبژاردەی ئەمریکا باشوور بەشداری لەگەڵ هەردوو هەڵبژاردەی (ژاپۆن) و (قەتەر) میوانن.

کۆمەڵەکانی کوپا ئەمریکا بەم شێوەیە:

کۆمەڵەی یەکەم پێنک دێت لە (بەرازیل، پۆلیڤیا، ڤینزویلا، پیرۆ)

کۆمەڵەی دووەم پێنک دێت لە (ئەرژەنتین، کۆلۆمبیا، پاڕگوای، قەتەر)

کۆمەڵەی سێیەم پێنک دێت لە (ئۆڕگوای، ئیکوادۆر،ژاپۆن، چیلی)

یارییەکانی قۆناغی یەکەم و گروپەکان بەم شێوە بەرێوەدەچێت.

17/6/2019دووشەممە یەک یاری بەرێوەدەچێت

ئۆڕگوای *ئیکوادۆر کاتژمێر 1:00

18/6/2019 سێ شەممە یە یاری بەرێوەدەچێت.

ژاپۆن *چیلی کاتژمێر 2:00

19/6/2019 چوارشەممە دوو یاری بەرێوەدەچێت.

پۆلیڤیا *پیرۆ کاتژمێر 00:30

بەڕا زیل *ڤینزویلا کاتژمێر 3:30

20/6/2019 پێنج شەممە دووی بەرێوەدەچێت.

کۆلۆمبیا *قەتەر کاتژمێر 00:30

ئەرژەنتین *پاڕگوای کاتژمێر 3:30

21/6/2019 هەینی یەک یاری بەرێوەدەچێت:

ئۆڕگوای *ژاپۆن کاتژمێر 2:00

22/6/2019 شەممە سێ یاری بەرێوەدەچێت:

ئیکوادۆر *چیلی کاتژمێر 2:00

پۆلیڤیا *ڤینزویلا 22:00

پیرۆ *بەرازیل کاتژمێر 22:00

23/6/2019 یەک شەممە دوو یاری بەرێوەدەچێت:

قەتەر * ئەرژەنتین کاتژمێر 22:00

کۆلۆمبیا * پاڕگوای کاتژمێر 22:00

24/6/2019 دووشەممە دوو یاری بەرێوەدەچێت:

چیلی * ئۆڕگوای کاتژمێر 2:00

ئیکوادۆر *ژاپۆن کاتژمێر 2:00

یارییەانی قۆناغی دووەم (قۆناغی هەشت)

28/6/2019 هەینی دوو یاری بەرێوەدەچێت.

1- یەکەمی کۆمەڵەی یەکەم *سێیەمی کۆمەڵەی دووەم *یان سێیەمی سێیەم. کاتژمێر 3:30

2- دووەمی کۆمەڵەی یەکەم *دووەمی کۆمەڵەی دووەم. کاتژمێر 10:00

29/6/2019 شەممە دوو یاری بەرێوەدەچێت:

3-یەکەمی کۆمەڵەی دووەم *دووەمی کۆمەڵەی سێیەم کاتژمێر 2:00

4- یەکەمی کۆمەڵەی سێیەم *سێیەمی کۆمەڵەی سێیەم *یان سێیەمی کۆمەڵەی دووەم

یارییەکانی قۆناغی پێش کۆتایی:

3/7/2019 سێ شەممە

براوەی ژمارە (1) * براوەی ژمارە (2).کاتژمێر 3:30:

4/7/2019 چوارشەممە

براوەی ژمارە (3) * براوەی ژمارە (4)، کاتژمێر 3:30

قۆناغی دەست نیشانکرنی پلەی سێیەم وچوارەم

6/7/2019 هەینی

دۆڕوای ژمارە (2)و (1) لەگەڵ دۆڕوای ژمارە (4) و(3). کاتژمێر 10:00.

یاری کۆتایی:

7/7/2019شەممە

براوەی ژمارە (2) و(1) لەگەڵ براوەی ژمارە (4) و (3) کاتژمێر 11:00



پاڵەوانێتی شەترەنجی کراوەی هەولێر سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو



پێتری بە ئامادەبوونی کامەران محەمەد سەرۆکی نوێنەرایەتی یەکێتییە وەرزشییەکان لە لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان و پشتیوان ئەحمەد سەرۆکی فەخری یانەی شەترەنجی خانزاد و ئازاد سابیر سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی کوردستان و بەشداری 48 شەترەنجزان لە هۆڵی یانەی شەترەنجی خانزاد لە هەولێر رێورەسمی دوا راوندی پاڵەوانێتی شەترەنجی کراوەی هەولێر سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو.

ئەم پاڵەوانێتییە لەژێر چاودێری نوێنەرایەتی یەکێتییە وەرزشییەکانی ئۆڵۆمپی کوردستان و بەسەرپەرشتی یەکێتی شەترەنجی هەولێر کرایەوە کە بەسیستەمی فییشەر راونەدەکانی بەڕێوەچوو، لەکۆتاییشدا دیاری و خەڵات بەسەر براوەکان لە هەردوو ئاستی کچان و کوڕان دابەشکران.

ئەمەی خوارەوە ئەنجامی کۆتایی بوو:

پێشکەوتووانی کوڕان:

نەبیل عەزیز پلەی یەکەم

نەمیر ئیسماعیل پلەی دووەم

پۆلا ئازاد پلەی سێیەم

* کچان:

لارا سەمیر پلەی یەکەم

مینا وەجدی پلەی دووەم

رۆژ سەمیر پلەی سێیەم

دواجار خەونەکەی هاتەدی

لینیتا خۆی گەیاندە باوەشی باشترین یاریزانی جیهان



لینیتای تەمەن 6ساڵ توانی بەخەونەکەی لە مۆندیالی ئافرەتانی 2019بگات، کە گەیشتنی بوو بە لیکی مارتینیزی خانمە یاریزانی یانەی بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی هۆڵەندا.

چیرۆکی ئەو منداڵە ماوەیەک بوو لێرەو لەوێ باسی لێدەکرا و زۆر هەوڵی داوە کە بە لیکی مارتینیز بگات و تەنها باوەشێکی لێبدات، چونکە زۆر بە ئاستی ئەو سەرسام ببوو بەتایبەتیش لەوکاتەی کە ئەو خانمە هۆڵەندیە لە ساڵی 2017ئازناوی باشترین یاریزانی ئافرەتانی لە ئاستی ئەورووپا و جیهان لە ساڵی بەدەستهێنا و لینیتاش هەموو وینەکانی لای خۆی لە ئەلبومێک پاراستووە.



لە یارییەکەی هۆڵەندا و نیوزلەندا لینیتا ئامادە دەبێت و لافیتەیەکی بەدەستەوەیە و لەسەری نوسراوە (لیکی دەمەوێ باوەشت لێ بدەم)، لەکاتی یارییەکەشدا لیکی ئەو لافیتەیە دەبینیت و بە ئاماژە پیی دەڵێت دوای تەواوبوونی یارییەکە دێمەلات، ئەوەبوو لەگەل کۆتایی فیکەی ناوبژیوان لیکی چووە لا لینیتا و باوەشێکی گەورەی لێداو دواتر لەباوەشی خۆیدا بەناو یاریگادا سوڕایەوە.

لینا سالار راهێنەری زوومبا و ئایۆبیک:

بەداخەوە لای هەندێک خەڵک تێڕوانینی هەڵەی بۆ ئەم وەرزشە دەکەن



یارییەکانی زوومبا و ئایۆبیک بۆتە یەکێک لەو یارییانەی کە خانمان بە رێژەیەکی بەرچاو روو لەم یارییە دەکەن بۆ ئەوەی هەم حەز و خولیاکانیان بەجێ بهێنن، هەمیش ببنە خاوەن لەشێکی ڕێک، لە شارەکانی کوردستانیش ئەم یارییە رۆژ لە دوای رۆژ لە پەرەسەندن دایە و ئافرەتانیش بە شێوەیەکی زیاتر لە جاران روو لە وەرزشەکە دەکەن، شاری سلێمانیش یەکێکە لەم شارانەی کە خانمان زیاتر روو لە وەرزشی زوومبا و ئایۆبیک دەکەن، یەکێک لەو کچە یاریزانانەش کە هەم راهێنەر و هەمیش یاریزانە ئەویش لینا سالار لە بارەی هاتنی بۆ ئەم یارییە بۆ رۆژنامەی خەبات گوتی: سەرەتای دەستپێکردنم بە وەرزشی لەشجوانی دەگەڕێتەوە بۆ براکەم کە هەمیشە خەریکی ئەم وەرزش بوو، دواتر بەردەوام منیش مەشقم دەکرد تا ئەو کاتەی گەیشتمە ئاستێک بووم بە راهێنەری ئەم وەرزشە، بە خۆشحاڵیەوە لە ئێستادا ئەم یارییە لەلای کچان و خانمان بە گشتی پێشوازییەکی زۆری لێ دەکرێت لە هەموو شارەکانی کوردستان، خۆشبەختانە لە کوردستان ئەم یارییە لە ئاستێکی بەرزدایە و بەردەوام لە بەرەوپێشچوونداید.

لەبارەی بەرنامەکانیشی لینا گوتی "وەکو راهێنەرێک بەرنامەم ئەوەیە بەردەوام بم لەم وەرزشە و گرنگی زیاتر بدەم بە خۆراک و جەستەم، وە خزمەتکردنم بەم وەرزشە ،گرفتی زۆری ئەم یارییە لەوەدایە ، بەداخەوە لای هەندێک خەڵک تێڕوانینی هەڵەی بۆ دەکەن،وەگرفتێکی بەرچاو لێردا ئەوەیە یاری لەشجوانی و قورسایی تێکەڵ بە یەک دەکەن.

کاروان کاوە

ڕیبێری: من لە ڕۆنالدۆ شایستەتر بووم بۆ نازناوی تۆپی زێڕین

لە ساڵی 2013یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی بۆ جاری پێنجەم لە میتژوویدا توانی نازناوی پاڵەوانێتی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەدەست بهێنێت، دوای ئەوەی لە یاری کۆتاییدا 1-2گۆڵ لە یانەی دۆرتمۆندی بردەوە.

ئەگەرچی ئەوە بۆ هەواداراني یانەی باڤاری یادگارییەکی جوان ماوەتەوە، بەڵام بۆ خودی فرانک ریبێری فەڕەنسی یادگارییەکی تاڵە و هەرگیز لە بیری ناکات، کە ئەویش پەیوەستە بە خەڵاتی تۆپی زێڕین، چونکە دۆرانی نازناوی تۆپی زێڕین بۆ ڕۆنالدۆ تا ئێستاش لەناخی ریبێری بەئازار یادی دەکاتەوە.

ریبێری لە لیدوانێکیدا بۆ گۆڤاری لیکیپی فەرەنسی گوتی: ئەمە گەورەترین زوڵم بوو لەمن کرا کە تا لە ژیان ماوم لەبیری ناکەم، ئێمە ئەوسالّە لەهەمووان باشتر بووین، من هیچ حقدێکم بەرامبەر مێسی و ڕۆنالدۆ نییە ، بەڵام بەروونی قسە دەکەم، سالّی 2013من شایستەی ئەو نازناوە بووم بەڵام بەداخەوە زوڵمیان لێکردم.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Mon, 17. Jun. 2019 No: (5769)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

دەڤەری بارزان... هاووڵاتییەک لەماڵەکەی خۆی کارگەیەک دروست دەکات



دیمانە: موسلیم دزڵەمەڕی

زۆرن ئەو کەسانەی کە لە ڕێگای بیرۆکەی جیا جیا هەم خزمەت بە خۆیان و ئەندامانی خێزانەکەیان دەکەن، هەم خزمەت بە هاووڵاتیانیش، کرمانج چالی کە بەهۆی دانانی کارگەیەکی بچووکی سماق هاڕین چارەسەرێکی سەرەتایی بێکاری خۆی ومنالەکانی کردووە ,کە لە هەوڵی فراوانکردن و بەرهەمی زیاتردایە بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەیەکی باشی ئابوری و خزمەتکردنی باشتر بە هاووڵاتیان ,سەبارەت بەم بیرۆکەیەش بەم شێوەیە بۆ (خەبات) هاتە ئاخاوتن:

بارزانم و سەرچاوەی دروستبوونی ئەم بیرۆکەیەم لەوەوە بۆهات کە شەش کەس لە ئەندامانی خێزانم بێکاربوون چاوەڕوانی دامەزراندن و کاریش لە حکومەت لەم کات و ساتەدا ئەستەم بوو، وە بڕێوی ژیانیش ئەستەمە، ئەمە لە لایەک و لەلایەکی تر بوونی سماقی ساختە لە بازاڕەکانی کوردستان وایلێکردم کە زیاتر هەوڵی بە جێهێنانی بیرۆکەکەم بدەم...

سەبارەت بە دروستکردنی ئامێرەکانی کارگەکەی گوتی :

کارگەکەم لە ئێستادا تەنها کاری سماق هاڕین دەکات کە چۆنیەتی دروستکردنی کەل و پەلەکانی زۆربەیان لە بیرۆکەی خۆمەو دەتوانم بڵێم سەدا هەشتای کەل و پەلەکانی خۆمالین و دروستکراوی خۆمانن ,بەڵام بەشێوەی فەرمی بڕیاری کارکردنم پێدراوە لەلایەن، لایەنی پەیوەندار.

سەبارەت بە بەرهەمەکەی و سەرچاوەی سماق بۆ کارگەکەی گوتی :

سەرچاوەی سماق بۆ کارگەکەم باشترین جۆری سماقە لە کوردستاندا ئەویش سماقی سنووری ئاکرێ و بارزانە ,و ئەوەی گرنگە لێرەدا باسی بکەم ئەوەیە کە سماقی کارگەکەم ساختە نییە، واتە گەرک و لیمۆندۆزی و ڕەنگ نییە کە ئێستا لە زۆربەی بازاڕەکانی کوردستان بە سماق دەیفرۆشن گەرک واتە جۆرێک پوشکی سماقە کە لە دەستپێکی کاری کارگەکەم لە سماقەکە جیای دەکەمەوەو فڕێی دەدەم کەچی لە بازاڕەکان بە سماق دەیفرۆشن ، بەڵام ئەوەی ئێمە سماقی سافیەو بێ دەرمان و لیمۆندۆزی و شتی تر بۆیە یەکێک لە ئامانجەکانم نەهێڵانی ئەم گەرکەیە لە بازاڕەکانی کوردستاندا.

لە کۆتاییدا گوتی : هیوادارم هاوڵاتیان هوشیاربن لە بازاڕەکان و خۆیان لە شتە ساختەکان بپارێزن بۆ ئەوەی منیش بە هاوکاری ئەوان بتوانم کارگەکەم فراوانتر بکەم و خزمەتی زیاتریان بکەم کە لە بیرۆکەمدایە کارگەی شەربەتی سماق و سرکەی سماقیش دروست بکەم ئەگەر هاوڵاتیان هاوکارم بن لە کڕینی بەرهەمە ڕاستە قینەکەی سماقم.

یەک هەناسە



ئیسماعیل بەرزنجی

هەمرو دووشەمەیەک دەبنووسێت

کاتێک گوێ بیستی هەواڵێکی زانستی بۆ خزمەتی مرۆڤ دەبم، فرە دڵخۆش و شاددەبم، بە پێچەوانەشەوە، هەواڵی وا هەیە نیگەرانم دەکات، بە گوێرەی هەواڵێک لە ساڵی 2050سیستەمی کەشوهەوای گۆی زەوی بە جۆرێکی ئەوتۆ خراپ دەبێت کە کۆتایی بەو ژیانە دێت.

ئەو هەواڵە ، لەلایەن دامەزراوەیەکی سەربەخۆ لە ئوسترالیا بڵاوکراوەتەوە و دەڵێت(ئەگەر مرۆڤایەتی بە خۆنەکەوێت و ڕادەیەک بۆ پیس بوونی ژینگە دا نەنێت و واز لەو تاقیکردنەوە ئەتۆمیانە نەهێنین، ئەوا بە دڵنیاییەوە چارەنووسێکی خراپ چاوەڕوانی بەشەریەت دەکات).

لە ئەنجامی ئەو کارانەدا، ڕێژەی باران بارین کەم دەبێتەوە و دارستانەکان وشک دەبن و دوو ملیار مرۆڤ بەدەست نەبوونی یان کەمی ئاو تووشی هەلاکەت دەبن، شەڕ و کێشە لەنێوان وڵاتاندا دروست دەبێت.

هەروەها، لە دەرەنجامی ئەوانەدا، جۆرەها نەخۆشی و بەکتریای بکۆژ بڵاودەبنەوە، لە هەموویان ترسناکتر مەلاریا و دارزانی کۆئەندامی هەناسەدان و سست بوونی خانەکانی لەش.

لەبەرامبەر ئەو ترسەدا، هەندێک زانا گەش بینن و دەڵێن تەکنەلۆژیای وامان لەبەردەستە کە بتوانین بەرەنگاری هەر هەڕەشەیەک ببینەوە، من تا ئەو ڕۆژە، واتە ساڵی 2050ئێسکیشم نامێنێت، بەڵام هیوادارم وانەبێت و دنیا هەر بەخێر بگەڕێت.

هەناسەیەکی پاکی نیشتمان ماڵئاوایی کرد



ڕێبوار هەورامی

بە داخەوە ئێوارەی دوێنێ ئاوازێکی شیرین و نیانی نیشتمان، ڕۆحێکی پەپوولەیی، لەگەڵ دەریایەکی پڕ لە شەپۆلی نۆتەی خۆشەویستیدا ماڵئاوایی لێکردین، هونەرمەندی دیار و ناوداری کورد مامۆستا (ئیسماعیل سابووری) لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا ئیسماعیل محەمەد ساڵح، ناسراو بە ئیسماعیل سابووری، ساڵی 1956 لە شاری کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، ساڵی 1979 کۆڵێژی هونەرە جوانەکانی لە تاران تەواو کردووە، تا ئەو کاتەی لە ئێران بووە 105 گۆرانی تۆمار کردووە و ئەلبوومێکی بەناوی سەفەرنامەی کوردستان بڵاوکردووەتەوە. ماوەی 16 ساڵ لە باشووری کوردستان دانیشتووەو تێیدا ئەلبوومی بیرەوەری بڵاوکردوەتەوە.

بڵند ئیبراهیم بەکارێکی ناوازە دەردەکەوێتەوە



توانا زرار

بڵند ئیبراهیم ، یەکێکە لەو هونەرمەندانەی لەگەڵ هەر ئەنجامدانی هەر کارێکی هونەری نوێدا لەکات و ساتێکی وادا دەردەکەوێت کارە هونەرییەکەی لەدڵی هەواداراني شوێنی خۆی بگرێت. ئەمجارەشیان بەکارە جوانەکانی گۆرانییەکی دیکەی ناوازەی خستە سەر خەرمانی هونەری کوردی.هونەرمەندی گۆرانیبێژ بڵند ئیبراهیم نوێترین ڤیدیۆکلیپی بەناوی "٤٠ ساڵ" بۆ جەژن بڵاوکردەوە.بڵند ئیبراهیم لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بەشێک لە ڤیدیۆکلیپەکەی ئامازەی بەوەکردووە کە ئەمە نوێترین کلیپییەتی و بۆ جەژن بڵاوی کردۆتەوە وەک جەژنانەیەک پێشکەش بەهەواداراني کردووە.تێکستی ئەم گۆرانییە لەلایەن ئەحمەد هەرسینی نوسراوە و ئاوازی بڵند ئیبراهیم خۆیەتی . لە تۆن ستۆدیۆ کارەکانی بۆ ئەنجامدراوە، هەروەها کاری دەرهێنانی لەلایەن محەمەد جانۆرە بۆ کراوە.بڵند ئیبراهیم یەکێکە لە هونەرمەندە بەناوبانگەکانی کوردستان، ساڵی ١٩٧٧ لە دهۆک لەدایکبووە، ساڵی ١٩٨٨ لە چالاکیی قوتابخانەکان بەکاری هونەربی بەشداربی کردووە، لە ساڵی ١٩٨٥ بۆ ١٩٨٨ ئامێری سازی خوێندووە، لە ساڵی ١٩٩٢ بۆ ساڵی ١٩٩٧ پەیانگای هونەرە جوانەکانی تەواوکردووە، یەکەم گۆرانی لەساڵی ١٩٩٤ بەناوی (بەژن و باڵا) بڵاوکردۆتەوە، یەکەم ئەلبوومی بەناوی (ئەڤینن) لە ساڵی ١٩٩٨ بڵاوکردۆتەوە. ساڵی ٢٠٠١ ئەلبومی هێلینا زێرین، ساڵی ٢٠٠٦ ئەلبوومی وەرە پەری، ساڵی ٢٠٠٨ ئەلبومی گریانێک، ساڵی ٢٠١٠ ئەلبوومی کا یارا من، ساڵی ٢٠١١ ئەلبومی دل ڤێندەبوو، ساڵی ٢٠١٢ ئەلبومی قەدەر، ساڵی ٢٠١٣ ئەلبومی سێ ساڵ. چەندین کۆنسێرتی لەناوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان سازکردووە، چەندین گۆرانیی و ڤیدیۆ کلیپی تۆمارکراوی هەیە، جگە لە بادینی چەند گۆرانییەکی بە سۆرانی وتووە و پێشوازییەکی گەرمی لێکراوە

